# موزيك و

# ئايدۆلۆژيا و

# نـــــەوت

**نووســينى : پ. ى. د. محمد عزيز زازا**
**ئامادەكردن و وەرگێڕانى : ئامانج غــــــازى**

**ناوی کتێب: موزیك و ئایدۆلۆژیاو ... نەوت**

**نووسـینی: د. محمد عزیز زازا**

**وەرگێڕانی: ئامـــانج غـــازی**

**تابلۆی بەرگ :**

**دیزاینی بەرگ و ناوەڕۆك :**

**تایپ : جەلیل بۆتانی**

**خشتەی نۆتەکان : بەڵێن عەبدولهادی + دەریا حاتەم**

**سەرپەرشتی چاپ :**

**چاپ : چاپی یەکەم ـ ٢٠١٠/هەولێر**

**تیراژ :**

**چاپخانەی : (        )**

**لە کتێبخانەی گشتی هەولێر ژمارەی سپاردنی (   ) ساڵی ٢٠١٠ دراوەتێ**

**ناونیشان : هەولێر   /**

# بەرایی

کـاری نووسـین و وەرگێـڕان لەمـەڕ بابەتـە زینـدووەکانی موزیـك و گۆرانی و مەقام پەیوەندی ئەم هەناسە پاکانە بە گەمەی گەورەی سیاسـەت و بوارەکـانی کۆمەڵایـەتی و ئـابووری نەتـەوە لـە نێـو لاپەڕەکانی مێژووی بە برینی میللەتەکەمان تا ئێستا بە قەدکراوی یـاخود راسـتتر بڵـێن نەهاتۆتـە بـەردەم ئاوێنـەی واقیـع بـینی شـیکردنەوەو لێتۆژینـەوە. لـە دوو تـوێی ئـەم کتێبـە (٣) بابـەتی هەمـەجۆر کـە تیـۆری موزیـك بـە پراکتیکـی ژەنـینی رۆژانـە لەگـەڵ ئاریشەی موزیك و چۆنیەتی مامەڵکردن گرێ دەداو دواتر تا چەند موزیـك دەتوانـێ کـۆت و بەنـد و زنجـیرەی ژەنگـاوی بـشکێنێ و (حەڵاڵ و حەرام) لە یـەکتر بسوێ!! دەخاتـە بەر رۆشنایی و بیرورا جیاکـان. وەرگێڕانـی ئـەم بابەتانـەم بـە پێویـست زانـی بـۆ ئـەوەی هەوڵـەکان چـڕتر بکرێنـەوە بـۆ (تێگەیـشتن)ی قـووڵ لـە مانـا شاراوەکانی هونەری موزیك.

بەو هیوایەی توانیبێتمان کەڵێنێکی تر بە تاڵی جێهنەهێڵین و بڕێك لە تینیویەتی ئێوەش بشکێنین.

ئامانج غازی
سەرەتای زستانی
٢٠٠٩

## پرۆفایلی (د. محمد زازا)

د. محمد عزیز شاکر زازا : ساڵی/١٩٤٤ لە شاری قامشلۆ لە دایك بووە. مامۆستای زانکۆیە (پرۆفیسۆری یاریدەدەر). دانەر و لێکۆڵەرو ڕەخنەگری موزیکییە، بڕوانامەی دبلۆمی (کۆنسر فتوار)ی نێو دەولەتی لە براغ ـ تشیکوسلۆڤاکیا ساڵی/١٩٧٦ بە دەست

هێناوە، پاشان بڕوانامەی (ماجستێر)و (دکتۆرای) لە زانستی موزیکی(Musicologie) لە زانکۆی تشارلز لە براغ ساڵی/١٩٨٣ بەدەست هێناوە. لە جەزائیر وەکو مامۆستای زانکۆ لە ساڵی خوێندنی ١٩٨٣ــ١٩٨٤ کاری کردووە. لە پایتەختی جەزائیر سەرپەرشتی دامەزراندنی (بەڕێوەبەرایەتی بەشی موزیك)ی لە پەیمانگای بالاّ بۆ مامۆستایان کردووە، و بەرپرسیاریەتی ئەنجومەنی زانستی و توێژینەوەی بالاّی (الماجستیر)ی کردووە، لە هەمانکاتدا تا ساڵی/١٩٩١ وانەی وتووتەوە..

١. لە ساڵی/١٩٩٦ وەك وانە بێژ بۆ بەشی موزیك لە کۆلیژی هونەر و ڕاگەیاندن لە تەرابلس ـ لیبیا گوازراوەتەوە.
٢. بنکەی هونەری موزیکی لە قامشلۆ ساڵی/١٩٩٧ دامەزراندووە، کە بۆ ماوەی (٧) ساڵ تیایدا وانە و لێکۆڵینەوەو دیکۆمێنتی موزیکی وتووتەوە .
٣. لەسەر داخوازی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەساڵی ٢٠٠٢ پرۆژەی دامەزراندنی کۆلێژی هونەرە جوانەکانی پێشکەش بە لایەنی بەرپرس کردووەو دواتر بەشی هونەری موزیکی لە کۆلیژی هونەرە جوانەکانی ـ زانکۆی سەلاحەددین ـ هەولێر ـ کوردستانی عیراق ساڵی/٢٠٠٣ دامەزراندووە، کە خۆی بووە

به سەرۆکی بەش و مامۆستا تیایدا لەهەمانکاتدا .

٤. بەشداری لە دامەزراندنی ئینستیوتی کەلەپوری کوردستان کردووە تیایدا سەرپەرشتی بەشی توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی زانستی دەکات .

٥. لە زۆربەی دیدار و کۆنگرە موزیکییە نێو نەتەوەییەکان بەشداری کردووە و چەندین بەهەرمی پسپۆری هەیە وەك:

- زانستی هارمۆنی ( دیاتۆنیك – کرۆماتیك ) دار الحصاد ـ دمشق/١٩٩٣.
- زانستی ( کۆنتراپۆینت ) دار الحصاد ـ دمشق/١٩٩٧.
- گیتار (تقنیات عزف السلالم والائتلافات) ) دار الحصاد ـ دمشق/١٩٩٥.
- چاپی عەرەبی لە پەرتوکی: السولفیج الغنائی و الایقاعی الفوری ( *PRIMA VISTA* ) : ماکس باتکیە (*Battke Max*) دار الحصاد ـ دمشق/١٩٩٤.
- خاوەن دەیان لێکۆڵینەوەو توێژینەوەو وتار و بە نۆتاندنی پسپۆری موزیکییە *Arrangement*.
- زمانەکانی ( کوردی ــ عەرەبی ــ زازایی ــ تشیکی ــ فەرەنسی ) دەزانێ.

## ئامانج غازی

- (١٩٦٥) لە رواندز لە دایکبووەو خوێندنی بنەڕەتی و ناوەندی لەوێ تەواو کردووە.
- (١٩٧٥) لە تیپی سروودی قوتابخانەی پاشای گەورەبووە ئەم قوتابخانەیە ساڵی ١٩٢٣. ز دامەزراوە.
- (١٩٧٧) لەسەردەستی هونەرمەند زرار محمد مستەفا فێری

ئامێری عود بووەو بووەتە ئەندامی تیپی پاشای گەورە.

- (١٩٨٠) چووەتە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی موسڵ.
- (١٩٨٥) بەپلەی یەکەم لەسەر هەموو بەشەکانی پەیمانگە دەرچووە.
- (٣٠) ئاوازی جۆراوجۆری بۆ هونەرمەندانی کوردستان داناوە.
- (٩)کۆراڵی هونەری موزیك و گۆرانی داناوە.
- (٨) دانراوی موزیکی بۆ شانۆگەرییەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی داناوە.
- موزیکی بۆ (١٢) فیلمی کوردی کردووە.
- (٨) خولی فێربوونی موزیکی کردۆتەوە (٢٦) کۆڕو سیمناری هونەری تایبەت بە موزیك و گۆرانی سازکردووە.
- موزیکی بۆ تابلۆکانی هونەرمەندان (محمد عارف، نامق علی قادر، سردار سنجاوی، رۆستەم ئاغەلە)داناوە.

**لە دەستەی دامەزرێنەرانی:**

١. تیپی پاشای گەورە لە رواندز.
٢. پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی هەولێر.
٣. ئۆرکسترای کوردستان.
٤. گروپی ستران بووە.

- خاوەنی درێژترین گۆرانی کوردیە کە لە کۆڕەوە ملیۆنیەکەوە ئیلهامی وەرگرتووە (کۆچ و باران) دەقی کەریم دەشتی.
- ١٩٩٢–٢٠٠٣ دامەزرێنەر و مامۆستای بەشی موزیکی

پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی هەولێربووە.

- ٢٠٠٤–٢٠٠٦ بەڕێوەبەری کەلەپووری کورد بووە لە وەزارەتی رۆشنبیری.
- ٢٠٠٥ بەشداری ڤیستڤاڵی موزیکی میللی میللەتانی کردووە لە وڵاتانی (فەرەنسا، سویسرا، ئەڵمانیا) سازکراوەو لە زانکۆی زیوریخ موزیکی رەسەنی کوردی ژەندووە.
- ٢٠٠٧–٢٠٠٨ بەڕێوەبەری هونەرەکانی موزیك بووە لە وەزارەتی رۆشنبیری.
- ٢٠٠٨ (پلەی یەکەم)ی لەسەر ئاستی کۆلێژی هونەرەجوانەکانی زانکۆی سەلاحەدینی بەدەست هێناوە.
- ئێستا مامۆستای بەشی موزیکی کۆلێژی هونەرەجوانەکانی (زانکۆی سەلاحەدین)ە.
- ئەم کتێبانەی بەچاپ گەیاندووە:

١. خوێندنەوەیەکی هونەری بۆ موزیکی ئەکادیمی و. رۆشنبیری ٢٠٠٥.
٢. هارمۆنیای دەنگ و میلۆدی کوردی/ دەزگای موزیك و کەلەپووری کورد ٢٠٠٧.
٣. بەزم و رەزمی منداڵان / ئاواز بۆ زارۆکان و. پەروەردە٢٠٠٨.
٤. ژمارەی تایبەت بەشین و شایی مانگی ئادار / دەزگای موزیك و کەلەپوور کورد ٢٠٠٨.
٥. ئەزموون لە ئامێزی موزیکدا / (رەخنەو ئەزموونی هونەری

موزيك).

٦. زايەڵـــەی خەرەنـــد / (نۆتـــەی چـــەند شـــاكارێكی مـــوزيكی ئۆركستراليی كوردی).

٧. موزيك و ئایدۆلۆژیا و نەوت / (د.محمد زازا، و ئامانج غازی).

٨. مـوزيكی فۆلكلـۆری / دەزگـای موزيـك و كەلـەپووری كـورد ٢٠١٠.

**ئەم كتێبانەی ئامادەيە بۆ چاپ:**

١. هارمۆنی / (وەرگێڕان لە عەرەبيەوە : د. محمد زازا).

٢. فەرهـــەنگی موزيـــك / (وەرگێـــڕان لـــە عەرەبيـــەوە: احمـــد بيومی).

٣. ميتۆدی فێربوونی ئامێری عود.

٤. سۆلفێجی ليريكی و ريتمی.

# موزیك و ئایدلۆژیا و نەوت

## شیکارێکی هەمەلایە نەیە لەگۆڕانکارییەکانی هەستی ستاتیکی موزیکی

(ئەم لێکۆڵینەوە لە کۆربەندی نێو نەتەوەیی، دەربارەی گۆڕانکارییەکان لە موزیکی گەلانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست) لە ولاتی جەزائیر لە (٢٥ ــ ٢٧) نۆڤمبەری ساڵی/١٩٩٠، پێشکەشکراوە، ئەم کۆربەندە لەلایەن بەشی موزیکی قوتابخانەی بالاّی مامۆستایان و بەسەرپەرشتی وەزارەتی خوێندنی بالاّ بە هاوکاری (گروپی لێکۆڵینەوە لە موزیکی میللی) زانکۆی کۆلۆمبیا لە (نیوریوك)ی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سازکراوە.

*　　*　　*

ناکرێ وێناکردنی هیچ پرۆسەیەکی داهێنانی موزیك دوور لە چوارچێوە کۆمەڵایەتیە گشتیەکەی، کە دەبێتە پێگە بۆ ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە بکەین. ئەو بازنە کۆمەڵایەتیە زۆرینەی جاران ڕۆڵێکی گەورە دەبینێ لە دیاریکردنی لایەنە هونەرییەکان و پێوەریش دادەنێ بۆ (نوێکاری) داهێنەر. سەبارەت بە بارودۆخی کۆمەڵگاکانمان لەوانەیە ئەو بازنە کۆمەڵایەتیە رۆڵی یەکلایی کەرەوە ببینێ، گەر هەمووومان هاوڕابین لەسەر ئەوەی کە دەکرێ هونەرەجوانەکان پێوەرێك یاخود ئاماژەیەکی ڕوون بێ بۆ دیاریکردنی بە شارستانیەت بوونی کۆمەڵگایەکی دیاریکراو، کەواتە دەبێ دان بەوە دابنێن کە پەیوەندییەکی تۆکمە لە نێوان (هونەری موزیك و ژیانی کۆمەڵایەتی مێژووی سیاسی، جیوپۆلیتك ـ زمان)ی خەڵکدا هەیە. سەرەرای ئەوەی کە موزیك کۆڵەگەکانی لەسەر بنەمای زانستی دارێژراوە، کە هەردوو بواری (سروشت و وەرزش)یش پێیەوە بەندن پەیوەندیەکی تری ئەم هونەرە پەیوەستە بە ئەدەب و هونەرەکانی تر کە بەیەکەوە هەر هەموویان یەکتری تەواو دەکەن. بە کورتی و بەشێوەیەکی گشتی موزیك پەیوەندییەکی توند و تۆڵی بە تێکڕای هەستی کۆمەڵایەتی خەلك هەیە و هەستی ستاتیکی کۆمەڵگاش پێگەیەکی تایبەتی لەلایەن موزیکەوە پێدراوە.
ئەو هەستە ستاتیکیە کۆمەڵایەتیە ناکرێ لە شەو و ڕۆژێکدا بێتە ئاکامەوە، بەڵکو بونیاتە سەرەتاییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدان ساڵ لە کار و کۆشش و جێماوی کەلەپوور و کەلتورەوە لەوانە: (**ئەفسانە و حیکایەت، گۆرانییە میللیەکان، باوەڕی ئایینی و دونیایی. داب و نەریت، پەندی پێشینیان، جل و بەرگ، بووکەڵە و رەسم، پەیکەرسازی و یارییە میللیەکان**)، کە ئەمانە و هەندێ بابەتی تریش لەو توخمانە دەبنە دروستبوونی پێکهاتەی بیرکردنەوە (میمۆری)ی میللەت. هەندێ لە کاری دەست و پیشەی هونەری کە لە لادێ و شارەکان و ناوەندە شارستانیەکان و نێو کۆشك و تەلاری میر و پاشایان دەبنە توخمی هاوبەش بۆ پەرەپێدانی بابەتی بەیەکبەستنەوەی پتەو و لە کۆتاییدا هەردووکیان بەیەکەوە زاراوەی هەستی ستاتیکی کۆمەڵایەتیمان پێ ڕەوا دەبینن.
**شارل لالۆ** قۆناغەکانی پێکهاتەی پرۆسەی هونەری دابەشکردۆتەسەر (٣) قۆناغی گرنگ:

١) مەرجە کۆمەڵایەتیە بێلانەیەکانی ستاتیك بۆ هونەر.
٢) مەرجە کۆمەڵایەتیە ستاتیکەکان بۆ هونەر.
٣) نسکۆی هاوبەش لە نێوان ڕووداوە ستاتیکیەکان و ڕووداوە بێلایەنەکان بەیەکەوە لەگەڵ ئەوەشدا شتە وردیلەکانی دۆزراوە لە ئەزموون و قوتابخانە تاکرەوەکان رۆڵێکی کاریگەر دەبینن لە دروستبوونی تێکڕای پرۆسەی هونەری.

لە کتێبی (**ئاریشەی هونەر**) **دکتۆر زەکەریا ئیبراهیم** دەڵێ:
(ئەو مەرجە گشتیانەی دەستبەسەر نەشونمای وەقائعی ستاتیکی بەرزکردنەوەی ئاستی هونەری کارە هونەریەکان دادەگرێ هەمان ئەو مەرجانەن کە گشت چالاکیە مرۆییەکان پەیرەوی دەکەن و پێیەوەبەندن، **رەگەز و ژینگە و باری کۆمەڵایەتی و چەرخ و قۆناغی مێژوویی**، چونکە هونەرەکان بە گشتی کە (موزیکیش یەکێکە لەو هونەرانە) بە رێگایەکی زنجیرەیی لە هەست و نەستی مرۆڤێکدا گەشە دەکەن کە هەڵبەتە ئەو مرۆڤە پابەندە بە شارستانیەتێکی دیاریکراو).
هەستی ستاتیکی وەکو بەشێکی گرنگی هەستی گشتی کۆمەڵگا ڕەنگدانەوەیەکی راستگۆیانەی ئەو (تەفاعولانە)ی ژێرخانی کۆمەڵگایە بەسەرخانەکەشیەوە. کۆمەڵێ بابەتی دیاریکراو لە شێوازەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندییە بەرهەمهێنەرەکان (**ئابووری ـ کشتوکاڵی ـ پیشەسازی ـ بازرگانی ـ خزمەتگوزاری**) هەندێ پرەنسیپی بە یاسا دانان و پەیرەوی رۆشنبیری و زانیاری دێنێتە بەرهەم. لە چەرخی ئێستا ئەم پەیوەندییانە لە نێوان یەکتریدا ئاوێتە دەبن لە نێو بازنەی دام و دەزگاکانی وڵات لە یاسا دانان و راپەڕاندن و دادوەری و میدیاکان کە رۆڵێکی گەورە لە بونیادی کۆمەڵگە دیموکراتییەکان دەبینن.
کەواتە ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەسەرخانی کۆمەڵگادا دەبینرێن ڕەنگدانەوەیەکی یەکسەر و راستەوخۆی ئەو گۆڕانکاریانە نییە کە لە ژێرخانی کۆمەڵگادا روویانداوە. دروستبوونی سەرخانی نوێ زۆرینەی جار دەکەوێتە دوای دروستبوونی ژێرخانی نوێی کۆمەڵگا کەواتە ناکرێ باس لە گۆڕانکاریەکانی نێو موزیکی رۆژهەڵاتی ناوەراست بکەین بێ ئەوەی لە کاریگەرییەکانی کە راستوخۆ کار لە بونیادی سەرخانی میللەتانی رۆژهەڵاتی

ناوەراست دا دەکەن تێبگەین ئەو کاریگەریانەی کە دەروازەیەك والا دەکەن بۆ خولقاندنی هەستی ستاتیکی لە نێو ئەو کۆمەڵگایانەدا.
کەواتە بەیەکەوە هەندێ لەو دیاردە و راستیانە کە لە موزیکی ئەوروپی دا رەنگدانەوەیەکی چاکیان هەبووە و زۆربەشیان کەوتونەتە ژێر رۆشنایی باس و لێکۆڵینەوە بخەینە روو. زۆرینەی لێتۆژینەوەکان کە گۆرانکاریەکانی موزیکی ئەوروپیان کردۆتە ئامانج نکۆلی لە پەیوەندی نێوان ئەو گۆرانکارییانە و گۆرانکاریەکانی پێشووتر ناکەن کە بەسەر ئایدۆلۆژیای کەلێسادا هاتوون بەو پێودانگەی کە کەلێسا هەمیشە هەر لە چاخی سەرەتایی بلاوبونەوەی فیکری (هزری) ئاییینی کرستیانی پشت بەستنی خۆی بە هونەرەجوانەکان قایم کردبوو وەکو پێداویستیەکی سەرەکی راکێشانی خەڵك بۆ خۆی.
کاتێ کە (قوستەنتین) جڵەوی فەرمانرەوایی گرتە دەست و فەرمانی دا کە ئاییینی کرستیانی ببێتە ئاییینی فەرمی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی (٢٧٢ ــ ٣٣٧ز) کەلێسای رۆمانی بە هەموو هێزییەوە تواناکانی خستەگەڕ بۆ یەکخستنی (سیستەم) و (عەقیدە) لەسەرتاسەری ولاتی رۆم دا. رابەرانی کلێسا دەرکیان بەو جیاوازی رەفتار و پەیرەوکردنی سرووتە ئاییینیەکان کردوو بە تایبەت لە رووی موزیك و تەراتیلەکانەوە و ئەمەش بێگومان بووە هۆی جیاوازییەکی ترسناك لە (عەقائیدییەکانیانەوە) بۆیە :
ئەم رەوشانە دەمانگەیەننە رەوشێکی تری گرنگتر کە بریتی یە لە:
هەموو ئەو گۆرانکاریانەی کە لە ئایدۆلۆژیای رەسمی کەلێسا روویانداوە گشتییان پەیوەست بوون بەو گۆرانکاریانەی کە بوونە واقیع لەسەر ئەرز و گەز لە جیهانی دونیایی داو لە دەرەوەی بازنەی کەلێسا بە تایبەتی پێشکەوتنەکان و گۆرانکاری لە شێوەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان لەگەڵ گەشە و پێشکەوتنی شێوازەکانی (مانیفاکتورا) و پێشکەوتنی پیشەسازی نێوان هەردوو چەرخی هەژدەیەم و نۆزدەیەمدا. هەروەها گەشە و دروستبوونی کۆمەڵگا بۆرژواییەکان دواتر سەرهەڵدانی کۆمەڵی بزووتنەوەی میللی لە ولاتانی ئەوروپا کە توانی مەڵبەندی ئاییینی (فاتیکان) لەناوەوە بهەژێنێ و ئەو فەرمانەش وەلاوەبنێ کە (پاپا) بتوانێ (شا) و شازادە ترۆ بکات و بەپێی فەرمان و دەسەلاتی خۆی ئەوانی تر

دابمــەزرێنێ. ئــەو گۆڕانکاریانــە توانیــان بــچنە نێــو هــەناوی دام و دەزگــا ئایینیەکان. بزووتنەوەی چاکسازی ئایینی (مارتن لوثـەر) رابەرایـەتی دەکرد و خۆشی پیاوێکی ئایینی بوو گەورەترین بەڵگە بوو بۆ ئەو ئاستەنگانەی کە کلێسا تێیکـەتبوو لـە ئاکامی ئـەو رەنگدانـەوەی کـە لـە گۆڕانکاریـەکانی نێو جیهانی دەرەوە (دونیایی)دا روویاندا. ئەو بزووتنەوەی (مارتن لوثــەر) بووە هـۆی روودانـی دوو گۆڕانکـاری سـەرەکی و گـەورە لـە پیـادەکردنی سـرووتە ئایینیەکان:

1) پشت بەستن بە زمانی جەرمەنی لە بری بەکارهێنانی زمانی رەسمی لاتینی.
2) پشت بەستن بە موزیکی جەرمەنی (کە نزیکترە لە موزیکی میللی) لە کاتی چڕینی سرووتە ئایینییەکان.

(**هوگۆ لایختنتریت**) پێی وایە ئەو ئەنجامانەی کە لـە چاخی چاکسازی و مـوزیکی پرۆتـستانتیە کەوتنـەوە بەیـەکێ لـە هۆکـارە هـەرە سـەرەکیەکان دادەنرێ کە کاریگـەری تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ بەسـەر مـوزیکی مۆدێرنـەوە هەیە ناوبراو ئاماژە بە ساڵی (١٥٠٠ز) دەکات لەوکاتەی (لوثــەر) لـە هـەرەتی لاویدایە و خەریکی ئامادەکارییە بۆ شۆڕشـەکەی. شادەماری وڵات ئەو کات پێکهاتبوو لـە جـەماوەر و بۆرژوازیـەکان کـە هـەردووکیان بەیەکـەوە لـە چینی ناوەنـدی خـەڵك دا بـوون، ئـەو سـەردەمە، سـەردەمی بوژانـەوەی بازرگـانی و پیـشەسازی هونـەر بـوو. ئـەو کەلـەپوورە ئایینیـەی مـوزیکی پرۆتـستانتیی زەمینیەکی لەباری رەخساند تا (**یوهان سباستیان باخ**) بتوانێ بەرهـەمی موزیکی لێوە بچێنێ ئەو ئاکامانـەی کە لـە بزووتنـەوەی (**هۆسـی**) کـە لـەژێر باڵی (**یـان هـوس**)دا لـە بوهێمیا چەکەرەی کـرد (چیکۆسلوفاکیا)ی ئێستا لەگـەڵ (**غالفـانی**) و (**بیورێـانی**) و کاریگـەری راسـتوخۆی ئـەم بزووتنەوانـە بەسـەر موزیـك لایـەنێك بـوو لـەو لایەنانـەی کـە پەیوەندییـەکی پتـەوی نێـوان موزیك و ئایدۆلۆژیای دیارکرد.

ئـەو پەیوەندییـەی نێـوان هونـەر و ئایـدۆلۆژیا هـەموو کات پەیوەندییـەکی پۆزەتیفانـە نـەبوو بـەڵکو زۆرینـەی جـار ئاکـامی ئـەو پەیوەندییـە تراژیدیانـە بەسەر کەلتوور و هونەردا دەشکایەوە. لە چاخی بیستەمدا کۆمەڵێ نموونەی

زیندوومان لەو پەیوەندییانە لەبەر دەستن.

**هتلر ــ ستالین ــ ماو، و شۆڕشی رۆناکبیری ــ مەکارتی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ـ خومەینی و شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران ــ دیکتاتۆریەتی تاکە کەسی و دەستە جەمعی (سەدام حوسێن) وەك نموونە**. شەڕی سارد کە بووە دیاردەیەك و لە چەندین رووەوە لێکدانەوەی بۆ کرا ــ ململانێی بێ کۆتایی ئایدۆلۆژیاکان و روناکبیری چ جای جیهانی یاخود لۆکاڵی هاتنە ناوەوەی کۆمپانیا زاڵەکانی بازرگانی بۆ نێو دونیای کەلتوور و هونەر بە کوالیتێکی نوێ وەك (خانەی چاپ و کۆمپانیاکانی سینەما و تەلەفزیۆن ــ پەخشی راستەوخۆ و زیندی بە هاوکاری مانگە دەسکردەکانەوە ئەمانە بەیەکەوە کاریگەریەکی گەورەیان بەسەر تەواوی بوارەکانی کولتوور و هونەردا بەجێهێشت. بەڵام با لێرەدا بپرسین پەیوەندی هونەرکان (موزیك) وەك نموونە بە ئایدۆلۆژیای کۆمەڵگاکانی عەرەبی و ئیسلامی لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟

پەیوەندی ئایدۆلۆژیا بە هوشمەندی کۆمەڵایەتی (ئیستیکایی) لە نێو کۆمەڵگاکانی عەرەبی و ئیسلامی بە چاوی خوێندنەوەی مێژوویی ئەو کۆمەڵگایانەوە سەیر دەکرێ و بەم شێوەیە:

ناوچەی جەزیرەی عەرەبی لە چاخی حەوتەمی زایینی لەژێر دەسەڵاتی هەردوو گەورە ئیمپراتۆریەتی (فارسی و بیزەنتی) دابوو. هەرچی سامان و بەروبووم و داهاتێك هەبوو هەمووی لەژێر چنگی ئەوان دابوو. هەر یەکێ لەو ئیمپراتۆریەتانە خاوەنی سوپایەکی بە هێز و چەندین کۆڵەگەی پڕ لە شارستانیەتی ماددی و گیانی و بوارەکانی هونەر لە رەسم و وێناکردن و پەیکەر تاشی و موزیك و ئەناتۆم و ئەدەب بوون و هەموویان بەیەکەوە سەرخانی یاخود لایەنی گیانی ئەو دوو زلهێزەبوون.

دەسەڵاتی بەهێزی ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی بووە هۆی گۆڕانی بنەڕەتی رووەکانی ژیانی سیاسی و ئابووری دوورگەی عەرەبی (کاولبوونی شارە گرنگەکانی پێدەشتی عێراق بە رووخانی شارستانیەت و ئیمپراتۆریەتەکانی بابل و ئاشوریش بەچەند سەدەیەك) هەروەها کاریگەریەکی زۆری مولکدارە عەرەبەکان هەبوو کە توانیبویان دەسەڵاتی خۆیان بسەپێنن بەسەر بازرگانی

فینیقیەکان. کاتێ کە ڕۆمانەکان ڕێگای بازرگانی دەریایی یان لە دەریای سووردا کردەوە ئەم هەنگاوە بووە هۆی خاپوور و نەمانی بازرگانی کردن بە ڕێگای وشکانی، ئەو بازرگانیە کە کۆڵەگەی مولکدارە عەرەبەکان بوو لە باشوورەوە. لە باکووریشەوە (نەبەت)یەکان دەستیان بەسەر بازاری کاروانچییەکان گرتبوو لە ساڵی(٢٧٢ز) ڕۆمانەکان شیری تیژیان لەسەر ملی دانیشتووانی (تەدمر) دەسووی و مولکدارە عەرەبەکان دواتر نەیاتوانی لەژێر زەبر و دەسەلاتی ئەو دوو بوارەی ئابووری و سیاسی ڕزگاریان بێ ناچار کۆچ و کۆچبەر دوا پەناگەیان بوو ئیدی شارە گەورەکان چۆڵ بوون لە سەرمایەدار و پایە و پوول و پارە.

لە کاتی لە دایکبوونی پێغەمبەر (د.خ) کۆمەڵگای قورەیشی لە پەراوێزی مێژوودا دەژیان. ئابووریەکی لاواز کە پشت بەستن بوو بە بازرگانی باکوور و باشوور واتە (سەفەری زستان و هاوین). بەخێوکردنی مەر و ماڵات و حوشتر. تالان بردن لە شەڕ و شۆڕ. پەرستنی بت و بەردەکان. هۆشمەندی کۆمەلایەتی گشتی و ئیستێتیکی ئەوسات تەنها لە هونەری شیعردا بەرجەستە ببوو لەگەڵ کۆمەڵێ داب و نەریت و هەڵس و کەوتی ئەو سات کە لە سیستەمی قەبیلەدا کەوتبووەوە.

لێرەدا دەبێ پێشبینی ئەوە بکەین کە هەر پەیامێك بۆ گۆڕانکاری بارودۆخی دوورگەی عەرەبی بۆ ڕزگاربوون لەو دوو ئیمپراتۆریەتە زلهێزە کۆتایی هێنانە بەو هەموو کۆڵەگە ئایدۆلۆژیانەی کە لەوێ باوبوون بە هەموو هێما و قەوارەکانیان. بێگومان ئەم گۆڕانکارییە ڕوویدا. پەیامی ئایینی ئیسلامی پیرۆز پەیوەندی نێوان موسلمان و خوای خۆی بە پەیوەندییەکی ڕاستوخۆ گرێدا واتە هیچ بت و سەنەمێك. وێنە و ڕەسم تابلۆ و خانەی پەرستن ئامێری موزیك لەکاتی سرووتە ئایینیەکان دا نییە (تەنها بانگدانێك نەبێ کە بە دەنگێکی خۆش) بدرێ. لەناوبردنی بت و سەنەمەکان لە ڕاستیدا لەناوبردنی هەموو ئەو ڕەمز و هێما ئایینیانە بوو کە هیچ پایەیەکیان نەما بوو.

دوورخستنەوەی هونەر جیاجیاکانی ئەو سات و بەکار نەهێنانیان وەك هۆیەکانی بلاّبوونەوەی پەیامەکانیان ئامارژەیەکی ڕوون بوو پێش هەموو شتێك بۆ خۆ بە دوورگرتن و دوورخستنەوەی ئایدۆلۆژییەکانی فارسی و

بێزەنتی. ئەگەر چی ئایینی کریستیانی پشت بە هەر سێ کۆڵەگەی (الاب و الابن و الروح القدس) دەبەستێ و هەرچ شتێکی تریش کە لەو دەستەواژەیە دەبێتەوە وەکو هێماو چیرۆکەکانی لە خاچ دان و و دوا شیوەن و بەرهەمی زەبەلاحی ئاست بەرز کە لە تابلۆکانی (مەریەمی پاکیزە) و (کوشتارگاکان و سروت و تەراتیلە ئایینیەکان و کۆی ئەو هونەرەجوانانەش لە موزیک و شانۆکە لە نێو میحرابی کەلێسادا نمایش دەکران بەرجەستە دەبێ. لە بەرامبەردا ئایینی ئیسلام تەنها بە بانگدان بە دەنگێکی خۆش و بە سۆز و شوێنێکی ئارام کە لە گۆڕانکار ی کەش و هەوا موسلمانان بپارێزێ (مزگەوت) پەیامەکەی کورتکردەوەو کۆتایی پێهێنا.

ئەگەر چی لە نێو قورئانی پیرۆزدا هیچ ئایەتێك هەڵوێستێکی دیاریکراو بەرامبەر موزیك و گۆرانییدا نییە و لە نێو فەرموودەکانی پێغەمبەریشدا ئەوانەی کە رەوانن و دروستن ئاماژە بە هەڵوێستی نەرمی پێغەمبەر (د.خ) بۆ موزیك و گۆرانی دەکا و لەوێوە وا باسی لێوەکراوە کە ئەم حالەتە وازی لێهێنراوە بەپێی یاساکانی خۆی نەش و نوما بکا پەیوەندیەکەشی لە چوارچێوەی کاری کۆمەڵایەتی دیاریکراوە بێ ئەوەی، ئایین، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەستی بەسەردا بگرێت و بیجولێنێ.

کاتێ کە پەرو باڵی ئایینی ئیسلام هێز و بازووی تری بە خۆوە بینی و شان و شەوکەتی بە دیار کەوت و کۆڵەگەکانی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی دەرکەوت و توانیان لە دەست جەور و ستەمی هەردوو ئیمپراتۆریەتی فارسی و بیزەنتی رزگاریان بێ لێرەدا دید و بۆچوونی پیاوانی ئایینی ئیسلام گۆڕانکاری تەواوی بەسەرداهات لە رووی تێڕونینیان بۆ هونەرەکان و بە شێوەیەکی پۆزەتیڤانە کاردانەوەی لەسەر موزیك و گۆرانی دا هەبوو. بەڵام لە هەمانکاتدا هەڵوێستیان لەمەڕ (تەسویر و پەیکەرسازی) هەڵوێستێکی زۆر نەگیتیڤانە بوو ئەم حاڵەتەش تا چەرخی نۆزدەیەمی کێشا. لێرەدا پرسیارێ دێتە پێشەوە. بۆ گۆڕانکاری لە هەڵوێستی زانایانی ئیسلامی شەریعەتی ئیسلامی دا روویدا. ئایا بۆ ئەوەی کرانەوەیەك لە دەروازەی ڕێگا پێدان بۆ مومارەسەی موزیك و گۆرانی دا بکرێت؟.

لەمەر ئەم خاڵەدا (**ئەنوەر ئەلروفاعی**) لێکۆڵەر لە کتێبی (**مێژووی**

**هونەر لەلایەن عەرەب و موسلمانان**) وا باسی ئەم ئاریشەیە دەکا دەڵێ:

(هونەری شوێنگا (پەیکەر) بە شێوەیەکی راستەوخۆ و دیاریکراو بەشێکی زۆری هەست و نەستی مرۆڤ دەورژێنێ و وا لە مرۆڤ دەکا کە بکەوێتە داوی گومان و خۆ خورادنەوەو بەردەوامیش نەسرەوتنی بەدواوەیە، چونکە ئەم (پەیکەرانە گوزارشت لە حاڵەتێکی دیاریکراو مەبەستدار دەکەن کەچی موزیک و گۆرانی گوزارشت لە خودی رۆحی مرۆڤایەتی دەکەن و ویژدانی خەڵك ئاسوودە دەکەن.

بوونی پەیکەر و وێناکردنی خواوەندەکان لەلایەن عەرەبە کۆنەکانی سەردەمی پێش ئیسلام بە بەڵگەوە بۆ وێناکردنی خواوەند و باوەڕە ئایینیەکانی ئەو سات بووە کەچی موزیك و گۆرانی بە تایبەت (فۆلکلۆر) هەمیشە ئەو پەیامەی گەیاندووە کە گوزارشت لە خودی مرۆڤایەتی و کاردانەوەکانی ژیانی رۆژانەی خەڵك بکات.

لاسایکردنەوەی قودرەتی خوای گەورە لەسەر خولقێنەرانی خۆی بابەتێك بووە هەمیشە ناپەسند و نا بەجێ بووە و هیچ کاتێکیش نەبۆتە مایەی دڵخۆشی یاخود رەزا وەرگرتن. ئەم حاڵەتە لە هونەرەکانی پەیکەرسازیدا بە شێوەیەکی روون رەنگدانەوەیان دەبێ کاتێ لە پەیکەرێکدا لایەنێکی مرۆڤانە یاخود سازکردنی پەیکەرێکی کەسایەتیەك دەسازێنرێ. کەچی لەنێو دەنگەکانی موزیك و دەق و تێکست و گۆرانیەکاندا کە ماددەی خامیان تەنها (دەنگ)ەو بە شێوەیەك لە شێوەکانیش توخنی بابەتەکانی خواردنەوەو زینا و بابەتی قێزەوەر ناکەوێ لێرەدا ئەم (دەنگ)ە بە بابەتێکی زیندوو دادەنرێ بۆ بونیادکردنێکی گەورەتر لە رووی دارشتنی بابەتێکی گۆرانی ئامێز و لەهەمان کاتیشدا دوورەپەرێز دەبێ لە حاڵەتی گومان تەنانەت لەلایەن موسڵمانە تونرەوەکانیشدا (لێرەدا ئەو تەوژم و هێرشەی کە لە قورئاندا کراوەتە سەر شاعیرەکان لەبەر ئەوە نەبووە کە ئەوانە شاعین بەڵکو بە سیفەتی ئەوەی ئەوانە شەریك و بابەتی تریان بۆ ئایین و خودا) دروستکردووە.

بە هەرحاڵ. رەوش و هەڵوێستی شەرعی ئیسلامی لەسەر هونەرەکان تا ئەمرۆ مشت و مڕی لەسەرەو ئەو مشتومڕە کەوتۆتە نێو بازنەکانی

(دوورەپــەرێزی و هەڵوێــستی نێگــەتیڤ و پۆزەتیڤانــە) ئەمــەش بــەبێ، بیروبۆچوون و قەناعەتی خودی زانایانی ئیسلامی کە هەموویان بەیەکەوە دەچنە نێو خانەی (ئیجتیهاد) کۆمەڵێ مەڵبەندی ئایینی هەمەجۆر هەن کە فەتوای جۆراوجۆر لەسەر شیاو و نە شیاوی هونەرەکانی (موزیك، ئەدەب، سینەما، چاندنی ئەندامەکانی لەش، دیموکراتی، ژنهێنانی مسیار، بابەتی سیاسی، تەنانەت سورانەوە یاخود نە سورانەوەی زەوی) دەدەن).

ئەو سەقامگیریەی لە بوارەکانی ژیانی نێوان هەردوو فەرمانڕەوایەتی (ئەمەوی و عەباسی)دا بەدی دەکرا لە رووی هەرزانی و گەشەکردنی خێرا و گرنگیدان بە زانست و وەرگێڕان و فەلسەفە بووە هۆی پاوانکردنی زەمینەیەکی لەبار بۆ گەشەکردنی موزیك و گۆرانی. لێرەدا بە شێوەیەکی بەربڵاو دانراوەکانی (کندی و فارابی و ئیبن سینا و ئیبن روشد) لە بواری تیۆرەکانی موزیك و ستێتیکای موزیکی بڵاوبوونەوە و کۆمەڵێ پیاوانی ئایینی کە گرنگیان بە (تەسەوفەوە) دەدا (کتێبەکانی برایانی سەفا)یان لەگەڵ دەیان لە فەیلەسوف و زانایان و ئیمامەکان و پیاوانی ئایینی کە هۆگری موزیك بوون راڤە دەکرد و لە ژیانی رۆژانەیاندا دەکاریان دەبردن. ئەم رەنگدانەوەش تەنیا و تەنها لەوەدا بەرجەستە ببوو کە کەش و هەوایەکی کراوە و هۆشمەندییەکی ستێتیکی گشتی باڵی کێشا بوو بەسەر کۆمەڵگاکانی ئەو سەردەمە.

ئەو گرنگیدانە بە تیۆرەکانی موزیك کە لە بورای ستێتیکیدا رەتی دا بوو گەیشتبووە بواری ماتماتیکی شیکردنەوەی زانستی لە زۆر پێگە و شوێندا کەش و هەوایەکی لە باری رەخساندبوو بۆ دروستبوونی پەیوەندی فۆلکلۆری نێوان (بەغدا و دیمەشق و ئەندەلوس) هەروەها کۆمەڵێ لە مەڵبەندەکانی کلتووری لە وڵاتانی رۆژئاوا ئەم کەش و هەوایە لە بارە بووە هۆی درووستبوونی دیالۆگێکی بەردەوام لە بوارەکانی هونەر و ستاتیکا و فەلسەفە تەنانەت لەوەش رەتی داو گەیشتە ئەوەی کە دیالۆگ لەمەر رەوشەکانی ئایدۆلۆژیای زۆر هەستیار بکرێ.

بیر و بۆچوون و تێڕوانینەکانی فەیلەسوفە عەرەب و موسلمانەکان بە تایبەت لە بۆچونەکانی (ئیبن روشدا) بە شێوەیەکی راستەوخۆ و نا راستەوخۆ بووە هۆکارێکی یارمەتیدەر بۆ فەیلەسوفەکانی رۆژئاوا لە

چاخەکانی ناوەڕاستدا بۆ ئەوەی بەگژ ئەو ئایدیا تاکڕەوانەی کەلێسای کاسۆلیکی دابچنەوە بۆ ئەوەی بتوانن هونەرێکی جیهانگەرایی بێننە ئاراوە کە لەسەر بنەماکانی چەمکی مرۆڤایەتی بۆ جیهانی دەستبەرکراو دامەزرابێ.

لە ناوەڕاستی چەرخی نۆزدەیەمداو لە ئاکامی چەند هۆکارێکی خۆخواردنەوەو شۆڕش و شەرو ئاشوبەکانی خاچپەرست و هێرشەکانی (مەغۆل و سەلجوقییەکان)، شارستانییەتی ئیسلامی تووشی نەهامەتی و لێکترازان هات، ئەم حاڵەتەش بەردەوامییەکی زۆری خایاند و تا کۆتاییەکانی چەرخی نۆزدەیەم چاکسازی بە خۆیەوە نەبینی ئەمەش لە ئاکامی کاریگەرییەکانی بواری کۆمەلایەتی و کلتووری جیاوازەوە ئەم گۆڕانکارییە سەری هەڵدا.

بەڵام لە ئەوروپادا ماوەی درێژەدادڕی نێوان چەرخی پانزەیەم تا دەگاتە چەرخی نۆزدەیەم ماوەیەکی زۆر بوو کە تیایدا کۆمەڵێ کودەتای ریشەیی لە نێو کۆڵەگەکانی کۆمەڵگا روویدا لەوانە (**چەرخی بوژانەوە، بزوتنەوەی چاکسازی ئایینی، دۆزەرەوەکانی جیۆپۆلێتیکی، دەرکەوتنی میتۆدی عەقڵانی، دەرکەوتنی کەسایەتی داگیرکەر و بە تاڵانبردنی سامانی گەلان، شۆڕشەکانی گەلانی ئەمریکی و فەرەنسی لە چەرخی هەژدەیەم، کاریگەری شۆڕشی فەرەنسایی لەسەر گشت بوارەکانی هۆشمەندی، گۆرانخوازی لە ئۆپێرای بێ نرخەوە بۆ موزیکەکانی بتهۆڤن گرژبوون و توندبوونی ململانێی نێوان هەردوو چەمکی دژ بەیەك، کە لە پەیوەندی نێوان کەس و دەوڵەتدا خۆی دەبینیەوە. پاوانبوونی کۆڵەگەکانی ئابووری پیشەسازی، پێشکەوتنی گەورەی بوارەکانی رومانتیکی لە فەلسەفە و هونەر و ئەدەبدا**)، ئەم حاڵەتە و چەرخە یەك بەدوایەکەکانی سەبارەت بە کۆمەڵگاکانی عەرەبی و ئیسلامی چەرخی رۆچوون و دیارنەمان و پاشەکشێی گشت لایەنەکان بوو، چونکە لەوێدا فەرمانرەوایی لە مست عوسمانیەکان بوو هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی، کە ناوچەیەکی فراوان بکەوێتە ژێر رکێفی داگیرکەران تەنانەت لە ئەوروپایەکانیشەوە، بۆیە کۆمەڵگاکان سەرپۆشی سەریان دانایەوە و کپ بۆی دانیشتن. ئەم رووداوەی لە خوارەوە دەیگێڕنەوە، کە بەزمەساتێکی تراژیدیاییە باشترین نموونەی ئەو

سەردەمەیە:ـ

کاتێ کە فەرنسییەکان لە چەرخی هەژدەیەمدا تونیان وڵاتی میسر داگیر بکەن، لەگەڵ خۆیاندا گروپێکی زانستی ئەکادیمییان هێنابوو کە پێکهاتبوون لە(٤٨) کەس و ئەم زاتانە پسپۆر بوون لە گشت بوارەکانی زانستی.ئەم گروپە لەبەر چاوی زانایانی ئیسلامی ئەو سات کۆمەڵی تاقیکردنەوەو ئەزموونی کیمیاییان ئەنجامدەدا تا ئەو پێشکەوتن و زانستە نوێیانەیان پیشان بدەن کە شارستانیەتی نوێ و شۆڕشی پیشەسازی وەدەستی هێنابوو. هەندێ لەو زانایانە و لەوانە (عەبدولڕەحمان ئەلجبرتی) دەستخۆشی لێکردن و بانگەشەی ئەوەی بۆ کردون کە خەڵك لەگەڵیان هاوکاری بکات، بەڵام هەندێکی تر وەکو (شێخ خەلیل ئەلبەکری) پرسیاری لە (بوتولیە)ی زانای فەرەنسی کرد:ئایا دەتوانی لە هەمان ئان و سات لە قاهیرە و مەراکیش دابێ؟ ئەم پرسیارە دەوروبەرو زاناکەی بێدەنگ کرد.

داگیرکەران و بازووی پۆلاینی هێزە دەرەکیەکان کۆمەڵگاکانی عەرەبی و ئیسلامیان راستەوخۆ بەرامبەر بە بەربەرەکانیەکانی چەرخی نوێ دا دانا. تاکە چەکی ئەو کۆمەڵگا عەرەبی و ئیسلامیانە تەنها بریتی بوو لەو بابەت و ئایدیا و میتۆدانەی کە کەلەپووری چەرخە درێژەکان بوو کە تێکرایان لە (دە) سەدەدا نوقمی نەزانین و نەفامی هاتبوو.

یەکەمین هەوڵی ژیانەوەی فیکری و سیاسی و ئابووری و عەسکەری لە میسردا کاتێ کە (محەمەد عەلی پاشا) لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی دابوو ئەو بابەتە گرنگە بوو کە خۆی لە (ناردنە دەرەوەی قوتابیان و فێرخوازان) دەدا بۆ ئەوەی بخوێنن و شارەزابن لە جیهانی دەرەوەی میسردا. بۆیە دەسکرا بە دامەزراندنی چاپەمەنی و گۆڤار و رۆژنامە و خانەی شانۆ هەریەك لە پێشەنگانی بوژانەوەی ئەوسات (محەمەد عەبدە و جەمالەدینی ئەفغانی) رۆڵێکی گەورەیان بینی بۆ هەستکردنی ئەو کۆمەڵگایانە بەو بارودۆخە شپرێوەی کە تێی کەوتبوون.

سەرەتاکانی چەرخی بیستەم و تا دەگاتە کۆتایی شەری جیهانی یەکەم هەڵوێستەیەکی پڕ مانای دەوێ بۆ ئەوەی لە بنج و بناوانەوە لە مەسەلەکان بگەین!!. کاتێ کە هەموومان بەیەکەوە پێمان نایە چەرخی بیستەم پەیوەندیەکی نەپساوەی گەورە لە ملمان ئاڵابوو ئەویش پەیوەندی خزمەتکار

بە گەورەکەیەوە لە رووی ئابووری و سیاسیدا. لێرەدا دەتوانین ئاکام و ماناکانی ناوەوەی ئەم پەیوەندییە لە رووی کۆمەڵایەتی و کلتوری و هونەری و فیکری بنەرخێنین! ئەم ماوەیە ماوەی سەرهەڵدان و دروستبوونی کۆمەڵە و حیزب و بزووتنەوە سیاسیەکان بوو هەروەها شۆڕش و سەرهەڵدان لە دژی جۆرەها داگیرکەری فکری و سیاسیی لە ترۆپکدابوو گەشە و نەشونوما کردنی هۆشمەندیی سیاسی لەگەڵ گەشەی هۆشمەندیی کۆمەڵایەتی لە ئەدەبیاتی زۆرینەی ئەو حزب و ڕێکخراوانە رەنگدانەوەی دیاری هەبوو. ئایدۆلۆژیەکان لە نێوان ئیسلامی و نەتەوەیی و مارکسی و لیبرالی و لە هاوشێوەی ئەورووپی دا دەخولانەوەو لە ناوەڕۆکیشدا سیستەمەکانی پادشایی و شانشین و خێڵەکی و کۆماری باڵا دەست بوون کە هەریەکەیان لە ژێرخانی کۆمەڵایەتی دا جیاوازیەکی زۆری لەگەڵ ئەوەی تریان دا هەبوون. بە دۆزینەوەی نەوت کۆمەڵگاکانی خۆیان لە بەرامبەر بارستاییەکی گەورەی کاریگەری پەیوەندییە ئاڵۆزەکان بینیەوە کە هەموویان ڕۆڵێکی گەورەیان لە دروستبوونی هۆشمەندیی گشتی کۆمەڵایەتی و لە نێویشیدا بێگومان هۆشمەندیی ستاتیکی کۆمەڵایەتی.

لێرەدا ئەو پەیوەندییە بە موزیکەوە شیدەکەینەوە:

هەر لە چاخی (ئەبو فەرەجی ئەسفەهانی) کە دەکاتە چاخی دەیەم و باسکردنی بە لەزەتی هەواڵ و دەنگوباسی موزیك و موزیسەنانی ئەوسات لە کتێبی (الاغانی) وردە وردە هونەری گۆرانی و دانراوەکانی موزیك بەرەو لاوازی هەنگاوی دەنا، هەر دوای ئەوە لە ساڵی (١٢٨٥ز) کاتێ مەغولەکان بەغدایان وێران و کاولکرد، هونەری موزیك یەکێ لە پێگە و شوێنە هەرە درەوشاوەکانی خۆی لە دەستدا و بە گرتنە دەستی فەرمانبەرەوایی لەلایەن تورکەکانەوە لە ساڵی (١٥١٧ز) و گواستنەوەی مەڵبەندی فەرمانڕەوایی بۆ ئەستەنبول کاریگەری کلتوور و موزیکی تورکی باڵی کێشا بەسەر موزیکی کۆمەڵگاکانی عەرەب و ئیسلامی ئیدی ئەم موزیکە وەکو ئەوەی لە قۆزاخەیەکدا بێ ئاوا لە تەکیەی شێخ و دەروێشەکان و مزگەوتەکاندا هەناسە برکێ ببوو لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لە موریدانی موزیك پەیرەوی ئەم موزیکەیان دەکرد و پاراستنی ئەو کەلەپوورەیان خستبووە سەرشانی خۆیان وەلێ کە جارێکی تر رۆح و گیان کرایەوەبەر موزیك و گۆرانی ئەو

کۆمەڵگایانە ڕۆڵی سەرەکی ناساندن و دووبارە ژیانەوەی ئەو بوارە کەوتە ئەستۆی ئەو دەروێش و مورید و شێخ و هونەرمەندانەی کە لەسەر دەستی ئەوانەوە پێگەشتن.

لەبەرامبەر ئەوەشدا ڕەوتێکی تازە کە لە دەرەوەی ئەو کۆمەڵگایانە پەروەردە ببوو کە(کاریگەربوون بە موزیکی ئەوروپی) دەستی پێکرد و لەگەڵ دامەزراندنی یەکەمین ئامۆژگای موزیکی سەربازی لەلایەن (محەمەد عەلی پاشا) کە بەمەبەستی بوو دام و دەزگاکانی دەوڵەت بونیات بنێ و دواتریش ئەم هەوڵە لەلایەن (خدێوی ئیسماعیل) درێژەی هەبوو ئەو دەیویست موزیکی ئەوروپی بەرەبەرەو هەنگاو بە هەنگاو رووەو کۆمەڵگای میسری و بوارە کۆمەڵایەتیەکە هەنگاو بنێ و سەرەتاکانی چەرخی سیستەم ئاکامەکانی ئەم هەولانە بە دیارکەوتن و کاریگەریەکانی موزیکی ئەوروپی ڕەنگدانەوەی چاکی هەبوو کاتێ لە ئامۆژگاکانی موزیکەوە دەخوێندرا و بە دامەزراندنی یەکەمین ئامۆژگای موزیکی عەرەبی لە ساڵی (١٩٢٩) کە بە (ئامۆژگای (فواد)ی یەکەم ناسرابوو ئەو بوارو کاریگەریانەی موزیکی ئەوروپی لەفیکری هونەری عەرەبیدا شوێنپێگەی چاکی بۆ خۆی کردەوە.

هەریەك لە ولاتانی عێراق و سوریا و ولاتانی ڕۆژئاوای عەرەبی بنەماکانی موزیکی عەرەبیان بەلاوە گرنگ بوو بە بەردەوامیش پارێزگارییان لێدەکرد. بەلام ولاتی میسر بەو گرینگیە کلتوریو جوگرافی و سیاسی و دیمۆگرافیەی کە هەیبوو توانی لایەنەکانی هونەر و ئەو گۆڕانکارییانەی کە تیایدا روویاندا بەرەو ئاقارێکی نوێکار و نوێخواز ببا کاتێ خۆی رابەرایەتی بزوتنەوەی نوێخوازی دەکرد. لەگەڵ ئەمەشدا لە عێراق توانرا. پارێزگاری لە (مەقامی عێراقی) بکرێ کە هەندێ کەس ڕەگ و ریشەکەی دەگەرێتەوە بۆ گۆرانی گوتن لە چەرخی عەباسیدا کە بێگومان کاریگەری موزیکی فارسی و تورکی و کوردی بەسەرەوەیە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا توانی پارێزگاری لە ناوەڕۆکە ڕەسەنەکەی خۆی بکا. هەروەها لە سوریا بە گشتی و لە شاری (حەلەب) بە تایبەتی ئاداکردنی گۆرانی ڕەسەنی عەرەبی کە خۆی لە (موەشەحات و سەمای (سەماح) کە لە یەکێ لە تەکیەکانی ئەو شارە گەشەی دەکرد بەردەوام لە تازەکردنەوەدا بوو (سەماح سەمایەکی تەسەوف)انەیە کاریگەریەکی تەواوی هەبوو لە بەردەوام بوونی ئەو ڕەوتە پێشکەوتوخوازە. بە هۆی ئەو

هونەرمەندانەی شاری (حەلەب) کە دواتر کۆچ و بارگەیان تێکنا و بەرەو ولاتی میسر چوون، بنەما و سەرەتایە رەسەنەکانی موزیکی سوری بووە پێگە و بنەمایەکی گرنگ بۆ ئەو بزووتنەوە موزیکیە، کە دواتر توانی نوێکاری ببەخشێتە ئەو لایەنەی گۆرانی گوتن کە ئەو سات لە میسر باو بوو.

لە ساڵی (١٩٢٣) بانگەشە بۆ ئەوەکرا کە کۆنگرەیەکی جیهانی بۆ موزیکی عەرەبی رێکبخرێ لە پێناو توێژینەو و لیکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی چالاککردنی موزیکی عەرەبی و پارێزگاری کردن لە مۆرك و خەسڵەت و تایبەمەندییەکانی، لە ساڵی (١٩٤٠) ئۆرکسترایيەکی رۆژئاوایی لە رادیۆی دەوڵەت دامەزرا، بۆ ئەوەی بە بەردەوامی موزیکی سەمفۆنی پەخش بکات. لە سەرەتاکانی چاخی بیستەم دا هەوڵ و ئاکام و کاریگەری موزیکی ئەورپی بە ئاسایی و بێ هیچ گرفتێکی ئەوتۆ باڵی بەسەر بوارەکانی کلتور و موزیکی عەرەبیدا دەکێشا بە بەڵگەی ئەوەی کە لە دام و دەزگا هونەری و ئامۆژگاکانی سەردەستی ئەو مامۆستایانەی کە لە دەرەوە خوێندبویان وانەکان دەوترانەوە و گرنگیەکی رادەبەدەرشی پێ دەدرا و ئەم رەنگدانەوەیە بووە هۆی ئەوەی کە لە نێوان هەردوو گروپی (پارێزگارانی کەلەپوور و گروپی نوێکاری لە موزیکی عەرەبی) ململانێیەکی گەورە بەرپا ببێ و هەریەك لەم گروپانە بە هێنانەوەی کۆمەڵێ نموونەی زیندوو لە بوارەکانی ئەدەب و شیعر و فەلسەفە و سیاسەت و زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەیویست ئامانجەکانی خۆی بپێکێ.

هەر لەگەڵ ئەوەشدا لەوکاتەی کە میسر لەژێر چەپۆکی داگیرکەری بەریتانی دا دەینالاند ئەو ململانێ یە لە روانگەی ئایدۆلۆژیاوە رەنگدانەوەی هەبوو (هەر چەندە ئەو تێروانینە جۆرێك لە یەکتر تێگەیشتن و هەڵەی زەقی بە خۆیەوە بینی) لە نێوان کرانەوەو هاوچەرخێتی وەرگرتنی زانیارییەکان و ئەوانی تر کە هەموو شتێکی دەرەکی و ئەوروپایان رەتدەکردەوەو هەمیشە گوێگرتن بۆ موزیکی لۆکال کە تیایدا رواڵەت و هۆشمەندی کۆمەڵایەتی و ستاتیکی بە دیار دەکەوێ و هەر لەم روانگەیەشەوە هەموو ئەو هەولانە رەتدەکاتەوە کە بەها شارستانی و زمانەوانی و ئەدەبی و ئایینییەکانی میللەت لەکەدار بکرێ. لە نێو ئاپۆرای ئەم دەنگانەدا (عەبدە حامۆلی و شێخ سەلامە حیجازی و سەید دەروێش پەروەردەبوون).

**لەگەڵ ئەمەشدا با بزانین کەش و هەوای سیاسی و کۆمەڵایەتی میسر ئەو سات لە چ بارێکدا بوو؟**

**بانگەشــە و بانگــەوازی چــالاکوانی چاکــسازی و بوژانــەوە بەرەبــەرە کاریگەری بەسەر بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەوساتدا هەبوو لە سەرووی هەمووشیانەوە شێخ (محەمەد عەبدە) بوو (خانەی ئەلئەلسن) بەردەوام بوو لە وەرگێرانی بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکانی ئەورووپی بۆ سەر زمانی عەرەبی و ناردنی فێرخوازان بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا لە وڵاتانی ئەورووپا و رۆڵێکی پۆزەتیڤانەی هەبوو بۆ شارەزابوون لەو پێشکەوتنە بەرچاوانەی لە بـواره جیاجیاکـانی ژیـان وەدەسـت هـاتبوون، لێـرەدا کۆمـەڵێ ئایـدیای دادپەروەری کۆمەڵایەتی و بڵاوبوونەوەی خوێندنی نوێ لەسەرتاسەری شار و کۆمـەڵگای میسری کاریگـەری گـەورەی هـەبوو، پروشـکی ئەمـە گەیـشتە شۆڕشی (عورابی پاشا) و خەباتی (سەعد زەغلول) و تەنانەت خەڵکی سەر شەقامی میسریش، بۆیە کاریگەریەکانی جەنگی جیهانی یەکەم کاریگەری راستەوخۆی بەسەر میسرەوە هەبوو کۆمەڵێ ئایدیا و ئایدۆلۆژیای نەتەوەیی و ئایینی و مارکسی و لیبرالی سەری هەڵدان (دواتر بۆ هەمووان روونبووەوە پاش کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم ئەو سەربەخۆیەی کە دراوە بە وڵاتانی عەرەبی تەنها مەرەکەبی سەر کاغەز بووەو چی ترنا).**

**سەبارەت بە بواری ئابووری، رژێمە عەرەبییەکان نەیانتوانی داخوازی و پێداویستییە ئابورییە سەرەتاییەکانی گەلەکانیان دابین بکەن یاخود هەر هیچ نەبێ بتوانن تەکانێك بدەنە بواری شپرێوی ئابووریان. بونیادی کۆمەڵایەتی ئەوسات لە سیستەمی (بەگ و موڵکدارو بازرگانەکان) هیچ گۆرانکارییەکی گرنگـی بەخۆیـەوە نـەبینی بـەڵکو بـە شـێوەیەکی بەرچاو دووباره حاڵـەتی دەرەبەگایـەتی لـەنێو چـینەکانی کۆمـەڵگادا سـەری هەڵدایـەوە و هـیچ دەسەڵاتێکیش لەژێر ئەو سیستەمە کۆنە پەیرەو نەدەکرا (پێش ٢٣ تەموزی ساڵی ١٩٥٢) بە دابەشکردنی میراتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کە خۆی لە دروستبوونی چەند وڵاتێك دەبینیەوە توانرا دەسەڵات بەسەر ئەو وڵاتانەدا بـچەسپێنرێ پـاش ئـەوەی کـە بیرۆکـەی یـەکێتی عـەرەبی لـە نێوەنـدە کۆمەڵایەتیەکاندا داخوازییەکی گشتگیربوو. لەنێو ئەو حاڵەت و بارودۆخە جەنجاڵەدا ئاریشەی فەلەستینی سەری هەڵدا ئەو ئاریشەیەی کە بۆ زۆرێك لە**

پارتە سیاسیەکانی ئەو سات کە ئایدۆلۆژیاییەکی نەتەوەییان پەیرەو دەکرد هەرەشـەیەکی راسـتەوخۆ بـوو بـۆ لێدانی گیـان و کیـانی عـەرەبی لـە قـولآیی یەوە. هەر لەژێر ئەم بارە ناهەموارەشدا بو کە سیستەمی پادشایی رووخاو (جـەمال عەبدولناسـر) وەکـو ئـالآ هـەڵگری گـۆڕان و خـوێنی نـوێ شۆڕشـی ساڵی(١٩٥٢) دەرکەوت.

ئەو بارودۆخەی کە لە دوای شەڕی سوەیس کەوتەوە لە (**پەیمانی بەغدا، هێرشـی ئەمـەریکا بـۆ سـەر ناوچـەکە، بزووتنـەوەکانی سـەربەخۆیی نشتمانی لـە ئەفـەریقیا و ئاسیا، دروسـتبوونی چەندین پـرد و رێگـای ئازادی بەرەو بەرەی سوسیالیستی، هەنگاونان بۆ وەدیهێنانی دادوەری کۆمەڵآیـەتی لـە میـسر**) ئـەم هـەموو بارودۆخـە ئـاڵۆزە وای لـە جـەمال عەبدولناسـر کـرد کـە هەسـت بـەو گۆڕانـە بکـات و وای لـێ بکـات کـە بتوانـێ کـەش و هەوایـەکی کۆمەڵآیـەتی کلتـوری بخوڵقێنـێ کـە لەگـەڵ ئاکـام و ئامانجـەکانی شـۆڕش و سـەرکردایەتی ئەوسـات هاوشـانبێ ئەم حاڵەتـەش وا گوزارشتی لێوەکرا کاتێ بە راشکاوی لە وتیەکدا بەرجەستە کرا کە دەڵێ:

(شۆڕشـی کلتـوری بنـەمای شۆڕشـی سیاسـی و هـەروەها بنـەمای شـۆڕی کۆمەڵآیەتیـشە) چـونکە وێنـاکردنی سـاتە تاڵـەکانی ژیـان وا لـە ئاریـشەی گـۆڕانی کلتـوری دەکـا کـە ئاریـشەیەکی هەنووکـەیی بـێ بـۆ تێرامـان و چاکـسازی). بۆیـە تێـڕوانین بـۆ هونـەر و کلتـور لـەوەدا بەرجەسـتە ببـوو کـە:(شۆڕشـی کلتـوری خـۆی لـەپێناو خزمـەتی شۆڕشـی سیاسـی و خزمـەتی شۆڕشـی کۆمەڵآیـەتی دا دادەنـێ) بۆیـە لـە ئایـدۆلۆژیای ئـەو رژێمـە پلـە و پایەیـەکی شایـستە درا بـە رۆڵـی هونـەر و کلتـور چـونکە بـەپێی ئـەوەی کـە ئامانجـەکانی ئـەو رژێمـە لەسـەر ئاسـتی کۆمەڵآیـەتی و سیاسـی و ئـابووری داخوازییـەکی ئـەو جـەماوەرە فراوانـە بـوو ئـەوا بوارەکـانی راگەیانـدن و چۆنیەتی مامەڵەکردنی بوارەکانی تری هونەر و کلتور توانیان ئەو شەرعیەتە لـەو جـەماوەرە وەربگـرن و پێگـەی خۆیـان وەکـو سیـستەمی دەوڵـەت لـەناو جەماوەردا قایم تر بکەن لەگەڵ ئەوەی کە دام و دەزگاکانی دەوڵەت مۆرکێکی دەمکوتکەرانەیان هەبوو کە خۆی لە پیاوانی هەواڵگری (ئاسایشی سیاسی) دەبینیەوە. دەسەڵآت لە گەرمەی بارودۆخی وڵآتدا هەمیشە چاودێری دیاردە

کۆمەڵایەتیەکانی نێو کۆمەڵگا دەکات و هەموو چالاکیەکی مرۆیی دەخاتە نێو یەك چوارچێوەی دیاریکراوی خۆی کەچی کلتور و هونەر ئەو دەسکردنەوە داهێنەرانەیە کە بەرەو بابەتی خوڵقێنەر دەمانبا ئەگەر چی دەسەڵات لە هەموو بارودۆخەکاندا دەیەوێ هاوسەنگیەك بداتە بابەتەکان و تای تەرازوو بە هیچ لایەکدا لارنەبێتەوە، چونکە هێزە کلتوریەکان وەکو ئەوەی کە (**هربرت رید**) باسی لێوە دەکا و دەڵێ (**ئەوان هەمیشە لە حاڵەتی یاخی بوون دان، ئەوان هەست بکەن یاخود هەست نەکەن هەمیشە دەیانەوێ ئەو بۆتە و چوارچێوانە تێکبشکێنن کە بونەتە بەربەست لەبەردەم گەشە و نەش و نوما سروشتیەکەی خۆیان یاخود بونەتە رێگر لەبەردەم کرانەوەی دەروازە و دەلاقە داخراوەکان**).

کەواتە پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا رەوشی کلتور و هونەر چۆن دەبێ ئەگەر بەو ئاراستەیەدا نەڕوا کە دەسەڵات مەبەستیەتی؟.

لێرەدا ئاکامەکان هەمیشە بە دڵی رابەرانی ئەو کلتور و هونەردا نابێ بە تایبەت ئەگەر بوارەکانی دیموکراتی و هەمەلایەنی سیاسی دوورە پەرێز یاخود بوونیان نەبێ لەو مەسەلەیە گرنگە. لەگەڵ ئەوەشدا وڵاتی میسر لەکاتی گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن عەبدولناسرەوە هەنگاوی گەورەی بەرو بونیادنانی کۆمەڵێ دەزگای کلتوری و هونەری دا و هەورەها گرنگیدان بە دروستبوونی پێگەیەکی فراوان کە ببێتە بنەما بۆ پێشکەوتنێکی گەورەتر ئەمەش لە دروستبوونی دەیان مەڵبەندی رۆشنبیری دا خۆی بینییەوە کە سەرانسەری ئەو وڵاتەی گرتەوە و بووە هۆی ئەوەی بە دەیان گۆڤاری تایبەت بە بوارەکانی شانۆ و سینەما و ئەدەب و هونەری شێوەکاری موزیك دەربچێ و پشتگیرییەکی تەواویش بە دەست هات بۆ بیناکردن و دامەزراندنی ژمارەیەك لە ئامۆژگا و بەشە جیاجیاکانی موزیك و شانۆ هەروەها بەستنی کۆنگرەی دووەمی نێو دەوڵەتی موزیکی عەرەبی کە لە ساڵی (١٩٦٩) بەسترا یەکێ لەو دەسکەوتانە بوو کە گرنگیەکی رادەبەدەری هەبوولەو ساتەدا و کۆمەڵێ قوتابخانەی هونەری لە بورای گۆرانی شانبەشانی یەکتر لەگەڵ کۆمەڵێ لە تیپە هونەرییە موزیکیەکان دروستبوون و ئەزموونی گەورەی (ئەبو بەکر خەیرەت و عەزیز شەوان و جەمال عەبدولرەحیم و سامی حافیز و

ئەوانی تر) بونە هەوێنی لە دایکبوونی تێڕوانینێکی نوێ بۆ هزر و موزیك و کلتور بە گشتی. بێگومان ئامادەبوونی خودی عەبدولناسر لە ئاهەنگ و نمایشە شانۆیەکاندا و تەرخانکردنی خەڵات و دیاری گرانبەها بۆ داهێنەران و بەهرەداران وایکرد کە لە هەردوو بواری جەماوەر و دەسەڵات گرنگیەکی زۆر بدرێ بە بواری کلتور و هونەر و ئەم ئایدیایەش دەمێك بوو خودی عەبدولناسر خستبوویە واری جێبەجێ کردنەوە.

پابەندنەبوونی دەسەڵات بەوەی کە تێڕوانین لە ئایدیایەکان، ئایدیای سۆسیالیستین (بێگومان سۆسیالیستیەکی تایبەت کە لەگەڵ واقیعی ئەوێ بگونجێ) وایکرد کە ڕێسا و یاساکانی سۆسیالیستی مارکسی بە شێوەیەکی فراوان خوێندنەوەی بۆ بکرێ و پەردە لەسەر رووی ئەو ئایدولۆژیایە کلتوری و هونەرییە لابدرێ و هەوڵبدرێ لە ئەزموونی ئەوان بابەتێك بێت ئاراوە کە سۆسیالیستیەکی ناوەڕۆك نەتەوەیی لێیوە هەڵبهێنجرێ کە لەگەڵ بنەما و شەریعەتی ئیسلامیدا دژ بە یەك نەبن و بگونجێن. بەڵام ئەگەر بە وردی ئاورێك لەو رەوشە و بوارەکانی فیکری و کلتوری دیموکراتی ئەو جیهانە سۆسیالیستە بدەینەوە کە رەگ و ریشەکانی لە ئایدیاکانی (جۆزێف ستالین)ەوە هاتبوو ئەوا بێگومان بۆمان دەردەکەوێ کە چۆن هۆشمەندی کۆمەڵایەتی و کلتوری و هونەری سەرەتاکانی ساڵانی شەست لە میسردا بونیاد دەنرا.

پاش شەری دۆراوی شەش رۆژەی مانگی حوزەیرانی ساڵی (١٩٦٧)و دواتر مردنی جەمال عەبدولناسر کە رۆژانێکی زۆر سەخت و دژواربوون و دواتر هاتنی (ئەنوەر سادات) بۆ سەرووی دەسەڵاتی حوکم رەوشەکە سەراوگێر بوو لە گشت بوارەکاندا و لە رەگ و ریشەوە هەڵتەکێنراو سەبارەت بە بوارەکانی هونەر جۆرێك لە خۆخواردنەوەو پاشەگەردانی بە خۆیەوەبینی کە چاوەڕوان نەدەکرا ئاوای بەسەر بێت.

کرانەوە بەرووی کۆمەڵگا و بوارەکانی پێشکەوتن لە ماوەی گرتنە دسەتی دەسەڵات لەلایەن (سادات)ەوە بەوە دەناسرا کە (کرانەوەیە بە رووی وەرگرتنی بەرتیل و گەندەڵی ئیداری و شانۆگەری ناوەندەکانی هێز بە دەست و ئابووری داتەپیوو هەناردەکردنی بە دزی و زیادبوونی رێژەی کۆچ و کۆچبەران بۆ دەرەوەی وڵات) و هەروەها پەیمانی (کامب دیڤید) و دژایەتی و

سەرکوتکردنی گشت ئەو ڕەوت و هێزانەی چەپ و ڕاست و دوەڵەمەندبوونی ناسروشتی ئەوانەی بەڵگەشیان لەسەرە و دابەزینی ئاستی موزیك و هونەری شانۆ و زنجیرە تەلەفزیۆنییەکان و تێکچوونی ڕەوشی خوێندن و داخستنی گۆڤار و ڕۆژنامە جەماوەریەکان و ناچارکردنی ڕۆشنبیر و هونەرمەندانی بە ئەزموون کە وڵات بە جێبهێڵن.

شەری ئۆکتۆبەر ! ئەو ئاکامانەی لەم شەڕە کەوتنەوە لە بوارەکانی دەنگۆ و لێکترازانی شیرازەی هزری و سیاسی و ئابووری وڵات زۆر لەوە زیاتر بوون کە ئاکامەکە وا سەیر بکرێ کە شەڕی ئۆکتۆبەر داستانێکی پەڕینەوەیە بۆ ئەودیوی شتەکان.

ئەم کرانەویە هەڕەمەکیە ئابووری گشتی و بەهای کڕنی (جونەیهی) میسری داتەپاند و بووە هۆی لێدانی گەورەترین زیان لە بوارەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵی نیشتیمان کە تازە دەیویست نەش و نوما بکا بۆیە کۆمەڵێ دیاردەی ئابووری نوێ سەری هەڵدا کە هیچ پەیوەندییەکی بە هێزی کار و وەرهێنان نەبوو لەوانە (**سەمسەرەکردن + دانانی کاربەدەستانی گومانلێکراو + هەناردەی دزراو، هاوردەی هەڕەمەکی، پەراوێزخستنی بەرهەمی نشتمانی، بەستنەوەی بازاری لۆکالی لاواز بە بازاری دەرەوەی بەهێز**) ئەم ڕەوشە بەردەوام بوو تا کار گەیشتە ئەوەی کە سەرمایەدار و گەورە موڵکدار و پیاوانی گۆمانلێکراو بگەڕێنەوە ریزی پێشەوەی بوارەکانی سیاسەت و ئابووری.

لەگەڵ ئەو بارەداو دوای ئەوەی لە ساڵی (١٩٧٣) نرخی نەوت بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەرزبوەوە لە ئاکامی ئەو بەربەستانەی لەبەردەمیا بوون لە کاتی فرۆشتنی و (هەڵبەزی نرخی یەك بەرمیل لە (٣) دۆلارەوە بۆ زیاتر لە (٤٠) دۆلار بۆ یەك بەرمیل) ئەم حاڵەتە وایکرد کە وڵاتە ڕۆژهەلاتیە نەوتیەکان کە ئەو کات نوقمی پاشەگەردانی کۆمەڵایەتی و سیاسی ببوون توانیان لە ڕێگەی زیادبوونی نرخی نەوت بێنە ریزی پێشەوەی بارودۆخە سیاسی و ئابوورییەکەوە، سەبارەت بە بوارەکانی کلتور و هونەر ئەم وڵاتانە توانیان کۆمەڵێ دەزگای گەورەی کلتوری و هونەری دابمەزرێنن وەك (**کڕینی ڕۆژنامە و گۆڤار، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوە، ستۆدیۆکانی سینەما و**

**تەلـــەفزیۆن بـــۆ وەبـــەرهێنانی فلـــیم و زنجـــیرە تەلەفزیۆنیـــەکان، لەباوەشگرتنی موزیکژەن و نووسەرو رۆژنامەنووس و هونەرمەندان و بیرمەندەکان)** بە پێدانی پارەیەکی زۆر بۆ کارەکانیان و هەروەها بۆ خودی خۆیان بۆ باشترکردنی بژێوی ژیانیان. سەبارەت بە وڵاتی میسر سەرهەڵدانی کۆمەڵێ بابەتی تری لێ کەوتەوە لەوانە پەیدابوونی کۆمەڵێ بازرگان کە ئامانجی سەرەکیان (قازانجی ئاسان و خێرا و راستەوخۆ) بکەن کە بێگومان ئەم سێ کۆڵەگەیە هیچ پەیوەندییەکی بە بەرهەم و وەبەرهێنان نییە. ئەم کەش و هەوا تەماویە کاریگەری راستەوخۆی لەسەر پێکهاتەی کلتورێکی هونەری نوێی شێوێنراو هەبوو کە هیچ بنەما و رەگ و ریشە و رەوشی رەسەنایەتی لێوە بەدی ناکرێ **(گۆرانیـە ئاسـت نزمـەکان ـــ زنجیرە تەلەفزیۆنییە بێ ئاستەکان ـ فلیمی سوك و ناوەڕۆك بە تاڵ کە باسی لە ئاریشە و رەوشی مادده بێهۆشکەرەکان دەکرد لەگەڵ چەندین فلیمی سیاسی کە ئامانجی گەورەیان لێدان و شێواندنی دەسکەوتەکانی ساڵانی شەست بو لە میسر)**. لە بابەتە ئازار کێشانەی کە نووسەران و روناکبیران بە دەستیەوە دەیانالاند بە تایبەت ئەوانەی لەسەر چەپڕەوەکان ئەژماردەکران و چەندین ساڵی تەمەنیان لە کونجی بەندینخانە بەسەر بردوو تەنانەت هەندێکیان لە تاراوگەکان رزابوونەوە تووشی حاڵەتی شۆك ببوون کاتێ هەردوو سەردەمی (عەبدولناسر و سادات) یان لەگەڵ یەکتریدا بەراورد دەکرد!!..

لە لێتۆژینەوەیەکی **دکتۆر سەعدەدین ئیبراهیم** سەبارەت بە کاریگەریە کۆمەلایەتیەکانی سامانی نەوت بەسەر کۆمەڵگا نووسەر نوسیویەتی و دەڵێ: (نەوت توانی عەقڵی هەندێ لەو هێزە دیار و نادیارانەی نێو سیستەمی عەرەبی نوێ رەها بکات لەوانە هێزی گۆڕانکاری لە هاوکێشە عەرەبییە هەمە ئاستەکاندا کە بریتی بووە لە پەیوەندی نێوان وڵاتەکان، لە دیوی ناوەوەی هەموو کۆمەڵگاکانیان، لە نێو ناخ و سینەی هەموو پیاوان و ئافرەتانی نشتمانی عەرەبی. بە هەموو پێودانگەکان نەوت بەردەوام بوو لە کاریگەری راستەوخۆی، خۆی بەسەر گۆرەپانی کۆمەلایەتی کۆمەڵێك لەو وڵاتانەی کە بەرهەمیان دەهێنا بە تایبەت لە (٤٠) ساڵی دواییدا. بەلام گەر بە وردی لەو (١٠) ساڵەی رابردوودا بڕوانین سەیر دەکەین گۆڕانکارییە کۆمەلایەتییەکانی

پەیوەست بە نەوت جۆرێك لە جوڵەی خێرا و رووداوی دڵهەژێنی تێكەوت بە تایبەت لەو وڵاتانەی لە بەرهەمهێنانی نەوتدا رۆڵێكی كاریگەرییان بەسەر بازارەكانی نەوتدا هەیە لە جیهاندا و پرۆشكی ئەم گۆڕانكارییە بێگومان بە وڵاتە دراوسێكانی ئەو وڵاتانەش كەوت كە بەرهەمهێنەری نەوتن. بۆیە دەكرێ لێرەدا بڵێین كاتێ كە باس و خواس دێتە سەر باسكردنی سیستەمی كۆمەڵایەتی عەرەبی زنجیرەی هۆكار و ئاكامەكانی، نەخۆشی و چارەسەر لە وڵاتێك لەو وڵاتانە لەسەرەتایەتی و لە وڵاتێكی تردا ئاكامەكانی لە كۆتایەكاندا نزیك دەبێتەوە كەواتە دەتوانین بڵێین كە نەوت ئەو ئاگرە نووستووەیە كە هەمیشە گۆڕانكارییەكانی بەخۆوە هەڵگرتووە و ئیمپریالیزم ئاسا، كەی بیەوێ دایبگیرسێنێ ئەوا تەر و وشك بەیەكەوە دەكاتە ژیلەمۆ. وەكو ئاكامەكانیش دكتۆر سەعدەدین ئیبراهیم (٦) وێنەی زیندووی نێو كۆمەڵگا دەكاتە هێمای گۆڕانكارییە بونیادگەرەكانی نێو كۆمەڵگای عەرەبی كە بریتین لە (**خێڵەكیەكی دەسەڵاتدار، سەرمایەدارێكی بێ ئەزموون، خوێندكارێكی بواری پزیشكی كە سەرپۆشی لەسەرە و تێكۆشەرێكی موسڵمانی توندڕەو، جووتیارێكی میسری كە كۆچی كردووە بۆ دەرەوەی دۆڵی نیل**) ئەو گۆڕانكاریانە رۆڵێكی گەورەیان بینی لە ئاراستەكردنی گۆڕانكارییەكانی نێو هۆشمەندی كۆمەڵایەتی گشتگیری كە لە ناواخنیدا بێگومان هوشمەندی ستاتیكی كۆمەڵایەتی بە روون و ئاشكرا دەبینرێ.

تێكچوون و نالەباری لایەنی دەرامەت و نەبوونی رێكخراوەكانی كلتوری نشتمانی و پەرتەوازە بوونی رۆشنبیران و سەرهەڵدانی ململانێی نێوان رەوتە سیاسیەكانی وڵاتانی عەرەبی و بە بنەماكردنی پاشگەردانی (ئابووری) و چوونە نێو باوەشی رەچاوكەرایەتی هەموو شتێ لە وڵاتانی تر، ئەمانە هەموو تێكڕا بوونە هۆی لەباربردن و تێكچوونی رووی گەشی شارستانیەت تا وای لێهات كلتور لە قۆناغێكی پڕ قەیرانەوە دەینالاند ئەمە رەنگدانەوەیەكی بەرچاوی هەبوو لەسەر رۆڵی هونەرمەندان و روناكبیران لە ئاكامدا جۆرێك لەیەكنەگەیشتن و پێكەوەژیانی نێگەتیڤانە سەری هەڵدا لەگەڵ ئاوێتەیەكی نامۆ لە رەوتە هزرییەكان كە هیچ ئاسۆیەك و پەیوەندییەكی رۆشنبیری بەیەكەوەی نەدەبەستنەوە. وەك سەرهەڵدانی هزرێكی عەقڵانی لەتەك هزرێكی

ئەفسانەیی یاخود هزرێکی سەلەفی، لەتەك هزرێکی هاوچەرخ. ئاوێتە و پێکهاتەیەکی جیاواز لە ئایدۆلۆژیا بێ سنوورەکان و بێ شوناس و ناسنامە واتە هیچ رەسەنایەتییەکان تێدا نابینرێ، بەڵام لە هەمان کاتدا سەلەفین بابەتەکانی واقیعی ژیان دەخەنە روو دوور لە رادیکالیەت و بە شێوازێکی لاهوتیانەیان کە قەدەر وای دەوێ بە کۆتا دێ کۆمەڵێ دەنگی هەڵبڕاو کە باس لە گۆڕان دەکا دەبسترێن، بەڵام لە هەمانکاتیشدا داکۆکی لەو رژێمە دەکەن کە حوکم بەڕێوەدەبا هەروەها لە نێو کلتوردا بە دوای ناسنامە و کەلەپووردا دەگەڕێن. بەڵام چاوپۆشی لە حاڵی حازرو ئێستادا دەکەن. کت و مت شتەکان لە رۆژئاوا وەردەگرن و باس لە جێماوی کەلەپووریش دەکەن.

به شێوەیەکی گشتی کلتورێکی ئیستهلاکی باڵی بەسەر بارودۆخەکەدا کێشابوولەگەڵیشیا هزرێکی قازانج کردن لە هەموو شتێك، ناوخۆ و بوارەکانی کلتور و هونەر و ئەدەبی گرتبووە وە.

پارە وەرگیراوەکانی فرۆشتنی نەوت و چالاکیە ئابوریەکانی تر کە هیچ پەیوەندییەکیان بە پرۆسەی بەرهەم و هێز وەربەرهێنان نەبوو (کڕیاری نوێ)ی هێنایە ناوپرۆسەی (ئیستهلاکی) بەرهەمەکانی کلتور و هونەر.

ئایا دەتوانین بڵێین کە (موستەهلیك) خاسیتەکانی ئەو (شت و مەك)انە دیاریبکات کە دەیەوێ لە کۆڵیان کاتەوە؟.

ئەم دەستەواژەیە راستە سەبارەت بە پێداویستیە ماددییەکانی مرۆڤ.

دەترسێین بڵێین ئەم دەستەواژەیە سەبارەت بە پێداویستییە رۆحیەکانی مرۆڤیش راست بێ!.

لەم رۆژگارەدا کە لە توانای مرۆڤدا هەیە هەرچی پێداویست هەیە بە (پارە) دەستەبەری بکات.

ئەو بارودۆخەی کە لە میسردا هەیە کە نمونەیەکی زیندووی بارودۆخەکانی نێو کۆمەڵگاکانی ولاتانی تری عەرەبییە کەواتە دەبێ پێشبینی ئەوە بکەین کە گۆرانکارییە کۆمەڵایەتی، ئابوری، سیاسی هەر ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە ئێستا لە نێو بوارەکانی کلتور و هونەردا هەیە.

ئەمەیە کلتوری کاسێت و CD و (ڤیدیو کلیب)ی ئاست نزم، تیپ و گروپەکانی موزیکی ئاست نزم، ئەزموونگەری ئاستنزم لە دەروبەرمان تەنانەت لە ناو ماڵەکانیشمان ئەی چارەسەر؟

# پاشـــكۆ

دكتۆر (عبدولحەليم عوەيس) باسێكی فقهی ئامادە كردووە كە باس لـە بابـەتی (گـۆرانی و موزيـك دەكـات لـە نێـوان ڕێگاپێـدان و ياسـاغ كـردن (تـەحريم) كە لـە ڕۆژنامـەی (شەرقولئەوسـەت) بە (٧) زنجيرە لـە ١٩٨٣/٢/٢٥ بڵاوبـووەوە. لێـرەدا گۆڵبـژێرێكی ئـەو باسـە پێـشكەش دەكـەين، كـە بـاس لـە گرنگی ئەو بابەتە دەكات و بۆ ئەمڕۆشمان بابەتێكە زۆر گرنگ و هەستيارەو پێويستە بە وردی شيكاری بابەتيانەی بۆ بكرێ).

ئــەوەی كــە زانــراوە لــە زانــستی (ئــسوڵدا) و لــە فــەرموودەكانی پێغەمبەريشدا (د.خ) بە ڕوونی دياريكراوە، ئەوەيە كە ئەوەی كە خوای گەورە بێدەنگی لەسەر كردووە ئەوا ئەو شتە حەلالە لە هەمانكاتدا دەڵێين كە خوای گەورە هيچ شتێكی لەبيرنەچووە ياخود بێدەنگی لەسەر نەكردووە.

(ئەبولحەزەم) كە يەكێكە لەو زانايانەی كە زياتر بە لای ڕێگاپێداندا دەشـكێتەوە بـە دوای ئـەو فەرموودانــەدا دەڕوا كـە حاڵــەتی ياسـاغ كـردن (تـەحريم) تـەواوی لێـوە دەتكـێ ئـەو لـەو فەرموودانــەدا بـە دوای ئەوانــەدا دەگەرێ كە ريوايەتيان كردووە و سەنەدی تەواويان هەيە و لە هەمانكاتيشدا رەخنە لە تێگەيشتنی ئەوان دەگرێ بۆ ئەو فەرموودانە.(ئەبو حەسـەنی فـەزلی مەقدس)يـش هـەمان بيروبۆچوون و رای (ئـەبولحزەم)ی هەيـە دەربـارەی ئـەم بابەتــە، ئــەوان دەڵــێن ئاكــامی سروشــتی تێگەيــشتن بــەو فەرموودانــەدا گەڕانەوەيە بۆ (ئەسڵ)كە خـۆی لـە (ڕێگاپێدان)دا دەبينێتـەوە. (ئەبولحـەزەمی ئەندەلوسـی دەڵـێ: هـيچ شـتێ دەربـارەی تـەحريمی گـۆرانی لـە ئـارادا نييـە ئەوەی كە باسی لێوەكراوە هەمووی هەڵبەستراوە و دانراوە).

هەروەها دەڵێ (قەسەم بە خوای گەورە گەر يەكێك لەوانە سەنەدێكی تــەواوی هەبوايــە يــان ئــەوانی تــر پاســا و باســكراو بــن لــە فــەرموودەكانی پێغەمبــەر (د.خ) ئــەوا زۆر بەگەورەييــەوە پــەيڕەومان دەكــرد و لەســەری دا پێـداگر دەبـووين و بـە تـەواوی جێبـەجێمان دەكـرد) دواتـر ئەبولحـەزەم بـە بابەتەكەدا دێتە خوارەوەو كۆمەڵێ فەرموودەی دروستی (پێغەمبەر د.خ) راڤە دەكـات دەربـارەی (ڕێگاپێـدان)ی چـڕينی گـۆرانی موزيـك لــە ســەردەمی

پێغەمبەر(د.خ) داو بەمجۆرە باسیان لێوە دەکات.

(لە عائیشە دایکی ئیمانداران رەزای خوای لەسەر بێ دەگێڕتەوە کە ئەبوبەکر (خوای لێی رازی بێ) هاتۆتەماڵیان دوو کەنیزە خەریکی گۆرانی چڕین و دەف لێدان بوونە و پێغەمبەر (د.خ) لەسەر جێگاکەی پاڵکەتبوو عەباکەی بەسەر سەری خۆی دادابوو ئەبوبەکر بە تورەیی سەرزەنشتی کەنیزەکانی کردووە لەوکاتەدا پێغەمبەر سەری خۆی لەژێر عەباکەدا دەرهێناوەو فەرموویەتی (لێیان گەرێ ئەبوبەکر ئەوە رۆژانی جەژنە).

(لە گێرانەوەیەکی تری عائیشە (خوای لێ رازی بێ دەفەرمووێ یەکێ لە کەنیزەکانی ئەنسارییەکان لە ماڵمان بوو بە بووکمان برد لەوکاتەدا پێغەمبەر (د.خ) لەسەر بێ هاتە ژوورەوەو گوێی لە گۆرانی چڕین نەبوو فەرمووی (ئەی عائیشە یەکێ لەگەڵیا نانێری گۆرانی بۆ بچڕێ ئەو گەڕەکەی ئەنساریان حەزیان لە گۆرانییە).

مەقدیسی ریوایەت دەکا و لە قسەکانی دا پشت بە خالیدی کوڕی زەکوان دەبەستێ لە رەبیعی بەنی معەوذ دەگێڕنەوە گوتی: پێغەمبەری خودا (د.خ) لە سەبیحەی بەنی عەلی هاتەژوورەوەو لەسەرجێگاکە دانیشت ئەمیش فەرمانی بە کەنیزەکان کرد کە دەف لێبدەن و ستایشی ئەوانە بکەن کە لە شەڕی (بەدر)دا شەهید ببوون تا یەکێ لە کەنیزەکان لە بابەتەکە رەتی داو وتی: ئێمە پێغەمبەرێکمان هەیە دەتوانێ روداوەکانی سبەینێشمان پێ بڵێ پێغەمبەر(د.خ) لێرەدا فەرموویەتی: (لەو شتانە گەرێ ئەوەمان بۆ بڵێ کە پێش ئێستا دەتگووت، ئەم فەرموودەیە تەواوەو بوخاری راستی کردۆتەوە.

لە عائیشە (رەزای خوای لەسەربێ) دەگێڕنەوە پێغەمبەری خوا (د.خ) سەفەرێکی درێژی لەپێش بوو کاتی هاتوو سەفەری کرد. یەکێ لە کەنیزەکان لەسەرخۆ نەزری کردبوو ئەگەر خوای گەورە لەو سەفەردا پێغەمبەری خۆی بە سەلامەتی بگەڕێنێتەوە ئەوا لە ماڵی پێغەمبەر دەستدەکا بە دەف لێدان ئەم کردارەیان بە جێگەیاند بەبێ ئەوەی لادانێك بێ لە پەیرەوانی ئایینی ئیسلام و پاك و بێگەردی خوای گەورە.

لە تەریفی سوفیانی نەوەوی ئەگێڕنەوە ئەویش لە ئەبی ئیسحاقی سەبیحی لە عامری کوڕی سەعدی بەجلی کە ئەبو مەسعودی بەدری و قەرزەی کوڕی کەعبە و سابیتی کوڕی یزیدی لە ئاهەنگی بووك گواستنەوە دیتبووی

لەناو مەجلیسەکەدا گۆرانی چڕین هەبووە پێی وتوون ئەوە ئێوەن و لێرەن و لە هاوڕێیانی پێغەمبەریش (د.خ) لەوەلامدا وتیان پێغەمبەر مۆڵەتی داوین بۆ ئاهەنگ و هەروەك چۆن ڕێگای پێداوین لەسەر مردووش بگرێین بیّ ئەوەی دەنگمان دەربچیّ.

لەتەك ئیبنوحەزمی ئەندەلوسی و ئەبی مەقدسی کە زۆر پاڵپشتی و تەنانەت بەرەنگاری نەیارانش بوونەتەوە لەسەر بواری موزیك و گۆرانی (شافیعی) هیچ کاتیّ باسی لە تەحریم و قەدەغەکردنی نەکردووە بەڵکو ئەو نەیویستووە زۆری و بۆری هەبیّ لەو بوراەدا هەردوو مەزهەبی ئەحمەد و مالیکیش باس لە رقلێبوونەوە دەکات لەوەی کە تەحریمیان کردبیّ. ئەوانەی کە بیّ یەك و دووش ڕێگایان بە ئەم بوارە داوە کە موزیك و گۆرانی بونیان هەبیّ (ئەبو حامیدی غەزالی و ئەبو تەییبی تەبەری و شێخ ئەبو ئیسحاق و ئینولسەباغ)ن.

لە زانایان و مەلا و فوقەهایەکانی ئەمرۆشماندا کە موزیك و گۆرانی سنورداریان تەحریم نەکردووە (عەبدولرحمان کوڕی عەقیلی زاهیری، دکتۆر یوسف قەرەزاوی، شێخ محەمەدی غەزالی، دکتۆر عەبدولعەزیز ئەلسەعید (وەکیلی زانکۆی ئیسلامی، ئیمام موحەمەد کوڕی مەسعود لە شاری ڕەیان، شێخ حەسەنێن مەخلوف (موفتی پێشووی ئەزهەر) و شێخ عەبدولرحمانی جیلالی (جەزائیر) و هەروەها ئەوانی تریش.

## پەراوێزەکان

١) جیدانۆف (وەزیری روناکبیری ستالین)خۆی سەرپەرشتی گوێبیستن و گوێگرتن لە شاکارەکانی موزیسەنەکانی رووس دەگرت و ئەو بڕیاری دەدا کە ئەم شاکارانە بۆ ئەو رۆژگار دەبن، یان نابن بە تایبەت بۆ چینی کارکەر و کۆمەڵیّ پێوەری ستاتیکی و ئایدۆلۆژی بۆ کارەکان دانابوو تەنانەت پێشنیاری هێلکارییەکی وردی هونەری کردبوو کە هاوشێوە بوو لەگەڵ پلانی بنچینەیی ئابووری بۆ کارە هونەرییەکان واتە ساڵێکی دادەنا تەنها بۆ پێشکەشکردنی (ئۆپێرا) ساڵێك بۆ (سەمفونیا) ئەمەی تریان بۆ (کانتانا) و بەشێوەیەکی دەوری موزیسەنانی هەڵدەبژارد بۆ جێبەجیّکردنی پلانەکەی.

٢) رۆژنامەی (نیـۆرۆك تـایمز) لـە نووسـینێکی (هیربـرت میتـانغ) خـاوەنی کتـێبی (فایلـە ترسناکەکان) کە لە ساڵی (١٩٨٩ز) دەرچووە دەڵێ:کۆمەڵێ زانیاری گرنگ و ترسـناك ئاشکرابوون کە ئێف بی ئای (F.B.I) لەسەر دیاریترین نووسەرەکان کۆی کردبووەوە کە لەسـەر خـاکی ئـەمریکا دەژیـان هەندێ لەوانە خـاوەنی پاداشـتی (نوبـل)یـش بـوون لەوانە (ولیەم فۆکنەر، جۆن شتاینبیك، سـانکلیر لـویس، ئەرنست هەمەنگوای) ئـەوەی جێگـای سەرسـوورمانە فـایلێکی تایبـەت بـە (بـابلۆ بیکاسـۆ) هـەبوو کەچـی ئـەو هونەرمەنـدە گەورەیـە لـە ژیـانی خۆیـدا نەچووبووە ئـەمریکا و ئەوێشی هـەر نـەدیبوو ئەوان واتە (F.B.I) پێیان وابوو کە ئەو هونەرمەنـدە گەورەیـە خـاوەن ئایدیایـەکی زۆر بە هێز و تەنانەت کاولکارە تا ئێستاش (F.B.I) پارێزگاری لەو فایلـە کـردووەو لـەلای خـۆی گلـی داوەتـەوە (سەرچـاوە ــ رۆژنامـەی ئەلمەسـاء (١٣)نۆڤەمبـەر (١٩٩٠). بـۆ زیاتر زانیاری بڕوانە کتێبی (مەکارثی و روناکبیران).

٣) شوێن پێگەی موزیك لە شارستانیەتی ئیسلامیدا بەبەرز دەنرخێنـدرێ چونکە ژمارەی ئەو کتێبانەی کە پەیوەست بوون بە شێوەیەکی گشتی یـان تایبـەت بـە موزیکـەوە تـا چەرخی حەڤدەیـەم خـۆی لـە قـەرەی (٣٥٣) کتێـب دەدا بـە داخـەوە زۆری کتێبـەکان بـە دەستنووسی مانەوەو هەندێکیشیان بە کەسـەرەوە ونبـوون. (جـۆرج فـارمر) بـە درێـژی باسـی لـەو کتێبانـە کـردووە لـە کتـێبی (سەرچاوەکانی مـوزیکی عـەرەبی) کـە لەلایـەن دکتۆر حسن نەسار وەرگێڕاوتەوە سەرزمانی عەرەبی.

٤) یەکەمین رەسم کە بڵاوکرابێتـەوە لـە شارسـتانیەتی ئیسـلامی دەگەڕێتـەوە بـۆ (سـوڵتان (سـلیم)ی، سـێیەم سـوڵتانی عوسمـانی کـە لـە سـاڵی (١٨٠٨)و دوای ئـەویش رەسمـی (محەمەد عەلی پاشا) بوو.

٥) ئیمـام محەمـەد عەبـدە لـە سـاڵی (١٩٠٣) وێنـەگرتنی حـەلال کـردووە، ئـەوەی لێـرەدا بەشتێکی نامۆ دەدرێتە قەڵەم لە ئێراندا رەسمکردنی رەسمی پێغەمبـەر و ئیمـام عـەلی و هەردوو کوڕەکەی (حەسەن و حوسەین) بوو کە زۆر بە پیرۆزییـەوە دەکرا (سەرچـاوە گۆڤاری ئەلعەرەبی) ژمارە (١٩٣)ی ساڵی (١٩٧٤).

٦) لیژنـەی مەرکـەزی حیزبـی شـیوعی یـەکێتی سـۆڤیەت لـە سـاڵی (١٩٤٨) بڕیارێکیـان دەرکرد کە ناڕەزایی خۆیان دەربڕیوە سەبارەت بە لادانی هەندێ لە دانەر و موزیسەنی یـەکێتی سـۆڤیەت لـە بـەها سـتاتیکی و فەلسـەفە و ئایـدۆلۆژی سـۆڤیەتەوە لـە شـاکارە مـوزیکیی و دانراوەکانیـان لـە بـورای مـوزیکی سـەمفۆنی و لیریکـی ئـەم بڕیـارەش زێـتر دەربارەی حکومکردنی نمایشی ئۆپیرای (هاوڕێیەتی شکۆدار) کە موزیکی نورادیلی و دەقـی مدیفـەنی) بـوو ئـەم ئۆپیرایـە لەسـەر تەختـەی شـانۆی (بولـشۆی) بـە ناوبـانگ نمایشکرا بە بۆنەی ئاهـەنگێڕان بە تێپـەڕبوونی (٣٠) ساڵ لەسـەر شۆڕشـی ئۆکتۆبـەر (سەچاوە رۆژنامەی ئەلاڤیستا (١١)ی شوباتی ١٩٤٨) ئـەوەی کـە لـە یاداشـتی لیژنـەی مەرکەزی حزبی شیوعیدا هاتبوو بەشێکی بـەمجۆرە بـوو (ئـەو تێڕوانینـە شکلییەی لـە موزیکی سۆڤیەتدا هەیە بووە هۆی دەرکەوتنی مەیلێکی لایەنخواز بۆ بۆتە ئاڵۆزەکانی

موزیکی ئامێرەکان و سەمفۆنیاکان و موزیکی ئەبستراکت ئەمە بە ڕاستی بووە هۆی ونبوونی بنەماو بەها کلتوورییە لیریکیەکان و زاڵبوون بەسەر هونەری درامای لێکەوتەوەو لە ئاکامدا موزیکیەکان وایان لێهات کە لەبیریان بچێ موزیك بۆ گەل بنووسن!!). لەلایەکی ترەوە یاداشتەکە ئاماژە بەوە دەکات کە (زۆرێك لە موزیسەنە سۆڤیەتەکان بە هەڵە لە مانای ئەزمونگەری و نوێخوازی گەیشتوون و ئەو روحیەتە هونەریەیان ونکردووەو لەهەمانکاتدا پێداویستیە گرنگەکانی گەلی سۆڤیەتیشیان فەرامۆش کردووە سەبارەت بە چێژی هونەری و گشت دەرگا و دەروازەکانی هونەری گەلیان لەسەرخۆیاندا خستووەو هەمیشە لە بەها شکودارەکانی رۆڵی کۆمەڵایەتیان کەمکردۆتەوە لەهەمان کاتیشدا هونەرییەکانیان بەرتەسککردۆتەوە چونکە ویستویانە هەندێ لە میزاجە تاکڕەوەکان رازی بکەن کە بڕوایان بە تاکڕەوی هەیە لە بڕیاردا).

ئەمە وایکرد کە ڕەنگدانەوەی ئەم کارانە پتر لە بوارەکانی دانانی سەمفونیا و ئۆپێراکاندا بکەوێتە بەر دیدگا و گوێچکەکان کە باسیش لەو حاڵەتە دەکەین ئەوا رووی پرسیارمان ئاراستەی ئەو دانەرە موزیکیانەیە کە بە شێوەیەکی شکلی دژ بە گیانی میللەت کاردەکەن. ئەم کار و کاردانەوەش بە شێوەیەکی بەرچاو لە شارەکانی هاوڕێیان (شوستا کوفیج و برۆکوفیف و خاتشادوریان و شلیباین و بۆبۆف و مایاکۆڤسکی و ئەوانی تر) دەبینرا. پاش ساڵێك لە دەرچوونی بڕیارەکانی لیژنەی مەرکەزی رۆژنامەی (ئەزڤیستا) (شوستا کوفیج لە خیتابێکی خۆیدا لە نیۆیۆرك کاریگەری ئەو بڕیارانەی زۆر بە سەرەوە بوو لەم خیتابەی دا بەراووردی نێوان فەلەسەفە موزیکیەکانی موزیسەنە رۆژئاواییەکانی بەو، واقیعییەی نێو (موزیکی خۆی و پرۆکۆفیف)ی دەکرد و لەوێدا سترافنسکی بەوە تاوانبارکرد، کە ئەو نوێنەری موزیسەنە رۆژئاواییەکانە لەسەر خاکی یەکێتی سۆڤیەت).بەوە تاونباری کرد کە زۆر شکلییە و موزیکەکانی بەرەو دارمانی فیکری و ئایدۆلۆژیان دەبا و هەروەها بەوە وسەفی کرد کە پشتی لە کەلەپووری قوتابخانەی نەتەوەیی رووسی کردووەو چۆتە پاڵ موزیسەنە کۆنەپەرستەکان ئەوانەی لایەنگری رەوتە (نوێخوازەکانن). سەرچاوە (فەیلەسوف و هونەری موزیك دانەر:بورتنوی وەرگێڕ:فؤاد زەکەریا.

٧) رەخنەگری میسری (کەمال نەجمی) سەربردەیەکی سەیرمان بۆ دەگێڕێتەوە کاتێ باس لە گەڕان و پشکنینی مانای وشەکانی گۆرانیەك دەکات لەلایەن دەسەڵاتی میسرییەوە. لەکاتی فەرمانڕەوایی جەمال عەبدولناسر بەوەی ئایا دەقی شیعری (اراك عصي الدمع شميتك الصبر)ی ئەبو فیراسی حەمدانی کە لەلایەن عبدۆحامولی ئاوازی بۆ دانراوە. تا چ رادەیەك دژایەتی گیانی سۆسیالیتی دەکا لەو وڵاتەدا!!. هەمان قەسیدە لە ساڵی (١٩٦٠) (ریاز سونباتی) ئاوازی بۆ دانایەوەو لەلایەن ئوم کەلسومەوە گوتراو گۆرانیەکە سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی بەڵام هەندێ لە ئەدیب و رۆژنامەنوسەکان دێڕێکی ئەو قەسیدەیان بە دژایەتیکردنی رۆحی سۆسیالیستی دادەنا کاتێ کە دەڵێ: (أذا مت فلا نزل القطر) بەرای ئەوان نابێ هیچ

**کەسێ، کە لەژێر سێبەری سۆسیالیستی دا دەژێی دەست لەبەر خودای گەورە پانبکاتەوەو داوای راگرتن و قەدەغەکردنی باران بارینی لێ بکات بۆ ئەو کەسانەی کە تینویانە بۆ تۆڵەسەندنەوە لە تاکە کەسێك کە مردووە یاخود لەسەر مردنە لەبەر تینویەتی!!. ئەو رۆژنامە نووس و ئەدیبانە ئەوەیان لە بیرچووە کە ئەبو فیراسی حەمدانی لەو دێرە شیعرەدا موخاتەبەی ئافرتێك دەکا کە بەڵێنی بەیەکگەشتنی پێدابوو دواتر بەڵێنەکەی بەجێنەگەیاند بوو لەبەر هەر هۆیەك بووبێ!!.**

٨) **کاریگەری ناوەندی کۆمەڵایەتی و سیاسی کراوە بێ چاودێری بابەتێکی زۆر هەستیارە و هەمیشە شتی تر بە دوای خۆیدا دێنێ بۆ نموونە لێرەدا هونەرمەندێکی ناودار وەردەگرین کە ئەو کاریگەرییەی بەسەرەوە بووە (بەلیغ حەمدی) موزیسەنی میسری کە لە شەستەکانی رابردوودا ناوبانگێکی چاکی وەدەست هێنا کاتێ کۆمەڵێ گۆرانی سەرکەوتووی بۆ ئوم کەلسوم دانا لە کاتی فەرمانڕەوایی (سادات)دا بەدوای خۆ دەوڵەمەندکردنی خێرا و ئاواز دانانی هەڕەمەکی بوو وایلێهات کە ئاوازەکانی هەمووی لە یەکتر بچن و لاسایکردنەوەیەکی بەرچاوی تێدا بەدیکرا دواتر لە ناکاودا لەنێو ماڵەکەی خۆیدا ئافرەتێکی مەغریبی بە ناوی سەمیرە ملەیان بە کوژراوی دۆزرایەوەو تەرمەکەشی لە پەنجەری ماڵەکەیدا فڕێدرایە سەرشەقام و ئەو شەوە لە ماڵەکەی خۆیدا یەکێ لە پیاوە دەوڵەمەندەکانی سعودی میوانی بووە!!. دواتر ئاکامەکەی گەیشتە ئەوەی کە (بلیغ حەمدی) وڵات بەجێبهێڵێ و رووبکاتە دەرەوەی میسر.**

٩) **نەمویست بچمە نێو بابەتی کاریگەری پارەوپولی نەوتی عێراق بەسەر پرۆسەی دروستبوونی هۆشمەندیی ستاتیکی بە کۆمەلی وڵاتانی عەرەبی. چونکە بەهەدەربردنی ئەم سامانەی نەوت بۆ سەرکوتکردنی خەڵکی نێو وڵات و شەڕی عێراق و ئێران، سەرباری کڕینی قەڵەم و دەست و پەنجەی زۆرینەی خاوەن گۆڤار و رۆژنامەنوسانی عەرەب ئەوانەی کە لە ئەوروپاوە دەردەچوون. هەروەها بە هەدەردانی ئەو سامانە نەتەوایەتیە لە پارەی نەوت بۆ (ڤیستیڤاڵ و گۆرانی و فیلم)ی کەسایەتی (سەدام) یان بەرز دەنرخاند. کاریگەری ئەو رژێمە بەسەر بزوتنەوەی کلتوری و هونەری لە وڵاتانی عەرەبیدا ئەگەر هەندێ لە چەپڕە و روناکبیر و هونەرمەند و رۆژنامەنوسی عروبی خاوەن کۆبوونەوەکانی نەوتیان لێ دەربهاوێژین. ئەو کاریگەرییە نەبووە کە بتوانی خەڵك بهەژێنێ.**

# سروودی نیشتمانیی عێراق

گفتوگـۆو تێڕامـان و بـیروو بۆچـونێکی زۆر لـە نێوەنـدی ڕۆشـنبیران و ئەوانەی گرنگی بەم مەسەلەیە دەدەن لە نێوان نەتەوەکانی کورد و عەرەب و کەمەنەتەوایەتیـەکانی تـردا سـەبارەت بـە هـەردوو ڕەووشـی ئـاڵای عێـراق و سـروودی نیـشتمانی عێراقـی هەیـە. بێگومـان کـاتێکی زۆری دەوێ تـا ئـەم هەموو بیروو بۆچوونە جیاوازانە لەسەر ئەم دوو پرسە گرنگە دەگەنە ڕایەك، ئەمـەش، جێگـەی سەرسـوڕمان نییـە، چـونکە ***ئـاڵاو سـروود)*** دوو هێمـای گەورەن و لە هەمان کاتیشدا ئاماژە بە داهاتووی عێراقی نوێی چاوەڕوانکراو دەکەن لەو ماوەیەی دواییداو دوای بڕیاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە داگـرتنی ئـالای بـەعس لەسـەر گـشت دام و دەزگاکـانی ڕەسمـی و غەیرەرسمیەکاندا جۆرە هەڵچوونێکی دەسکرد لە نێوەندو (شۆڤینیەکان)دا، دەرچـووە، کـە نـەك نایانـەوێ کوردسـتانی عێـراق بـە ئـارامی بـژی، بـەڵکو هەمیشە لە کاری ئەوە دان، کە عێراق بە گشتی لە شەڕو ئاشوبدا ببینەوە. ئەم تاخمەیە هـەموو کـاتێ دەیانـەوێ شیرازەی ڕیزەکانی گـەل تێك بـدەن و هانی لایەنێك بدەن، کە لە دژی لایەنێکی تر بکەوێتە پلان دانان، ئەم تاقمەیە خۆیـان وا پیـشان دەدەن، کـە هەیبـەتی ئـاڵای عێـراق کەوتووتـە مەترسـییەوە لەکاتێکدا هـەموو جیهـان دەزانـێ کە بڕیـاری سـەرۆکی هـەرێم داگرتنی ئاڵای بەعس بوو نەوەك ئاڵای عێراق.( ئاڵای بەعس) ئەو ئاڵایـەی کە ڕژێمـی بـەعس لـەژێر سـاییەدا دڕەنـدەترین تـاوانی جینوسـایدوو ئـازارو ئەشـکەنجەی دژ بـە گشت لایەن و نەتەوەکان ، کە پێکهاتەی گەلانی عێراق دروست دەکەن ئەنجام دا.

لە کوردستاندا ئێستا تا ئەو کاتەی ئاڵایەکی نوێ بۆ عێراق پەسند دەکرێ ئـاڵای شۆڕشـی(١٤)تـەموز هـەڵکراوە ئـەو ئاڵاییـەی، کـە گـشت هێماکـانی بەیەکەوە ژیان و پێکهاتەکانی گەلی عێراق بەخۆوە دەگرێ لەم چەند دێرەی خـوارەوەدا دەمـەوێ بـاس لـە ڕەوشـی دانـانی سـروودی نیـشتمانی عێراقیـدا بکـەم، کـە پێـشتریش چـەندین ڕۆشـنبیر و هونەرمەنـد ئەوانـەی گرنگـی بـە

بارودۆخی عێراق دەدەن باسیان لێوەکردووە. بۆ نموونە لە نووسینێکی مامۆستا(*عەلی حلی*) کە لە ژمارە(٩٤)ی، ڕۆژی ٢٠٠٣/١٠/١٩ لە ڕۆژنامەی(*سەباح*)دا بڵاوکراوەتەوە، مامۆستا(*عەلی حلی*) ناڕەزایی خۆی سەبارەت بە بانگهێشتێکی مامۆستا(*عبدولستار موهەنا*) دەربڕیوە کە ناوبراو داوای کردووە، دانانی ئاوازی سروودی نیشتمانی عێراقی تەنها بە *(ئاواز دانەرە عێراقییەکان بسپێرن)* مامۆستا عەلی حلی لێرەدا داوا. دەکا کە پێویستە بە ویژدانەوە ڕوو بە سەر گشت پەنجەرەکانی سەربەستیدا بکەینەوە با تێبگەین گشت گوڵەکان بکرێنەوەو گشت بەهرە عەرەبییەکان بەپێی دیاریکردنی سنوری جوگرافی پرۆسەی ئاواز دانانىدا بەشداربن) جارێکی تر مامۆستا عەلی حلی بەسەر گشت بەهرەو توانستە هونەرییەکانی ئاوازدانەرانی (عەرەب و کورد و تورکمان و کلدۆ ئاشوریەکان)دا بازدەداو دووبارە پێشنیار دەکاتەوەو کە دکتۆر (وەلید غەلمیە) موزیك و ئاوازی سروودی نیشتمانی عێراقی دابنێت ئەو موزیسیانەی کە کۆمەڵێ موزیك و ئاوازی لە بۆتەی (سەمفۆنیا) داناوە(هەر بۆ مۆزەخانە باشن) و تیایدا بە ڕوونی ڕۆشنبیری جەنگەکانی سەدامی گۆڕ بە گۆڕی تێدا بەرجەستەکراوە بۆ نموونە(سەمفۆنیای قادسیە) لەگەڵ ئەمەشدا کۆمەڵێکی تر لە رۆشنبیران و شاعیر و هونەرمەند و رۆژنامەنووس ئەوانەی ناو دەنرێن پیاوانی ئایینی و سیاسیە موهەڕیجەکان و جادووکەران خاوەن دووکانەکانی تێکۆشانی نەتەوەیی کتێبی( پاسەوانانی دەروازەی ڕۆژهەڵاتانی) لەبیرە جەمال غەیقانی نووسیوویەتی؟ ئەمانە لە ڕژێمی سەدامدا وایان دانابوو کە سوارچاکێکی وایان دۆزیوەتەوە کە دەتوانێ خەونەکانی پرۆژەی نەتەوایەتیان دوای ئەم خەونە بۆ جێبەجێ بکات

باشە بۆ مامۆستا(عەلی حلی)ڕەزامەندی لەسەر ئەوە پیشانداوە کە ئاواز و سروودی نیشتیمانی عێراقی لەلایەن هونەرمەند و ئاواز دانەرێکی عێراقی دابنرێ لێرەدا دەپرسین.بۆ جارێکی تر بانگەوازی ئەوە ناکرێتەوە کە پێشبڕکێیەکی هونەری لە هەردوو بواری (دەقی شیعری و ئاواز)دا تەنها بۆ شاعیران و موزیسەنانی عێراقی لە ( کورد و عەرەب و تورکمان و کلد و ئاشوری) گشت پێکهاتەکانی تری گەلی عێراقی فیدراڵ و سازبکرێ ئەو کات بە شێوەیەك ئەو سرووده دانراوەی کە لە دایك دەبێ گوزارشت لە عێراقی

نویٰ بە گشت کەلتوور و پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و تایفەگەریەکانییەوە دەکات، ئەو عێراقە نوێیەی کە بە داخەوە تا ئێستاشی لە گەلاّبیٰ(ترس و گومان)ی لەلایەن زۆرینەی نوخبەی سیاسی و ڕۆشنبیریەتی عەرەبی دروست کردووە.

سروودی نیشتیمانی عێراقی پەیڕەوێکی دیاریکراوی هیچ لایەن و حیزبێك نییە کەتیایدا ڕوالەت و ڕوانینی ئەو حیزبە دیارکراوە لەسەر ئەو نیشتیمانە هاوبەشە دیاری بکات هەروەها ئەم سرروودە پەیوەست نییە بەهیچ لایەن یاخود نەتەوەیەك یا هەر چین و توێژێك بەتەنها بەڵکو ئەم بابەتە زیندووە بەرزترو لە هەمانکاتیشدا چەکێکی پیرۆز تریشە لە بابەتەکانی تر کە ڕاستەو خۆ پەیوەندیان بە نیشتیمانەوە هەیە .گەر سەیری مێژووی دانانی ئەم هونەرە بکەین دەبینین سرروودەکانی (فلیفل) برایانی (نیشتیمانەکەم لە پێناو سەروەریدا) زۆر بەجوانی و گوزارشت لەو لەو خاکە پیرۆزە دەکەن و زۆرینەی خەڵك بە جیاوازی بیروڕا و ئاین و بۆ چوونی حیزبی و نیشتیمانیان دەیڵێن و دەیڵێنەوە !!کەواتە نهێنی ئەم گوتنەوەیە چییە ؟ وەلاّمی ئەم پرسیارە زۆر ڕوون و ئاشکرایە :ـ ئەم سروودانە هەر لەزوێکەوە تا ئەمڕۆ سروودی ڕاستگۆیانە بوون و گوزارشتیان لە مرۆڤایەتی کردووە لە گشت سرروودە (شۆڕشگێڕی و پێشەنگەکان) پتر بەناخی مرۆڤەوە نووساون بۆیە سەیر دەکەین کۆمەڵیٰ حیزب و لایەنی جیاجیا لە بیرو بۆچوون ئایدۆلۆژیاکانیان سرروودەکانی (فلیفل) یان کردۆتە ڕێبازو هاندەری بزووتنەوەی ئازادیخوازانەیان لە هەردوو کاری سیاسی و (نهێنی و ئاشکرا) وە . هەروەها لە کودەتا شۆڕشگێڕانەکانیشیان دەکاریان بردوون .

*نهێنی ئەوە لە چی دایە کە سروودی (نیشتیمانەکەم) (موطنی) لە لایەن گشت لایەن و حیزبەکانی عێراقی پێشوازیەکی گەرم و گوڕی لێکراوە وەك چۆن لەکاتی خۆیدا و لە شۆڕشی (١٤)ی تەمووز دا دەگووترایەوە ئێستاش بە هەمان چێژەوە دەبیستریٚتەوە تا ئەو کاتەی سروودێکی تازە بۆ وڵاتی عێراق پەسند دەکریٚ . هەروەها نهێنی سروودی (لە پێناو سەروەریدا) و سرروودەکانی* (فلیفل)ەکان کە لەنێوان : زیندانەکان و لە لایەن شۆڕشگێڕەکانی گشت حیزبە ئۆپۆپۆزیسیۆنەکان دەگوترانەوە .ئەم سروودانە تا ئێستاشی لەگەلا بیٰ ناوە بەناوە دەگوترێنەوەو دەژەنرێن

بەتایبەت لە بۆنە نیشتیمانییەکان و ئەو تەنگژانەی کە بە وڵاتاندا تێپەڕ دەبن .هۆکاری گوتنەوەی ئەم سروودانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم سروودانە زۆر ڕاستگۆیانە گوتراون دانراون و لە پێناو ڕەوشێکی نیشتیمان پەروەرانەش لە دایك بوون و هەروەها دەق و تێکست و ئاوازەکانیشیان زێتر ڕووەو خەڵك و جەماوەر دەچن و هیچیان بۆ مەبەستێکی دیاریکراو یاخود بەرامبەر دەسکەوتێکی ماددی دانەنراون یاخود بەڕاسپاردەی هیچ لایەنێك نەهاتوونە ئاراوە، بەڵام ئەم هەموو کارانە نابنە هۆیەکی تەواو بۆ سروودی نیشتیمانی عێراقی . ئەم عێراقە فیدرالیەی کەتیایدا گشت مافەکانی عەرەب و کوردو تورکمان و کلدان و ئاشوری و گشت ئایین و کەمە نەتەوایەتیەکانی تری تیادا دەپارێزرێ .

ئایا لەبیرتانە لە ئاهەنگی کردنەوەی خولی یارییەکانی ئۆلۆمپی کە لە شاری (ئەتلانتا)ی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەڕێوەچوو لەم ئاهەنگەدا تابلۆ موزیکییەکان گوزارشتیان لە هەر پێنج کیشوەرەکان دەکرد بە شێوەیەکی سەرنج ڕاکێش و هەردوو ئاماژەی (یالێلی و یاعەین) ی عەرەبی کە بەزمانی عەرەبی دەگووترانەوە وای کرد کە بەسەدان هەزار عەرەب بۆی بکەونە هەڵەکە سەماو سۆزو خۆشیان بکەوێتە دڵ .ئەمە لەلایەك لەلایەکی تر ئایا ئەگەر ئەم کارە وا پێشوازی لێکراوە دەبێ پێشوازیکردن لە سروودی نیشتیمانی عێراقی لە چ ئاستێك و چۆن بێ کاتێ کەزانراوە ئەم نیشتیمانە هەر لە دێرینەوە هەزارەها ساڵ بەر لەمرۆ لانکەزای پێکەوە ژیانی کلتوورو نەتەوە جیاجیاکان بووە .

سروودی نیشتیمانی عێراقی کارێك نییە بدرێتە بەڵێندەرێك یاخود بیناسازێك هەروەها (پرۆژەیەکی کەمکرنەوەی نهێنی) یش نییە بدرێتە خانەیەکی بیناکردن وەك چۆن مامۆستا (حیللی) پێشنیازی کردبوو، کە بدرێتە بەهرەیەکی ئەکادیمی وەك (غولمیە) !!. ئاوازی سروودی نیشتیمانی عێراقی دەبێ سەرە داوەکەی لە ویژدانی ئەو گەلانەدابێ کە لەسەر ئەو خاکەدا ژیاون و پێش ئەوەی وڵاتی عێراق دروست ببێ ئەو وڵاتەی کە لەدوای ئیمراتۆری عوسمانی سنوری جوگرافی دیاریکراوە!!.

لە وڵاتی جەزائیردا کۆمەڵێکی زۆری ڕۆشنبیرانی ئەم وڵاتەم بینی بە هەموو پێکهاتەکانی (عەرەب و ئەمازیغ و شاوی و تەواریق) کان کە حەسرەتیان لێ

دەبـاری چـونکە ئـاوازی سـروودی (قـسما بالنـازلات الماحقـات) لـە لایـەن موزیـسەنێکی جـەزائیری دانـراوە !! هەرچـەندە ئـاوازو دەقـی ئـەو سـروودەش زۆر بەهێزو جوانەو چەندیش پەیوەندی نێوان (بەرەی ڕزگاریخوازی جەزائیرو میسری عبدولناسر)یش پتەوو بەهێزبوو بۆ ئەوەی گەلی جەزائیر بتـوانێ برەو بەو شۆڕشە شۆڕشگێڕانەی خۆی بدا دژ بە داگیر کەری فەڕەنسی

با باسەکەمان بەرەو ڕوویەکی تر ببەین، بەڵام دڵنیام یەکسەر دەچینە نێو کـاکڵی بابەتەکـەمان . سـروودی فـەرمی کۆمـاری تـشیکۆسلۆفاکیا لـە دوو دەستەواژەی لە یەکتر جیا پێکهاتبوو (ئاواز و زمان) ی جیا لەیەکتر (تشیکی) و دواتر (سروودی سلۆفاکی) ئاوازی سروودی (تشیکی) ئاوازێك بوو شقلی مێجـەرو بـەزمانی تـشیکی دەگـوترا و ئـاوازی سـروودی (سـلۆفاکی)یـش ئاوازەکەی لە شقلی ماینەر بوو بەزمانی سلۆفاکی دەبیسترا ئەم سرووده تا ئێستاشی لـە گـەلاَبیّ هـەروەکو خـۆی ماوەتـەوە پـاش ئـەوەی گـەلانی هـەردوو وڵات (تیـشك) و (سـلۆفاکیا) سـەربەخۆییان هەڵبـژارد سـروودەکە هـەروەك جاران هەریەکە و لە وڵاتی (خۆی) دەیچڕیّ .وەکو ئاگام لیّ بیّ ئـەو زاتانـەی کە ئیستا گرینگی بە بابەتی سروودی نیشتیمانی عێراقی دەدەن دەزانن کـە سـروودی نیـشتیمانی کـوردی کـە هـەر لەکۆنـەوە تـا ئێـستا دەگوترێتـەوە سـروودی (ئـەی ڕەقیـب)ە، ئـەم سـروودە بـەدەیان سـاڵە لـە بۆنـەو ئاهـەنگ و کۆبوونەوەکانی کۆمەڵگەی کوردستان دەگوترێتەوە، کەواتە بۆ
هەرکەسیّ کە خەریکی دانانی سروودی نیشتیمانی عێراقیە دەبیّ درك بـەو ڕاستیە بکات و سروودی (ئەی ڕەقیب)ی ، کوردی لەبەرچاو بیّ، وەك چۆن دەبیّ هەردوو بابەتی (ئاڵای عێراق) و (دەستوری عێراقی)تییـان هـەردەم لـەبیر بیّ .

**پرسیار؟**

ئایا ئەو سروودەی کە نیاز وایە بۆ عێراقی فیدراڵ دابنـریّ بـەزمانی عـەرەبی دەبیّ؟

ئەگـەر تـەنها بـەم (زمانـە) بیّ ئایـا گوزارشـت لـە هـەموو چین و پێکهاتـەکانی عێراقی فیدراڵ دەکا؟

ئەگـەر هـاتوو ئـەم سـروودە بـەزمانی عـەرەبی بـوو ئـەوا ڕەوایـە، کـە هـەرێمی کوردسـتان - عێـراق سـروودی (ئـەی ڕەقیـب)ی، خـۆی هـەبیّ و لەتـەك ئـەو

سروودەی کەنیاز وایە دابنرێ بۆ عێراق لە بۆنەکاندا بژەنرێ بچڕدرێ !! وەك چۆن ئێستا ئالآی شەکاوەی کوردستان لەسەردام و دەزگاکاندا دەشەکێتەوە ئەوا لە ئایندەدا لە تەك ئەو ئالآیەی کە بۆ عێراقی فیدرالْ پێشنیار کراوە دەشەکێتەوە . وەکو بابەتێکی سوودمەند بۆ ئێستاو ئایندەی عیراقێکی دیموکراتی و فیدراڵی چاوەڕوانکراو دەبێ ڕەوشی پەسندکردنی سروودی نشتیمانی عێراقی بە هەمان پێوەری نشتمانی لەلایەن هەمووان بە شێوەیەکی تۆکمەو گرنگیپێدان بێ لە هەموو بوارەکانەوەو کارەکەش وابکەوێتەوە کە هەستکردن بە لێپرسراوەتی تێدا بەرجەستە کرابێ، وەکو ئەوەی کە لە ڕەوشی ئالآی عێراقیدا پەیڕەو دەکرێ بەلآم ئەم دۆزە دەبێ دوورە پەڕێز بێ لە عەقڵی داخراو و بەستوو کە تا ئێستا وەکو بابەتێکی زیندوو دەسلآتی زاڵە بەسەر ئایدۆلۆژیاو عەقڵی هەندێ لە هێزە سیاسیەکان و کۆمەلآتیەکانی عەرەبی و ئایینی لە بەغدا، ئەم کەللە ڕەقییەیە کە بووەتە هۆی ئەوەی کە عێراق بەرەو هەڵدێری وێرانکاری و کاوڵکردن ببات.

# ئاریشەی پەیوەندی نێوان زاراوەو میتۆدی زانستی
# لە پرۆسەی خوێندا
# ( تیۆری مەقامەکان وەك نموونە )

## زاراوەو میتۆد لە تیۆری مەقامەکاندا :

فێرخوازی هونەری لەبەر دەم جیاوازی ناونانی مەقامەکان، هەردەم کەوتۆتە نێو جەنجاڵییەکی پەشێو، چونکە هەندێ لە تیۆر زانان بە (٢٥) مەقام ناوزەدیان کردووەو هەندێکی تر کردوویانن بە (٦٦) مەقام و کۆمەڵێکی تر لەمە زۆر زێتر دەڕۆن و دەگەنە ڕادەی ئەوەی، کە مەقامەکان بە (٣٦٠) مەقام بناسێنن. هەندێ لە پەرتووکە کەلەپوورییەکانیش ژمارەکە بە (١٠٠٠) مەقام زێتر لەقەڵەم دەدەن و لێرەدا بیروڕاو سەرنج و بۆچونەکان و لێهاتوویی جیاجیا دەبینرێ. جەنجاڵی و گومانی فێرخواز لێرەدا بەدی دەکرێ کە لە خودی مەقامێکدا کومەڵە ناوێك کۆبۆتەوە، ئەم کۆمەڵە ناوەش کاتێ دەرئەکەوێ کە هەمان مەقام لە چەندین چینە دەنگی جیاجیا بگوترێ. ئەم کارە وەکو ئەوە وایە، کە لە نهۆمی یەکەمی باڵەخانەیەك دەگەینە یەکێك و ناوی دەنێین(رزگار) دواتر لە نهۆمی دووەمی هەمان باڵەخانە پێیدەگەین دەکرێ پێی بڵێین چۆنی کاك(ڕێبان)؟ دواتر هەمان کەسێتی(رزگار) دەگاتە نهۆمی سێیەمی هەمان باڵەخانە لەوێدا پێی دەڵێین بە خێربێی کاك (ڕێبین) ئایە ئەمەیان هەمان حالەتی مەقامی (حیجازکار)نییە،کە لەسەر پلە دەنگی (رێ)یەوە، دواتر کە دەچێتە سەر پلە دەنگی (سۆڵ) هەمان مەقام دەبێتە (شەت عەرەبان) و ئینجا دواتر لەسەر پلە دەنگی (عوشەیران کە دەنگی(لا)یە دەبێتە مەقامی (سۆزدڵ)؟ لەگەڵ ئەمەشدا کە ئێستا نووسینەوە لەسەر میتۆدەکانی ئەوروپا بووەتە کارێکی ڕۆژانە لەلایەن ئەو کەسانەی کە زۆر پابەندن بە بوارەکانی کەلەپوری نەتەوایەتی خۆیان. بۆیە لێرەدا کاتێ هەڵسوکەوت لەگەڵ زاراوە موزیکییەکان دەکرێ (بە دەگمەن هەندێکیان لێوەدەرچێ)جۆرێ لە زۆری و بۆری میتۆدەکان دەبینرێ. ئایا ڕەوا تر و دروست تر نییە بڵێین (راست لەسەر دۆ) لەبری ئەوەی بڵێین مەقامی ڕاست لەسەر پلەی ڕاست بە تایبەت لە کاتێکا کە نووسینەوەی ڕێگاکانی ئەوروپی

بەناو زاراوەكانیەوە لەلایەن زۆرینەی هەرە زۆری موزیسەنەكان  سەدەیەك بەر لە ئەمڕۆ پەیرەو كراوە.


فێرخوازی هونەری لەبەر دەم ناونانی ڕەگەزەكانیش دووبارە حاڵەتی شك و گومان دایدەگرێ تەنانەت گەر تاكە كەسێكیش ئەم كارە ئەنجام دا وەكو ئەوەی كە لە نموونەی ژمارە (I) روونكراوەتەوە.





نموونەی ( ١ )

ئەم ڕەگەزانە لەڕووی پێكهاتەوە هەموویان وێك دەچن تەنیا لە ڕووی پلەی جێگیربوونیان جیاوازیان هەیە. ڕەگەزی ڕاست یەكسانە بە(یەكاە عەجەم). (عوشەیران یەكسانە بە چوارگا)، (نەهاوند-بوسەلیك یەكسانە بە عوشاق)،( سێگا یەكسانە بە فەرەحناك و دواتریش (هوزام)یش یەكسانە بە ڕاحەتی ئەرواح بڕوانە خشتەی ڕەگەزەكان لە نموونەی ژمارە (٢).هەروەها بڕوانە زۆری و بۆری ناونانی ڕەگەزێك لە خشتەی ڕەگەزەكانی مامۆستا (مشعەل) .


رەگەزی عەجەم
(تــەواو)




رەگەزی  راست
(تــەواو)




رەگەزی نەهاوەنــد
(تــەواو)




رەگەزی کورد
(تــەواو)




رەگــەزی بــەیات
(تــەواو)




رەگەزی ســێگا
(فــره)




رەگــەزی نــەوا ئەســەر نــەگریز
(هەمایۆن)
(ســەروی فــره)




رەگەزی حیجاز
(تــەواو)




رەگەزی ســەبا کــورد
(تــەواو)




رەگــەزی ئەســەر کــورد
(ســەروی فــره)



رەگەزی حیجاز کار
(تــەواو)



رەگــەزی تــەرەزنون
(تــەواو)





هەمان حیجاز
رەگەزی زەنجەران
(تەواو)
X
2
رەگەزی سۆزدلار
(تەواو)
3
هەمان بەیات
رەگەزی بەیاتی شور
(تەواو)
X
4
رەگەزی سەبا
(لەژێر کەم)
5
هەمان عەجەم
رەگەزی چوارگا
(تەواو)
X
6
هەمان عەجەم
رەگەزی زەنگوولاَ
(تەواو)
X
7
هەمان راحەی ئەرواح
رەگەزی هوزام
(کەم)
X
8
رەگەزی موستەعار
(سەروی تەواو)
9
رەگەزی عەراق
(تەواو)
10
هەمان لێکدراوی هوزام
رەگەزی راحەی ئەرواح
(کەم)
X
11
هەمان لێکدراوی عەراق
رەگەزی پەستنەکار
(تەواو)
X
12
هەمان رەگەزی راست
رەگەزی سۆزناك یاخود سۆزدلار
(تەواو)
X


**لەم دوو خشتەیەی سەرەوەدا ئەو ڕەگەزانەی، کە بە هێمای (X) ئاماژەیان پێکراوە کومەڵێ ناوی جیاجیایان هەیە، بەڵام لە ڕووی پێکهاتەوە لەگەڵ ڕەگەزەکانی تری هەمان خشتە وێك دەچن. بۆ ڕونکردنەوەی سەرچاوەی وەرگرتنی ئەم خشتەیە بڕوانە کتێبی (لێکدانەوەی زانستی ڕێساکانی موزیکی عەرەبی لاپەڕە(١٠٨)نموونەی ژمارە (٢).**

**لێرەدا کۆمەڵی پرسیار لەبەر دەم فێرخوازانی ئەم هونەرەدا تە تەڵە دەکرێن، ئایا ناکرێ تەنها پەنا بۆ ناوێك لەو ڕەگەزانەی کە وەکویەکن لە پێکهاتەکانیاندا ببردرێ، بەبێ ئەوەی لەمەقامە جیاجیاکاندا دەستنیشانی شوێنەکانیان بکرێ؟ .چۆن پرۆسەی کۆکردنەوەی ئاوێتەکراوەکان و لەیەکتر جیاجیاکان و بەیەکتر لکاوەکانی ڕەگەز و گرێکان دەکرێ؟ ئایا هیچ یاسایێك یاخود شێوازێك هەیە کەهەموومان لەسەری کۆك بین؟ پاشان ئەو میانە زیادکراوانە یاخود ئەو دوو میانە زیادکراوانە چین (نازمەندی مەقام و پەنامەندی مەقام)بۆ جیاوازی لە ژمارەی گرێیەکانی مەقامدا لەلای لێکۆلەرێك لەگەل یەکێکی تر بەراورد دەکرێ؟ ئایا ناکرێ کۆمەڵێ پرسیار،کە هەمیشە بە هزری فێرخوازدا گوزەر دەکەن و بازنەی ڕەگەزەکان گەورەتر بکرێ؟ بڕوانە نموونەی ژمارە(٣).**

مەقامی ڕاست



مەقامی بەیاتی شوری




نموونەی ( ٣ )

ئـەوبیرورِاو ئەزموونـە موزیکیانـەی کـە لـە رِۆژهـەلاتی ناوەرِاسـتدا کەڵەکــە کــراون هــەموویان لەوکاتــەدا چــەکەرەیان کرد،کــە کــەلتووری میللەتـەکانیان لـە ئاکامی کارلێکـەرە مێـژوویی و جوگرافی و ئایینییـەکان (بـە تایبەت ئایینی ئیسلامی) ئاوێتەی یەکتر بوون، ئەم هۆکارانەش بوونە هۆی هاتنەکایەی کۆمەڵێ چەمك و ناو و زاراوەو ئەزموونی موزیکی (بە تایبەت لە بـواری (مـەقام)دا دواتـر رِەگ داکـوتینی ئـەم بابەتانـە لـەنێو کلتـوری هـەر میللەتێك لەو میللەتانەی ئەم ناوچەیە(کورد - عەرەب - فارس - تورك). لێرەدا مەبەستم تەنها بوارەکانی موزیکی هونەرکارییە نەوەك موزیکی فۆلکلۆری و مەقام،کە وەکو هەمبانەیەکی لێهاتووەو تێکرِای ئەزموونە موزیکییەکان لە (هزر و تیۆرەکان و پراکتیك) دەگرێتەخۆ.

تـا ئێـستاشی لـە گەلـدابێ گـەلانی ئـەو سـنوورە جیاکـەرەوەی نێـوان مەقامـەکان چ وەکـو پەیـژە و مەقامـەکان یـاخود وەکـو ئـەزموون و هزرێکـی هونـەری موزیکی بە چـەمکە هونەرییە فراوانەکەیـەوە تا ئێستا ئەم سنوورە دیار نییە. لێرەدا گەر شیکردنەوەیەکی میتۆدیانە بۆ ئەو پێکهاتانەی ئەم ئەزموونــە گەورەیــە نــەکرێ کــە خــۆی لــە مەقامــدا دەبینێتــەوەو دواتــر دابەشـکردنی ئـەم توخمانـە بەسـەر کۆمـەڵێ بابـەتی تایبەتمەنـدی سـەرەکی موزیکی لـەنێو میتـۆدی خوێنـدنی هونـەری کۆلیـژ و پەیمانگـە هونەرییـەکان، چـونکە بـێ ئـەم بابەتـە زانستیانە فێرخـواز هـەردەم دەبـێ دەسـتە و ئـەژنۆ دابنێشێ و تا ژیانی ماوە دەبێ بە دوای ئەو ناوانەدا بگەرِێ کە لە تیۆری مەقامەکانـدا بـە جۆرێـك ئاماژەیـان پێکـراوە کـە نـاتوانرێ ببێتـە بابـەتێکی

زیندوو، هەروەها لەهەمانکاتدا بابەتێك بێ توێژەر ڕێگا چارە بۆ ناساندنی مەقامەکان دیاری بکات.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم، کە ئەم ئاریشەیە لە ڕێگای شیکردنەوەو وەستان لەسەر کۆمەڵی بیروڕاو سەرنجی لێکۆڵەرو تیۆرزانەکاندا باس بکەین. لەمیانی ئەو پەرتووك و بۆچوونانەیان کە وەکو دیکۆمێنتی هونەری ئێستا لەنێو پەیمانگەکانی موزیکی لە وڵاتانی عەرەبیەوە دەخوێندرێن.
شیکردنەوەو وەستانی زانستی و هونەریمان لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە دەبێ:-


* پۆلینکردنی مەقامەکان وەکو پەیژە .
* شیکردنەوەو پێکهاتەو کۆگەل .
* میانە ناوبرو زیادکراوەکان و پەیوەندییان بە کۆ وە .

بۆ ئەم مەبەستە (٦) سەرچاوەی جیاجیام لەوڵاتانی سوریا و جەزائیر و میسر و لیبیا و کوێت و لوبنان هەڵبژاردووە:-

١. لێکدانەوەی زانستی ڕێساکانی موزیکی عەرەبی مامۆستا (عبدول حەمید مشعەل) چاپی دیوانی چاپەمەنییەکانی زانکۆیی جەزائیر ١٩٨٩.
٢. موزیکی تیۆری مامۆستا (سەلیم حلو) بڵاوکراوەکانی خانەی کتێبخانەی (الحیاه- بیروت) لوبنان.
٣. مەقامەکانی موزیکی عەرەبی مامۆستا (مفتاح ئەلسویسی ئەلفورجانی) (خانەی جەماوەری بۆ بڵاوکردنەوەو دابەشکردن و ڕیکلام - بانگەشە) مسراتە لیبیا.
٤. ڕابەری مەقامەکان و پێکهاتەیان مامۆستا (ئەحمەد حوسێن) میسری، کە لە جەزائیر چاپکراوە.
٥. (بازنەی کەمال)ی، مەقامەکانی ڕۆژهەلاتی سوری کە لەخانەی (الحکیم) لە حەماە- سوریا چاپکراوە.
٦. کەوتنی پێکهاتەکانی موزیکی عەرەبی (مەقامەکان) دکتۆر (فەتحی ئەلخەمیسی) لە گۆڤاری (عالم الفکر) لە کوێت ساڵی(١٩٩٨) چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

# پۆلینکردنی مەقامەکان وەك پەیژە:

پۆلینکردنی مامۆستا (مشعەل) پشتی بە دوو مەقامی سەرەکی بەستووە، کە تیایدا چوار مەقامی لێوە هەڵدەهێنجرێ و ئەمیش لە ڕێگای خۆیەوە نۆزدە مەقامی لێوە دروست دەبێ. بروانە نموونەی ژمارە (٤).



# ئەم ناوانە لە کوێوە هاتوون؟

لێکۆڵەر لێرەدا خۆی دەتوانێ ئەم مەقامانەی کە مەقامی سەرەکین دیاری بکا. ئەو مەقامانەی کە لەوانیشەوە وەرگیراوە و دەرهاتوون کە لە بنەڕەتدا لەسەر هەر پلەیەك لە پلەکانی مەقامی سەرەکییە بەبێ ئەوەی هیچ گۆڕانکاریەك لە شوێنی پلەکانییەوە بکرێ بونیات نراون (پارێزگاریکردنی رابەر و مەقامەکانی سەرەکی) بەڵام ئەو مەقامانەی کە لە مەقامە سەرەکییەکان لق و پۆپ دەرئەکەن کە لە زۆرینەی جاردا یاخود وا دیار دەبێ کە لەسەر پلەی یەکەمی مەقامەکانی دەرهاتوو بونیات دەنرێن لەگەڵ دەسکاریکردنی هەر پێویستیەکی هونەری لەسەر پلەیەك یاخود زێتر لە پلەکانی مەقامی دەرهاتوو، ئەم حاڵەتە بەپێی لێهاتوویی و زیرەکی ئەو زاتە دەبێ کە شیکردنەوەکە دەگرێتە ئەستۆ. لێرەدا کاتێ سەیری شوێنەکانی مەقامە دەرهاتووەکان لەو دوو مەقامە سەرەکیە دەکەین دەبینین شیکردنەوەو زمانێکی پاراوو جوانمان دێتە بەردیدە کاتێ (سەیری ئەومیانانە دەکەین کە جارێك سەرووترن بە سیانییەك و جارێکی تریش نزمترن بە سیانییەك) لەم دیمانەیەدا هەندێ ئاکامی چاوەڕوانەکراویش دێتە بەردەممان.

ئەگەر بە وردەکارییەکانی شیکردنەوە، سەیری کۆی مەقامەکانی مامۆستا (مشعەل) بکەین ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە (دەرهاویشتە)کان زۆر دەکەونە بەرچاو بۆ نموونە چوارگا و زەنگولاو ڕاحەی ئەرواح هەموویان لەسەر پلەی یەکەمی مەقامی دەرهاتوو لە هەردوو مەقامە سەرەکیەکە بونیات نەنراون لێرەدا مەقامی دەرهاتوو کە لەسەر پلەی ئەو مەقامە نەبووە کە لێوەی وەرگیراوە (مەقامەکە لێرەدا مەقامی بەیات)ە کە لێوەی دەرهاتووە.

ئەگەر هاتوو ویستمان گوێ بۆ مەقامی زەنگولا شل کەین یاخود خۆمان بیژەنین، مەحاڵە لێرەدا لەڕێگای بیستنەوە بتوانین دان بەوەدابنێین کە ئەم مەقامە لەو بەیاتە دەرهاتووە، کە خۆی لە بنەڕەتدا واتە بەیاتەکە لە مەقامی (ڕاست)وە دەرهاتووە. چونکە لێرەدا هیچ چارەگە دەنگێك نابینرێ و ڕەگەزی یەکەمی مەقامەکەش ڕەگەزی عەجەمە، وەکو گروپ ئەم مەقامە(لەلایەن لێکۆڵەرانی تر لە ڕیزی مەقامی عەجەم)پۆلینکراوە .

ژمارەی ئەو مەقامانەی کە مامۆستا (مشعەل) پۆلینی کردوون (٢٥)


مەقامن و بەشی ڕەگەزەکان کۆمەڵێ ناوی دووبارەکراوەی تیایە کە پێویستی نەدەکرد هەبن (بڕوانە پۆلێنکردنی ڕەگەزەکانی مامۆستا(مشعەل). بەلام لەهەمان کاتدا هەنگاوێکی گرنگ ڕووەو بەرژوەندی پرۆسەی خوێندن و فێربوونی فێرخوازان دەچێ، کاتێ هاتووە ناوی پلەی دەنگی گڕ یاخود دەنگی تیژی بۆ ناونانی مەقام بەکارهێناوە، دەڵێ مەقامی (دۆ ڕاست)و مەقامی (ڕێ)بەیات.

* * *

بەلام لەلایەن مامۆستا (ئەحمەد حوسێن) پۆلێنکردنەکە لە چوار مەقامی سەرەکیەوە سەرچاوە دەگرێ کە بریتین لە: مەقامی (ڕاست – بەیات ـ نەهاوند ـ عەجەم).

مەقامەکانی تر هەر هەموویان یان هەندێکیان بە پێی لێهاتووی و زیرەکی لەسەر پلەکانی ئەم چوار مەقامە دەردەهێنرێ کاتێ بە کۆمەڵێ نیشانەی گۆڕین و دەسکاری دەکرێن، کەچی هەندێ مەقام هەن ناتوانین بەشێوەیەکی ڕەها دیارییان بکەین، بەڵکو دەبێ لە بواری نۆتە و جۆرەکەیدا بەوردی لێی بکۆڵینەوە بۆ نموونە: (مەقامی حوسەینی) کە خۆی لە مەقامی ڕاست دەرهێنراوە، بەلام لە بنەڕەتدا دەچێتە سەر گروپی بەیاتی. بڕوانە نموونەی ژمارە (٥).

مەقامی بەیات حوسێنی لەسەر دۆگا (ڕێ)



نمونەی ٥

ئەو مەقامانەی لەلای مامۆستا (ئەحمەد حوسێن) دیاریکراون ژمارەیان دەگاتە (٦٠) مەقام، لەگەڵ کۆمەڵێ مەقامی تر کە ناوی ئەو ڕەگەزەی لەگەڵدا دەبێ هەڵگرتووەو کۆتایی بە مەقامەکە دەهێنێ وەکو: ئەو مەقامانەی کە لە مەقامی کوردەوە دەرهێنراون (مەقامی سەبا کورد ـ مەقامی موحەیر کورد ـ مەقامی عەجەم کورد).


* * *

بەڵام پۆلینکردنی کەمال ئەلدیری لەسەر چوار مەقامی سەرەکی کراوە کە بریتین لە:-

مەقامی عەجەم ـ نەهاوند ـ ڕاست ـ بەیات. لەم چوار مەقامە سەرەکیەش چوار مەقامی تر دەرهێنراون کە بریتین لە:- مەقامی کورد ـ حیجاز ـ سێگا ـ سەبا.

لێرەوە بەپشت بەستن بە وێکچوونی ڕەگەزی یەکەم لە هەردوو کۆمەڵەی مەقامەکان (سیتەمی گروپەکان) بەرەو مەقامەکانی تر هەنگاو دەنێ، دواتر ئەو گۆڕانکاریانە بەپێی ڕێگای دەرهێنان و تەسویرکردنی (گۆڕانکارییەکان و شوێنەکانیان) بەخشتەیەك دەستنیشان دەکات: بڕوانە نموونەی ژمارە (٦)


حیجاز



شەهناز



نەهاوەند



**ماموٚستا ( کەمال ) ئەم مەقامەی ( فەرەج )ی لەگەڵ مەقامی نەهاوەند دانەناوە لەو زنجیرەیەی کە دروستی کردووە**

**نمونەی ٦**

کۆی گشتی ئەو مەقامانە لەلایەن کەمال ئەلدیری بە (٤٤) مەقام دانراون.

* * *

کەچی لەلای مفتاح ئەلسویسی ئەلفورجانی پۆلێنکردنەکە پشت بە (١١) مەقامی سەرەکی دەبەستێ کە بریتین لە: (مەقامی ڕاست ـ بەیات ـ نەهاوند ـ عەجەم ـ سێگا ـ هوزام ـ عراق ـ نەوا ئەسەر ـ حیجاز ـ کورد ـ سەبا) لەم

مەقامانەشەوە مەقامەکانی تر دەردەهێنرێن. بۆ نموونە لە مەقامی (ڕاست)دا (١٠) مەقام دەردەهێنرێ ولە مەقامی بەیات (٦) مەقام و لە نەهاوندیشدا (٨)و ئەوانی تریش بەمجۆرەی سەرەوە. لێرەدا هەرمەقامێکی سەرەکی لەگەڵ کۆمەڵەکەیدا گروپێك پێك دەهێنن و ئەو مەقامانەن کە ڕەگەزەکانی خوارەوەیان هاوشانی ڕەگەزەکانی سەرەوەشیان جیان لەیەکتری.

* * *

## شیکردنەوەو پێکهاتەو کۆ

هەموو کاتێ دەرك بەوە دەکەین، کە میتۆدی شیکردنەوەی مەقامەکان هەمان ئەو قوتابخانەی دانانی موزیکی میللەتانن کە هەن وەك بڵێی تیۆری مەقامەکان شێواز و ڕێگای دانانی موزیکی میللەتان بووەو شیکردنەوەکەش دەبێتە هۆی لە دەستدانی چەمکی مەقامەکە ئەگەر هاتوو وامان لێکدایەوە کە مەقام بە تەنیا لە هەشت دەنگ پێك نایەت و بەمەش لێکدانەوەی مەقام تێنویەتیمان ناشکێنێ ئەگەر هاتوو باسەکە تەنها ڕەگەز و گرێ و میانە لەیەکتر جیاکان و زیادکراوەکان بگرێتەخۆ، هەروەها دیسان بەمەش پێکنایەت ئەگەر هاتوو تەنیا جۆری کۆکردنەوەکە بخەینە ڕوو ئایا ئەم (کۆ)یە بەجیاجیا یە یاخود بەیەکەوە یان بە ئاوێتەکراوی لەگەڵ یەکدیدا دەکرێ. بەڵکو دەبێ لێرەدا هەموو ئەو بەشانە شیبکەینەوە لەڕووی سەرچوون و خوارچوون و خولانەوەو چەسپاوی مەقامدا ئەم حاڵەتەش هەردوو لایەنی بەرپرس لە پرۆسەی تێگەیشتن و وەرگرتن کە بریتین لە (فێرخواز و بابەتی هونەری) تووشی ئاڵۆزی و لەیەکترحاڵی نەبوون دەکا کاتێ کە مەقامەکان دەکەونە نێو بابەتی یەکەیەکی خوێندنەوە. لێرەدا جیاوازی میتۆدەکان لە خوێندنەوەدا دەبێتە هۆی جیاوازی لە دانانی زاراوەکانیش، بۆیە وەکو شتێکی سروشتی مامەڵە کردنێکی دیاریکراو لەگەڵ کۆمەلێك لە ڕەگەز و مەقامەکان وا دەکەوێتەوە کە تۆ بەهەوەسی خۆت ناوێك کە بریتی بێ لەناوی کەسایەتیەك یاخود ناوچەیەکی جوگرافی یا هەر شتێکی مرۆیانەی دیاریکراو یا هەر ناوێك لەنێو ئەم کەونەدا بۆ ئەو بابەتە هەڵبژێری.


با لەخوارەوە سەیری هەندێ لەو نموونانە بکەین کە لە کۆمەڵێ میتۆدەوە

وەرگیراوە (بەمەرجێ شێوازی باسکردنی زمانەوانی لێکۆڵەر بپارێزین).

لە دەسپێکی شیکردنەوەیدا بۆ مەقامی (حەسار) لە نموونەی ژمارە (٦)دا ئەحمەد حوسێن دەڵێ:-

مەقامی (حەسار) لە گرووپی مەقامی نەوا ئەسەرە یاخود بڵێ لە مەقامی نەوا ئەسەرە بەڵام لەسەر پلەی دۆگا وێنا کراوە هەندێکی تر وای دادەنێن، کە ئەم مەقامانەی ناوبراو لە گرووپی مەقامی بەیات بێ ئەگەر هاتوو پلەی سێیەمی کرا بە دەنگی (سێگا)و گۆڕینەوەی پلەی دەنگی حەسار کە (سۆل #)ە، بە (سۆل)ی سروشتی لەکاتی خوارچووندا.بڕوانە نموونەی ژمارە (٧).

مەقامی (حەسار)ی ئەحمەد حوسێنی





نموونەی ( ٧ )

ئاشکرایەکە (ئەحمەد حوسێن) لێرەدا باس لەدوو مەقامی جیاواز دەکا، کە لەنێو چوارچێوەی شێوازێکی دانانی دیاریکراو بەکارهاتوون. ئەم جۆرە بۆچوونە بۆ چەمکی مەقام بۆچوونێکی کەلەپوریانەی دیاریکراوە، وەکو ئاشکراشە دیارە چەمکی گرووپ و مەقام کە ئێستا باوەو دەخوێندرێ لەلای لێکۆڵەر بە بابەتێکی چەسپاو نەگۆڕ هاتووتە ئاراوە.

لێرەدا تێبینیەکی تر دەخاتە سەر شیکردنەوەکانی کاتێ دەڵێ(هەردوو حاڵەتی سەرچوون و خوارچوون لەنێو مەقامەکانماندا جۆرێك لە ئالۆزی و ئاستەنگی هونەری دروست دەکا، بۆیە بە باشمان زانی مەقامەکان تەنها لە حاڵەتی سەرچووندا شیبکەینەوە). باشتر وابوو بۆ ئەحمەد حوسێن ئەم مەقامەی سەرەوە هەر باس نەکا، چونکە ناوبراو بە مەقامی (نەوا ئەسەر) ناوزەدی کردووە.

با نموونەیەکی تر وەرگرین ئەمیش: مەقامی (زوایل)ە، (ئەحمەد حوسێن) دەربارەی ئەم مەقامە دەڵێ:-

ئەم مەقامە لە گرووپی مەقامی (ڕاست)ە چونکە لە بنەڕەتدا مەقامی (ماهور)ە، هیچ جیاوازیەکیان لەنێوانا نییە تەنها لەکاتی کارکردن نەبێ لە سەریان. هێنانە ناوەوەی پلەی نەگریز بۆ سەر مەقامی ڕاست و دواتر گەڕانەوە بۆ ڕەگەزی ڕاست بەهۆی هەردوو پلەی سێگا و چوارگاوە دواتر بە کورتی دەیبڕێنێتەوەو دەڵێ: ئەم مەقامە مەقامی (ڕاست)ەو بەسێ ڕەنگ خۆی پێشان دەدا (ماهور) و (نەگرین) و (ڕاست) .بڕوانە نموونەی ژمارە (٨)




نموونەی( ٨ )

## سەلیم حلو و شێوەی مەقامەکان


سەلیم حلو گەورە موزیسانی لوبنانی هەنگاوێکی گەوەری بەرەو پێشەوە ناوە کاتێ لە زۆر شوێن لە کتێبەکانی باس لە ئاسانکاری و هەڵگرتنی ناوە دووبارە کراوەکان دەکاو جەخت لەسەر ئەمەش دەکا کە پێویستە ناوە (بیانییەکان) هەڵبگیرێن و میتۆدێکی زانستی ڕوون بۆ ئەمە پەیڕەو بکرێ. کاتێ لە کتێبی (موزیکی تیۆریدا) مەقامەکانی شیکردۆتەوە، شیکردنەوەکانی لەناوەڕۆکی مەقامەکانەوە کردووە، ویستویەتی میتۆدەکانی پێش خۆی بپارێزێ و بەهەڵە لێیان تێنەگا. چونکە لەلای ئەم مەقام دەبێ دوو ئوکتاڤ ببڕێ ئینجا دەتوانین تێبگەین ئەمەش نەك تەنها بۆ شیکردنەوەی

مەقامەکە بێ بەتەنها بەڵکو بۆ باسکردنی ڕێگاو بۆتەکانی ئیرتیجال و دانانی موزیکەکە بێ، داخۆ موزیکەکە تا چەند توانیویەتی ڕەسەنایەتی خۆی بپارێزێ؟ جا موزیکەکە عەرەبی بێ یان تورکی یاخود جۆرێکی تر.

مەقامی (شەت عەرەبان) وەك ئاشکرایە هەمان میانەکانی مەقامی (سۆزی دڵ)ی هەیە، سەرەتای دەست پێکردنی لە پلەی (یەکا) کە (سۆل)ی گرە دواتر پلەی دووەم کە (عوشەیران)ە، (سەلیم حلو) ئەم پلەیە بە عوشەیرانی حوسەینی ناو دەبا. بۆ زیاتر تێگەیشتنی کە بێگومان دەنگی (لا)یە لە دەسپێکی شیکردنەوەی بۆ ئەم مەقامە دەڵێ:- ژەنیاری ئامێری موزیك لێرەدا دەبێ هەردوو ڕەگەزی نەهاوند و نەوا ئەسەر لەسەرپلەی ڕاست دەربخا. لێرەدا بە ئاشکرا دیارە، کە لێکۆڵەر باس لە هزرێکی موزیکی دیاریکراو دەکا نەوەك تەنها شیکردنەوەی مەقامەکە، بۆیە بەم پێودانگە ئەم ئایدیایە موزیکییە ئاستی میتۆدەکە دیاریدەکا کە تیایدا مەقامی (شەت عەرەبان) بە مەقامێك دادەنێ کە کۆی ڕەگەزەکانی لە یەکتر جیان و ڕەگەزەکانیحیجاز لە میانەی دوو ئۆکتاڤدا بەخۆوە دەگرێ کە بێگومان بۆچونێکی ڕاست و دروستە. بڕوانە نموونەی ژمارە (٩)

مەقامی شەت عەرەبانی (سەلیم حلو)

کۆگەلی لەیەکترجیا (جیاکەرەوە)




نموونەی ( ٩ )

لە سەرەتای شیکردنەوەشی بۆمەقامی (سۆز دڵ)دا دەڵێ، ژەنیار لێرەدا

دەبیٚ هەردوو ڕەگەزی (حەسار) لەسەر پلەی دۆگا و ڕەگەزی حیجاز لەسەر پلەی حوسەینی دیاری بکا. وادیارە لەلای (سەلیم حلو) کۆی ڕەگەزەکان لە مەقامی سۆز دلٚ بەیەکەو لکاوەن، سۆز دلٚ لەهەردوو زمانی کوردی و فارسی بەمانای (سۆزی دلٚ)دیٚ (عاطفة القلب) لە دوو شیکردنەوەی مامۆستا (سلیم حلو)دا دەکەوینە نیٚوان دوو ئەزموون و دوو ئایدیای موزیکی جۆراوجۆر. ئەم جۆراوجۆریەش لە کاریگەریەکانی شویٚن و کاتدا هەروەها لە ڕۆشنبیری و دەرککردن بە ئیستاتیکای موزیکی بەرجەستە دەبیٚ.


بڕوانە نموونەی ژمارە (١٠) ←




نموونەی ( ١٠ )

لە شیکردنەوەیەکی تریدا کە بۆ مەقامی (حجازکار)ی کردووە، کە لەناواخنیدا هەمان پیٚکهاتەی هەردوو مەقامی پیٚشوتر بەخۆوە دەگریٚ، سەلیم حلو کۆی ڕەگەزەکان بەشیٚوەی لەیەکتر جیاجیاوە دەستنیشان دەکاو وا بە ژەنیاریش دەڵیٚ: کە دەبیٚ (کەسایەتی مەقام لەوەدا بیٚ کە بتوانیٚ هەردوو ڕەگەزی حیجاز لەسەر هەردوو پلەی نەواو ڕاستدا دیاری بکات هەروەها دەڵی( سروشتی ئەم مەقامە وامان لیٚدەکا، دەبیٚ لە دەنگە (زیر)ەکانەوە (تیژ)ەکانەوە بەرەو دەنگە (بەم)ەکانەوەبیٚین (گڕ)ەکان). ئەم دیاریکردنەو تیۆرە وامان لیٚدەکاو پیٚمان دەڵیٚ: ئیٚمە لەبەر دەم ئەزموون و ئایدیایەکی دیاریکراوداین.بڕوانە نموونەی ژمارە (١١)

## شیکردنەوەی مەقامی حیجازکاری ( سەلیم حلو )
## کۆگەلی جیاکەرەوە




**نمونەی ١١**

**دەکرێ کۆمەڵێ نموونەی تر لەسەر جۆرەکانی شیکردنەوەو میتۆدەکانی باس بکەین، بەڵام ئەم باس کردنە کارەکەمان زۆر لێ ئاڵۆز دەکا، بە تایبەت کە بواری دیاریکردنی گرووپەکان یاخود مەقامە سەرەکییەکان هەروەها شێوازی نوسینەوەی مەقامیش دەگرێتەخۆ ئەگەر هاتوو سنورێك لەنێوان هەردوو چەمکی (شیکردنەوەی موزیکی) و (شیکردنەوەی مەقام) و خوێندنی مەقامەکان و پێکهاتەی ناوەڕۆکی مەقامەکان وەکو پەیژە نەبێ(لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە سلیم حلو گرنگیەکی ئەوەتۆی بە پۆلینکردنی مەقامەکان نەداوە، بەڵکو زۆر جەختی لەسەر بواری شیکردنەوە کردۆتەوە هەرچەندە لەهەندێ شوێندا باسی لە ڕاوبۆچوونی هەندێ لە لێکۆڵەران کردووە.**


**لە شێوازی نووسینەوەی مەقامی حوسەینی لەسەر پلەی دوگا (رێ) لەلای احمد حوسێن دا ئەم مەقامە دەبێتە مەقامێك کە لەپلەی دووەمەوە لە مەقامی ڕاست لەنووسینەوەدا دەست پێدەکات. بەڵام وەکو گرووپ و لەکاتی بیستندا ئەوا ئەم مەقامە لە گرووپی مەقامی ڕاستە. بەڵام وەکو گرووپ و لەکاتی بیستندا ئەوا ئەم مەقامە لە گرووپی مەقامی (بەیات)ە. لێرەدا نازانین پێداویستی هونەری ئەم شیکردنەوەیە بەرەو کوێمان دەبا!؟ بڕوانە نموونەی ژمارە (١٢) .**




نموونەی ( ١٢ )

مەقامی سازگار لەلای مامۆستا ئەحمەد حسین کەوتۆتە نێو گرووپی مەقامی ڕاست کە هەردوو پلەکانی سێیەم و حەوتەمی نیو پلە نزم کراوە بۆیە دەبێ بپرسین (ئەگەر ئەم کارە وا ئەنجام بدرێ چ شتێ لە مەقامی ڕاست دەمینێتەوە). بڕوانە نموونەی ژمارە (١٣) .

مەقامی (سازگار)ی مامۆستا ( ئەحمەد حوسێن)




نموونەی (١٣)

بۆ پێکهاتەی ئەم مەقامەش دەفەرمووێ:- ئەم مەقامە بریتیە لە دوو ڕەگەزی لەیەکتر جیا.

- ڕەگەزی پۆپ لە دەنگی دۆ بۆ دەنگی فا کە ڕەگەزی (ڕاست)ە دەگۆڕدرێ بۆ ڕەگەزی نەهاوند .
- ڕەگەزی لق لە دەنگی سۆڵ بۆ دۆ کە ڕەگەزی نەهاوندە لەسەر پلە دەنگی نەوا .

کەواتە لێرەدا ئەم چەمکە بەواتای گۆڕانکاری مەقامی دا هاتووە .

## میانەی لەیەکتر جیاکەرەوەو میانەی زیادکراو پەیوەندی هەردووکیان بە کۆ

ئـەم خالانـە ئەگـەر هـاتوو نەگوازرێنـەوە بـۆ شـوێن و مەبەسـتی خۆیـان لـەمیانی خوێندنیانـدا. ئـەوا دەبنـە هـۆی ئـالۆزی و تێکـەڵ و پێکەڵییـەك لەپرۆسەی خوێندندا لەبڕی ئەوەی وەکو ڕێگا نیشاندەرێك بن بۆ پرۆسەکە بەگشتی. هـەردوو میانـەی لەیـەکتر جیاکـەرەوەو میانـەی زیـادکراو کـە( دوو میانـەی زیـاد کـراون لەهەنـدێ جاردا) ئەم دوو میانەیە وەکـو کـەل و پـەلێکی ئامانج بەدەستن بۆ ئەوەی بتوانن ژمارەی دەنگەکانی مەقامی پێوە بگەیەنینە ئۆکتاڤ. هەرکاتێ ویستمان پرۆسەی شیکردنەوە بەئاکام بگەیەنین (بەتایبەتی لـە کۆگـەلی لکـاو و ئاوێتـە کـراو و بابـەتی شـیکردنەوەی موزیکیـدا) .بڕوانـە نموونەی ژمارە (١٤) .





نمونەی ١٤

جیـاوازی و زۆری میتۆدەکـانی شیکردنەوە لـە لێکۆڵـەرێك بـۆ یـەکێکی تـر هەمیشە دەبێتەهۆی جیاوازی بیرکردنەوە لەڕووی دیـاریکردنی شـوێنی میانـە لەیـەکتر جیاکـەرەوەکان و زیادکراوەکـان ئەمـەش لـەئاکامی جیـاوازی کۆگـەلی دەنگەکانەوە دەبێ. زۆربەی هەرە زۆری لێکۆڵەرو توێـژەران پایەنـدبوونیان بـە بەهای پێوانـەیی میانـەی لەیـەکتر جیاکـەرەوەی نێوان دوو ڕەگـەزیان دووبـارە کردۆتـەوە لـە حاڵـەتێ بمانـەوێ لێکدانـەوە بـۆ ئـەو مەقامانـە بکـەین کـە وەکـو مەقامێکی ئاوێتەکراو یـاخود کۆگـەلێ لەیـەکترجیای بـۆ ئـەنجام بـدرێ (لێرەدا پێوانەی میانەی لەیەکتر جیاکەرەوە دەبێ یەك میانەی تـەواو بـێ). جگـە لەمـە هەردوو ڕەگەزەکان بەیەکترەوە گرێدەدرێن بـە گرێـدانێکی لکـاو یـاخود ئاوێتـە کراو دەکرێ بۆ پرۆسەی گرێدانی (گرێ)یەکانیش بەکاربهێنرێن.

بەڵام هەروەکو چۆن هەموو ڕێسایەك (بەدەر)ێکی دەبێ ئەوا (مەقامی عەجەمی نەخشێنراو لەلای ئەحمەد حوسێن) ڕەگەزەکانی لەیەکترجیان و میانەی لەیەکتر جیاکەرەوەکەشی تەنها (سێ)یەکی تۆنە لێرەدا لێکۆڵەر ئەم بارە بە بارێکی (ناسروشتی)دادەنێ ئەم لێکدانەوەیە دەکرێ بۆ ئەم حاڵەتە دروست بێ بەمەرجێ لێکدانەوەکە بکەوێتە نێو بابەتی شیکردنەوەی موزیکی.

بڕوانە نموونەی ژمارە (١٥). ←

مەقامی (عەجەم) و نەخشێنراوی (ئەحمەد حوسێن)





ئەومیانە جیاکەرەوەی نێو هەردوو ڕەگەزەکە پێوانەکەی( ٣) چارەگە دەنگە (واتەمیانەیەکی تەواو) نی یە لە مەقامی پێکهاتوودا کە لە دوو ڕەگەزی لەیەکتر جیاکەرەوە پێك دێت

**نموونەی ١٥**

شیکردنەوەی (سەلیم حلو)مان بۆ جۆرەکانی (کۆگەل) لەنێوان هەردوو مەقامی (شەت عەرەبان و سۆزدل)دا بینی بەڵام لە نێوان هەموو ئەم شیکەرەوەو لێکۆڵەرەوانەدا ئەلفرجانی بەتەنها گومانی لە جێگیر کردنی کۆتایی جۆرەکانی کۆگەل هەیە ئەگەر هاتوو شیکردنەوەی مەقامێك زیاتر لە لێکدانەوەیەکی زانستی بگرێتەخۆ. بۆ نموونە ئەلفرجانی باس لە مەقامەکانی بەیاتی دەکا، کە پێی وایە لە ئاکامی کۆگەلێکی لکاوکە (هەرواشە و دروستیشە). ئەلفرجانی دەڵێ: دەکرێ ئەم لقە ڕەگەزە لەیەکتر جیاش بێ و ئەم حاڵەتەی بە نووسینەوەی مەقامەکە دیاریکردووە وەکو لە نموونەی ژمارە (١٦) دیارە.


کۆگەلی مەقامی (بەیات)ی ئەلفورجانی




نموونەی ( ١٦ )

**ئەلفورجانی هەمان شتی سەبارەت بە مەقامی عوشاقی تورکی دووبارە کردۆتەوە کاتێ لە نموونەی ژمارە (١٧)دا مەقامەکەی بە نۆتە نووسیوەتەوە.**

کۆگەل لەمەقامی عوشاقی (تورکی)ی ئەلفورجانی





نموونەی ( ١٧ )

**بەڵکو ئەلفورجانی دوورتریش لەمە ڕۆیشتووە سەبارەت بە (لقە ڕەگەزەکان)ی گشت مەقامەکان کاری نووسینوەی ئەنجامداوە بەبێ ئەوەی پێوانەی میانەی لەیەکتر جیاکەرەوە دیاری بکا چونکە لەگەڵ ئەمەشدا ئاریشەی زۆری و بۆری ناوی ڕەگەزەکانی لەلادا هەر ماوەتەوە. بۆ نموونە لە مەقامی عوشاقی تورکیدا ئەو ڕەگەزە ئاوێتە کراوە بە ڕەگەزی پۆسەلیك ناوزەد کراوە ئایا ئەم ڕەگەزە پۆسەلیکە یاخود نەهاوندە؟ سەرباری ئەوەش مەقام لەلای ئەلفورجانی بە ڕێگای شیکردنەوەی تایبەت بەخۆی، بەشێکە لە ژەندنی ڕەها بۆیە لێرەدا دەڵێ: لە خاسیەتەکانی مەقامدا پێویستە ختوکەی پلە دەنگی ڕاست بکەین دواتر کەمێك لەسەر مەقامی بەیات لەسەرپلەی ڕێ دا بوەستین (ئەم بۆچونە بۆچونێکی دروستە) بەمەرجێ ئەم شیکردنەوەیە لە**


بابەتی شیکردنەوەی موزیکیدا بکرێ یاخود لەمیانەی ئامێرەکاندا شوێنی بۆ بکرێتەوە یان لە ئیرتیجال و ژەنینی مەقامەکاندا پێگەی هەبێ.
نموونەکانی ژمارە (١٨ ـ ١٩ ـ ٢٠ ـ ٢١) ئەو بارە دیاریدەکات کە (کۆگەل)ی لکاو لەیەکتر جیاکەرەوەی تێدا دەکەوێ.

دوو فاقی(کۆگەل) ی ئەلفورجانی
مەقامی حوسەینی عوشەیران





نموونەی( ١٨ )

مەقامی عەجەمی نەخشێنراو





نموونەی( ١٩ )

مەقامی نەهاوەندی کوردی




نموونەی( ٢٠ )

مەقامی بۆسەلیک




نموونەی ( ٢١ )

لێرەدا ئەلفورجانی کۆی لەیەکترجیاو لکاوی لە دیاریکردنی مەقامدا بەکارهێناوە بە بێ گوێدان بە پێوانەی ئەو میانە لە یەکتر جیاکەرەوەی کە دەکەوێتە نێوان دوو رەگەزی لە یەکتر جیا . ئەمە هەنگاوێکە بۆ پێشەوەمان دەبا بۆ سادەکردنی خوێندنی مەقامەکان

لێرەدا ناڕێکی و بارێکی غەیرە هونەری بەدی دەکەین، کە لە شیکردنەوەی ئەو دوو مەقامە،کە لەپێکهاتەیاندا لەیەکتر نزیکن لێرەدا بەدیارکەوتووە هەردوو مەقامی نەهاوندی کوردی و مەقامی پۆسەلیك کە دەکرێ یەکەمیان بەوە ناوزەد بکەین لە ئاکامی کۆگەلێکی لەیەکتر جیاکەرەوە یان لکاودا دروست بووە و مەقامی دووەمیشیان کە مەقامی (پۆسەلیك)ە ئەمیشیان لە ئەنجامی کۆگەلێکی لکاو یاخود لەیەکتر جیاکەرەوە دروست بووە. کەواتە لێرەدا بۆ ناو گەنجینەی زاراوەکان دیسان و دیسان ناوێکی تری مەقامێکی تازە دەخرێتە ناو هەگبەوە.

* * *

## بیروبۆچوون و ڕای د. فەتحی ئەلخەمیسی

بیروبۆچوون و ڕاو سەرنجی دکتۆر ئەلخەمیسی حاڵەتێکی نموونەیی ئەکادیمی ئامێزە، چونکە دکتۆر لێزانێکی چاکی موزیکی ئەوروپاییە و هەردەم بەمیتۆدو بابەتەکانی ئەم موزیکە سەرسام بووە (ئەمەش ڕاستە) بەڵام کە هاتووەو ویستویەتی هەندێ لەو میتۆدانە بە شێوەیەکی زۆرە ملێ بەسەر مەقامەکاندا بسەپێنێ ئەوا بەڕای ئێمە لەو ڕاستیە دوورکەوتووتەوە. دکتۆر ئەلخەمیسی داوا دەکا هەندێ لەو توخمە سەرەکییانە ببڕدرێن یان لابردرێن و یاخود ڕەت بکرێنەوە کە بەڕاستی ئەبێ بوونی ئەو توخمانە هەموو

مەقامـەكان تـەنها وەكـو چـەند پەيژەيـەكی (ماتمـاتيكی) بـەبیٚ مانـاو بنـەما بمێننـــەوە. كەواتـــە ئـــەم ڕەتكردنەوەيـــە لـــەپای چـــی؟ هـــەروەها بـــۆ چ بەرژەوەنديیـەك ئـەم كـارە بكـەين؟ ئـەوەتا ئەوروپاييـەكان بـەهيچ شـێوەيەك كەلەپوری خۆيان چ كەلەپوری فۆلكلۆری بیٚ ياخود كەلٚيسايی ڕەت ناكەنەوە، تەنانـەت هـەر چ شـتێكی نـویٚ كاريـان دۆزيبێتـەوە ڕاستەوخۆ خستوويانەتە سـەر بـەها كۆنەكانيانـەوە. ئايـا ئـەوان خوێنـدنی زانـستی كونتراپۆينـت هونـــەرەكانی پۆليفـــۆنی و فۆگـــەيان لـــە ميتـــۆدی پـــەيمانگاو كۆليـــژە هونەرييەكانيان ڕاگرتووە؟ [1] بەهيچ شێوەيەك توخونی ئەم كارە نەكەوتوون، بەڵكو بە پێچەوانەوە بابەتەكانی ئەوانەی تازە هـەر دەم پشت ئەستوورن بە (هونەری كۆن)ی خۆيان.

ياسـاكانی زانـست و تيۆرەكـانی ئـەم بابەتـە جياوازييـەكی تـەواويان لەگـەڵ چـەمك و تيۆرەكـانی هونـەر و كلتـوردا هەيـە چـونكە ياسـاكانی زانـست و تيۆرەكـانی پراكتيكـی بابـەتێكن بـۆ نـەوەی كـۆن و نـویٚ هـەموو شـتێك ڕەت دەكاتەوە، بـەڵام چەك و تيۆرەكانی هونـەر و كلتـور بابـەتێكی كەڵەكە كراون،

[1] (كلاسـيكی نـویٚ)ی چـاخی بيـستەم كـە خـۆی لـەكارەكانی سترافنـسكی و قوتابخانـەی روسـيدا دەبينێتــەوە ڕەگ و ڕيــشەی ئــەم تەوژمــە دەگەڕێتــەوە بــۆ هــەمان ڕێبــازی (كلاســيك)ی كــۆن. (كــارل وورف)و مويــسيزەن و دانــەر بــە بــەكارهێنانی پەيــژەو (هزرێـك)ی گريگۆريـدا داهێنـانێكی گـەوەری پێـشكەش كـردووە بـە تايبـەت كـە لـە شاكاری(كارمنيا بوران)دا دەرەكەویٚ، تەنانەتموزيكی ئەلـەكترۆنی لەترۆپكی پلـەكانی سنوور بەزاندن واقيعدا لەلايەن ژان ميشيل ژار ئيفانجليش دا ئـەم حاڵەتـە دەردەكـەویٚ. هەروەها كۆمەڵێله هونەرمەندانی تر هيچ پاشـەگەردانيان نـەكردووە لـە بـەكارهێنانی تۆناليتی (مەقامی) هارمۆنی كلاسيكی بەشێوەی زنجيرەيی بەستۆكە سادەكان ($T - S - D - D^{7} - T$) تيان، لەگەڵ ئەمەشدا ئـەم موزيكـە موزيكێكی هاوچەرخەو رۆحی چاخەكەی هـەڵگرتووە. وەكو زانراويشە كە ترۆپكی پلـەكانی سەربەستبوونی مـوزيكی لـە تۆناليـت و ناتوناليـت (مـەقامی ولا مـەقامی) كـە لـە سيـستەمە تازەكـانی موزيكی نویٚ لەلايەن (ئەلبان برگ شونبرگ)و ئـەوانی تـردا هـەبووە هـەموويان بـوران و بـوون بەسەرچـاوەيەك بـۆ تێكـڕای ڕەوتـی مـوزيكی ئـەوروپی هاوچـەرخ بـەڵام ئـەم نوێخوازی و نوێكارييە هيچ كـاتیٚ ئەدەبە هاوهونـەريی و ستياتيكا بۆر و بەجۆرانـەی پـێش خـۆی ڕەت نەكردۆتـەوە چـونكە ڕەوشـە سـەرەكيە لێـرەدا لـە داهێنـان و كـاری سەرپێيدا بەرجەستە دەبیٚ.

چونکە مرۆڤایەتی ئێستاشی لەگەڵدا بێ ناتوانی دەست بەرداری هەندێ لەو ئامێرە فۆلکلۆرییە ڕەسەنانە بێ وەك تەموورە و شمشاڵ و دەهۆڵ و زوڕنا. کاتێك کە کارێکی موزیکی سەردەمیانە دەنووسی بۆ ئۆرکێسترایەکی سەمفۆنی ئەم ئامێرانە ڕۆلی بەچاو دەگێڕن لە ناساندن و پاراستنی سامانی ڕەسەنایەتی میللەتێك بەڵام لەبواری یاساکانی زانست و تیۆرەکاندا ئێستا مرۆڤایەتی لەبڕی بەکارهێنانی بەلەمە پەڕۆدارەکان (پاپۆر)ی هاوچەرخ بەکاردەهێنێ بۆ مەیسەرکردنی کارەکانی. هەروەها کاتێ هونەرمەندێکی شانۆکار دەیەوێ سیناریۆی شاکارێکی کەلەپوری بنووسێ هیچ شتێ نابێتە بەربەست لەبەر دەمیا، بۆ گەڕانەوە بۆ ئەفسانە کۆنەکانی میللەتان جا چی یۆنانی یاخود کوردی یان فارسی بێ. و هیچ کاتێکیش ناکەوێتە بەردەم لێشاوی پرسیارەکانی ئەم و ئەو تەنانەت لە خودی خۆشی بپرسی ئایا من مرۆڤێکی هاوچەرخم یان کۆنە پەرستم؟ لە لای ئێمە ئاشکرایە هیچ بەربەستێك لەبەردەم گەڕانەوەی شانۆکارێك دانییە بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە نێو ئەو دەق و ئەفسانە کۆنانەی کە ترۆپکی بەرهەمی شارستانیەکانن وەکو ئەفسانەکانی (کوردی و یۆنانی و فارسی) بۆ ئەوەی لە شانۆیەکی گۆرانی ئامێزدا دەکاریان ببا. هەروەها چۆن ڕۆماننوسێك ڕۆمانی شەوانی هەزارو یەك شەوەی (نەجیب مەحفوز)، هاری پۆتەر، شانۆنامەی (فیل شای زەمان)ی سەعدوڵا وەنووس هەروەها سیناریۆی نوێش کاتێ دەست دەکا بە دانانی سیناریۆی مەم و زین یان خەج و سیامەند بەبێ ئەوەی هیچ هەستێکی نامۆ و دڵە ڕاوکێیانە دایبگرێ لەپڕ هەندێ پرسیار لە بەردەمیا قیت دەبنەوە. وەك ئایا من هونەرمەندێکی هاوچەرخم یان نا؟ یاخود من مرۆیەکی کۆنەپەرستم یاخود پێشکەوتنخواز؟ نامانەوێ زیاتر درێژە بە باسەکە بدەین بەڵکو تەنها پێ لەسەر ئەوە دادەگرین، کە پێویستە مەقامەکان لەناوەڕۆکەوە بخوێندرێن و شیبکرێنەوە هەروەها هەمیشە لە زیندووکردنەوە دابن، چونکە ئەم هونەرە ئەزمونێکی گران بەهای میللەتانی پارێزەری کەلتور و کەلەپوری بەرزن. لێرەدا ئەو ڕەوشە سنوری ئەوە دەبەزێنێ کە ئەم مەقامانە تەنها لە چەند دەنگێك کە بەدوای یەکەوە هاتوون دەژەندرێن و ناونراون مەقام.

هەر چەندە ئەلخەمیسی لە کۆنگرەی یەکەمی موزیکی عەرەبی کە لە

سالی/١٩٣٢ دا بەستراوە ئاریشەی زاراوەکانی مەقامی بە پلە یەك داناوە، بەلاّم نەیتووانیوە ئەوە بسەلّمێنی، کە کۆنگرە ئەوەی بە پەسند زانیووە پرۆسەی ڕوپێوێکی گشتی ئەو کەلەپورە هونەرییە بکرێ (وەکو خۆی بێ کە هەبووە) دواتر بکرێ بەچەندین دەروازەی هونەری و پۆلێن بکرێ بۆ ئەوەی لەهەردوو بواری لەبیرچوون و فەوتاندن و بزربوون بپارێزرێن.

ئەم نموونانەی خوارەوە لەو لێکۆلێنەوەی لە گۆڤاری (عالم الفكر)ی کوێتی بلاّوکراوەتەوە ئاماژە بەوە دەکات کە ئەلخەمیسی نەیتوانیووە خاسیەتی ئەو جیاوازییە گەورەیە لەنێو مەقام کە وەکو یەکەیەکی پەیژەیی و مەقام وەکو هەگبەیەك کە تیایدا تێکڕای ئەزموونی موزیکی ڕەنگدانەوەی تیاهەبێ دیاری بکا لە بڕگەی (١٢)ی لێکۆلینەوەکەی دا دەلێ:-

١٢) مەقامی (ڕەهاوی) لادەبرێ چونکە لەکاتی سەر چووندا ئەم مەقامە (مەقامی ڕاست)ە بەلاّم لە حالّەتی خوارچووندا واتە گەڕانەوەدا بەهەمان ئەو دەنگانە نایەتەوە کەتیایا سەرکەوتووە و لەوێدا واتە لەخوارچووندا مەقامەکە دەبێ بە مەقامی ( سۆزدل) ئەو قسانە قسەی ئەلخومیسین و لێرەدا ئاماژە بەو حالّەتە دوو ڕووییە دەکاو دەلّێ: هەر مەقامێك لە ناوەڕۆکیدا هەلّگری مەقامێکی ترە ئەم مەقامە لەژێر زنجیرەی (٢٦) لەبڕیارەکانی کۆنگرەی ناوبراو لادەبرێ.

١٤) مەقامی (موحەییەر) لە لیستەکەیدا دەکەوێتە ژێر باری دوو ڕوویی و ڕەتکردنەوە، چونکە بەقسەی ناوبراو ئەو مەقامە تەنها دووبارەی دوو مەقامە کە نییە، پێشتر بوونیان هەبووە. ئەلخەمیسی دەلّێ: وا دیارە موزیسەنانی کۆن لەکاتی بەکارهێنانی دوو مەقام لەجۆری دیاری کراودا ئازاریان چێشتووە، بۆیە وایان کردووە کە هەمیشە بەیەکەوە هاوشانی یەکتربن لەنێو گۆرانییەکدا ئەم مەقامەش لەژێر زنجیرەی (٤٤) لەبڕیارەکانی کۆنگرەکەدا بوونی نامێنێ.

١٦) مەقامی (گولعزار) ئەمەشیان دەکەوێتە ژێر باری دوو ڕوویی ڕەت کردنەوە لەنێو لیستی مەقامەکان، بەهەمان ئەو هۆیانەی کە باسمان کرد. کۆنگرە باس لەو بابەتە دەکا وەك چەند هەلّبژاردەیەك نەوەکو سیستەمێکی دیاری کراو دەلّێ: یان مەقامی (بەیات) یان شوری یاخود مەقامی حوسێنیە. واتە کۆنگرە لێرەدا ئەم مەقامانە وەکو سیستەمێکی ماتماتیکی چەسپاو

سەیر دەکا کە دواتر هونەرمەند بۆی هەیە ئەو ڕێگا هونەرییانە بگرێتەبەر کە دەکرێ گۆڕانکاری یاخود گۆڕین لە مەقامەکەدا بکا.

لێرەدا دووبارە لە دکتۆر ئەلخەمیسی دەپرسین: ئایا هیچ بەر بەستێك لەبەردەم هونەرمەندی موزیککار داهەیە کە پەنا بۆ ئەو ئایدیا موزیکیانەو ڕێگاکانی دان و پێکهاتەی هونەری تایبەت بەخۆیەوە ببا؟ ئایا سیستەمە هونەرییەکانی کتێبی بە (ئەدوار)ی سەفیەدینی ئەرمەوی هیچ کاتێ ڕێگری کردووە لەبەردەم ئەو هونەرمەندانەی کە لەوچاخەدا داهێنانیان کردووە.

لەنێو ئەو گومانە زۆرانەی ئەلخەمیسی سەبارەت بە کۆکردنەوەو هەوڵی لێکۆڵەران هەیبوو گومان لەو هەوڵەی محمد سەلاحەددین دەکا کە ناوبراو لەکۆکردنەوەی مەقامەکان لەکتێبی (مفتاح الالحان) کە لەساڵی/١٩٥٠ لە قاهیرە چاپ کراوە. بۆ ئەم کتێبە (وەکو زۆربەی کتێبەکان)یتر ناوی (مەقامە عەرەبیەکان)ی هەڵگرتووە دەکرێ ئەم ناوە لەسەر هەر بابەتێکی کۆکراوە دابنێین؟ ئایا بە ئەنقەست زانیارییەکانی شاراوەن بۆئەوەی بتوانێ ئەو فێرخوازە لەخشتەبەرێ کە بەدوای سەرچاوەی مەقامەکان دەگەڕێن. ئەلخەمیسی بەردەوام دەبێ و دەڵێ: گشت ئەو سەرچاوانە لەلای عەرەبەکانەوە لەو بوارە بوونی هەبووە ئەم گشتاندنە هەڵەڵەتکارانەی بەخۆوە بینیوە!؟

کاتێ ئەم بۆچوون و لێکۆڵینەوەی ئەلخەمیسی هەڵگێڕ و وەرگێڕ دەکەین وشەکانی لەجۆری دوو فاقی و ڕەتکردنەوەو لابردن و کەوتن تەڵەکبازی و درۆزنی و کۆمەڵی دەستەواژەی ترو دواتر هاتووە وتەو شاکارەکانی موزیسانی خوالێخۆش بوو منیر بەشیر بەنەگێتیڤانە تاوتوێ دەکا هەروەها ئەو هەڵوێستەی کە بەرامبەر ئالوگۆڕکردن و لەیەکتر وەرگرتنی مۆسیقای گەلان دوای هاتن و بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام، کە بووە هۆی ئەوەی کۆمەڵی زاراوەی موزیك و مەقامەکانی تورکی و ناوی ئەلبانی و شەرکەسی و کوردی و بەلقانی بخاتە نێو موزیکی عەرەبی. کاتێك کە ئەم بیروڕایانەیان تاوتوێ دەکەین وا هەست دەکەین، کە ئێمە لەبەر دەم بەیاننامەی یەکێ لە حزبەکانین نەوەك لێکۆڵەرێکی ئەکادیمی کە دەیەوێ لەنێو بابەتێکی گرنگدا شتێکی گران بەها بە ڕوحیەتێکی زانستی و بابەتیانە بسەلمێنێ.

## ( كۆمەڵێك چەمكی هونەری )

**( نازمەند )ی مەقام:**

(نازمەند)ی مەقام لەلایەن لێکۆڵەرانیەوە بە پلەی پێنجەمی مەقامەکەیەو هەندێ جار پلەی چوارەمی مەقامەکەشە، هەمان ناو بەخۆیەوە هەڵدەگرێ، بۆیە ئەم ناوەشی لێنراوە چونکە بەشێوەیەکی بەربلاو لەژەنیینی سۆلۆی ئامێرەکان(تەقاسیم) کەپێش دەست پێکردنی مەقام (سەر هەوا) دەژەنرێ. من پێم وایە وەك پێداویستیەکی زانستی، کە بابەتی نازمەندی مەقام بگوازرێتەوە بۆ بابەتی شیکردنەوەی موزیکی یاخود بۆ وانەی (ئیرتجالی مەقامی) لەنێو هەردووبابەتەکانی ئامێری و گۆرانی چڕیندا، تا ئەو شوێنەی کە بابەتەکە پەیوەستە بە تیۆری پێکهاتەی مەقامدا، چونکە ژەنیاری کارامە دەتوانێ لەسەر کام پلەی دەنگدا بیەوێ دیاری بخا. ئەوە دەتوانێ ئەم پلە دەنگیەمان بۆ دیاری بکا، کەواتە ئەمەیان پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بەهزری موزیکی و تێڕوانینی خودی موزیکەکە هەیە کە چۆن مامەڵە لەگەڵ مەقام دەکا نەوەك تیۆرەکانی هەمان مەقام بەتەنها.

**پەنامەندی مەقام:**

کۆمەڵێکی زنجیرەیی یەك بەدوای یەکی پلەکانی مەقامە لەکۆتایی مەقامدا بەمەبەستی دیارخستنی کەسایەتیەکی پتری مەقام (بۆ دیار خستنی پلەی جێگیربوون) وەکو چۆن لەمیوزیکی گەلانی تردا بەستۆکەکان وئارپێجەکانی پەیژەکان بەکارهاتووە (لەگەڵ جیاوازی کاری هارمۆنی کە لە ڕاهێنان و پەیژەکانی میتۆدی ئامێرەکانی ئەوروپیدا پەیرەو دەکرێ) دەکرێ پەنامەندی مەقام بەشێوەیەکی یەکجاری بگوازرێتەوە نێوگۆڕەپانی خوێندنی ئامێری موزیك و شیکردنەوەی موزیکی بابەتی گۆرانی.

*   *   *

## دەكرێ ئاكامەكان لەو خاڵانەی خوارەوە كورت بكرێتەوە:

* پێداویستی دانانی سنورێكی یەكلاكەرەوە لەنێو چەمكەكانی شیكردنەوەی مەقامەكان و شیكردنەوەی موزیكی خوێندنی مەقامەكان وەكو پەیژەیەكی موزیكی. ئەمەش بۆ ئەوەی هەمیشە خۆمان لەو ئاڵۆزییە لابدەین كە فێرخواز و تەنانەت مامۆستاش لەكاتی پرۆسەی خوێندندا تێیدەكەوێ چونكە زانیاریەكان بەلایەنی كەم دووبارە بوونەوە بەخۆیانەوە دەبینن لەنێو سێ بابەتدا تیۆرەكانی شیكردنەوەی موزیك و بۆتەكانی موزیك.
* زۆری و بۆری میتۆدەكانی شیكردنەوە (تەنانەت ئەگەر بۆ یەك لێكۆڵەریش بێ وەكو بینیمان) دەبێتەهۆی مامەڵەیەكی كاتی لەگەڵ ڕەگەز و گرێ و میانە یەكلاكەرەوەكان و زیادكراوەكان و جۆرەكانی كۆگەلی. ئەم مامەڵەكردنە بەم شێوەیە نامان گەیەنێتە نێو ئاكامێكی زانست بەخشی باوەڕپێكراو.
* ئەو زاراوانەی ئێستا لەبەر دەستماندان و لەسەریان كۆكین (كە لەڕاستیدا بۆماوەیی بە شێوەی زۆری و كەڵەكراودا)هەن. چونكە هیچ شتێ لە ماناكانیان بەتەواوەتی ئامانجەكانیان نا پێكن و زاراوەكە ناتوانێ كاری هونەری خۆی بكا. بۆیە ئەم كارە دەبێتەهۆی پەنابردن بۆ سەدان زاراوەی ترو ئەگەر بمانەوێ زیاتر ئەم خاڵە بپێكین ئەوا سەیری هەر خشتەیەك لە خشتەكانی مەقامەكان بكەین ئەم دیاردەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە.

## ئایا بە ڕاستی ئەم ناوانەیان هەیە؟

ئەم پێشنیارانەی خوارەوە ئاسانكاریەكی ڕادەبەدەر لەپرۆسەی جێگیربوون و بەردەوام بوون لەسەر میتۆدی كەلەپوری هونەرمەندە پێشەنگەكانمان، بۆ ئەوەی ئاریشەكانی پەیوەندی نێوان میتۆدی زاراوەكان لەپرۆسەی خوێندا شیبكرێتەوە.

١. پابەند بوونمان بە (١١) مەقام بەتەنها لەپرۆسەی خوێندنی مەقامەكان (وەكو پەیژەكان)وئەم (١١) مەقامە بۆ دوو كۆمەڵە پۆلین بكرێت.

کۆمەڵەی یەکەمیان ئەو مەقامانە بگرێتە خۆ کە لەنێوان دەنگەکانیاندا واباوە کە چارەگە دەنگ هەیەو بریتییە لە مەقامی:

**(راست ـ بەیات ـ سەبا ـ سێگا ـ هوزام ـ عراق).**

کۆمەڵەی دووەمیان ئەو مەقامانەن کە چارەگی دەنگیان تێدا نییەو بریتین لەمەقامی:

**(عەجەم ـ نەهاوند ـ کورد ـ حیجاز ـ نەوا ئەسەر).**


٢. هەموو مەقامەکانی تر لەبواری پەیژەدا بە مەقامەکانی پێکهاتوو سەیر بکرێن، چونکە فێرخواز بە یارمەتی مامۆستاوە دەتوانێ لەبواری پێکوەنانی لکاو لەیەکتر جیاکەرەوەو ئاوێتەکراوی ڕەگەز و گرێیەکان ئەم مەقامە دروست بکا ( پێویست ناکا لێرەدا ئەو ناوە کەلەپوریانەی مەقامەکان ئەزبەر بکا) بەچاو پۆشین بەپێوانەی نێوان میانەی ڕەگەزەکانیش بەڵکو لێرەدا لەسەر فێرخواز پێویستە ئەم گرووپانە بگەێنێتە نێو ئەو مەقامانەی لەسەرەوە باسمان لێوەکرد بە پشت بەستن بە ڕەگەزی خوارەوەی مەقامەکان (نووسین و بیستن)وەکو لە پاشکۆی ژمارە (٦) دیاری کراوە.

٣. والاکردنی دەرگای لێهاتوویی زیرەکی بۆ دروستکردنی چەندین مەقامی (پێکهاتوو). ئەو مەقامە پێکهاتووە نوێیە ناوی خۆی بەپشت بەستن بەناوی ڕەگەزی خواروو و سەرووی مەقامەکە وەردەگرێ، بۆ نموونە: مەقامی سازگار دەبێتە مەقامی (راست نەهاووند) مەقامی ماهور دەبێتە مەقامی (راست عەجەم) تا دوایی... بڕوانە پاشکۆ دیاریکردنی دەنگەواری مەقامیش (پلەی جێگیربوون) بەناوی پلە دەنگیە سەرەکیەکەوە. دەبێ وەکو ئەوەی کە دەڵێن: (راست نەهاوند لەسەر سۆڵ، راست عەجەم لەسەر دۆ) تا دوایی بڕوانە پاشگری ژمارە (٦).


٤. پابەندبوون بەو ڕەگەزانەی لەکاتی پێویستدا لە پرۆسەی خوێندندا (لەگەڵ ڕەگەزە ناسراوەکانی ئەو ڕەگەزانەی کە مامۆستا پێشنیار دەکا

لەکلتوری کۆمەڵی نەتەوەی خاوەن ئەزموون لەبواری مەقامە هاوشانەکاندا. دەبێتەهۆی لێکدانەوەی پێکهاتەی پەیژەی گشت مەقامەکان) بڕوانە نموونەی ژمارە (٢٢) هەروەها بگەڕێوە بۆ پاشکۆی ژمارە (٤).


ڕەگەزی نەخشێنراوی زمزم

١ 


ڕەگەزی شوری

٢ 


ڕەگەزی (نەگریز) هەمایۆن

٣ 


ڕەگەزی مەزموم

٤ 


نمونەی (٢٢)

هەردوو ڕەگەزی یەك و دوو، لەپێشنیاری بەندەتانە. ڕەگەزی زەمزەیی نەخشێنراو ڕەگەزی سەرەوەی مەقامی هوزامە و ڕەگەزی (شوری)یش ڕەگەزی سەرەوەی مەقامی (بەیاتی شوری)یە، ئەمانە لەنێو دانەرە پێشەنگەکانماندا هاتوون، بەڵام ڕەگەزی نەوائەسەر یاخود نەگریس یان (هەمایۆن)یش لێرەدا ئەم ڕەگەزە. مامۆستا سلیم حلو لە کتێبی (موزیکی تیۆری)دا باسی کردووەو مامۆستا (عبدالحمید مشعل)یش پابەندی بووە، ڕەگەزی (مەزموم) لە ڕۆژهەلاتدا دەکار بردراوەو لەنامەی (شەهابی)دا ناوی هاتووە. لەگەڵ ئەمەشدا (مشعەل) دوو ڕەگەزی تریشی بەکارهێناون، کە بریتین: (لە (ئەسەر کورد و سۆزدڵ)، (بڕوانە خشتەی ڕەگەزەکانی مشعەل) ئەم ڕەگەزانە سەبارەت بە لێکدانەوەی بونیاتنانی مەقامەکان بەهایەکی تیۆری گەورەیان هەیە.


٥. پێداویستی گواستنەوەی هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەندیان بە مۆرکی مەقامەکان و شێوازەکانی مامەڵەکردن لەگەڵیادا هەیە لە هەردوو حاڵەتی سەرچوون و خوارچووندا، هەروەها جەختکردن لە مامەڵەکردن لەگەڵ هەر پارچەیەکی دیاری کراو لە مەقامەکان جا چ خولانەوە یان گۆڕانکاری مەقامی بێ، ئەمەشیان چ لەکاتی پرۆسەی ئیرتجالی ژەنین و گۆرانی چڕین دابێ. (هەستان) یاخود دانانی موزیکی پێویستیەکی گرنگە کە پێکرا بگوازرێنەوە بۆ بابەتی شیکردنەوەی موزیکی هەروەها لە خوێندنی بابەتی شیکردنەوەی موزیکیدا پێویستە هەمیشە (پێرست)ێك یاخود خشتەیەك هەبێت کە ناوی گشت ئەو مەقامانەی (بۆ ماوەیی)ین و پێکهاتوون لەگەڵ مانای ئەو ناوانەی کە هەڵیانگرتوون بۆ ئەوەی وەکو بابەتێکی زانستی هەمیشە لەبەر دەست بێ بەمەش دەکرێ هەردوو بابەتی تیۆری مەقامەکان وەك پەیژەکان لەپرۆسەی خوێندا لەگەڵ مەقامەکان لە چەمکی کلاسیکی خۆیەوە یەکلا بکرێتەوە، بەشێوەیەك کە مەقامەکان دەتوانن شوێن و پێگەی خۆیان لەنێو بابەتی شیکردنەوەی موزیك وەك گەنجینەیەك لە ئەزموونی موزیکی هونەرمەندە پێشەنگەکانماندا بکەنەوە .

# پاشکۆکان

**پاشکۆی ژمارە ( ١ )**


**پرۆسەی دەرهێنانی ناو و ڕەگەزی شوری لە مەقامی بەیاتی شوری وەکو لەخوارەوە بە ئە نجام گەیەندراوە .**

**مەقامی بەیات شوری**




**لێرەدا ناو و ڕەگەزی زەمزەمەی نەخشێنراو لە میتۆدی ڕەچاوکراو لەناونانی ڕەگەزدا دەرهێنراوە (عەجەمی نەخشێنراو) وەکو ئەوەی ئەم (نەخشێنراو)ە ئامـاژە بـە زیـاد کردنـی میانەیـەکی چـارەگە دەنگـی دەکـا کـە لـە سـەرووی ڕەگەزەکە.(وەکو لە نمونەی ١٩هاتە بەرچاومان)**

مەقامی عەجەمی نەخشێنراو




نموونەی ( ١٩ )

## پاشکۆی ژمارە ( ٢ )


## میانەکان لە موزیکی کوردی ڕۆژهەلاتی

تێبینی/ ژمارەکان ئاماژە بەو چارەگە دەنگە لەیەکتر جیاکەرانە دەکەن کە کەوتونەتە نێوان دوو پلە دەنگی موزیکییەوە.




## پاشكوى ژمارە ( ٣ )
## پێوانەی ڕەگەزەكان


### رەگەزی راست





### رەگەزی سیێگا





### رەگەزی نەوا لەسەر





### رەگەزی شوری




### رەگەزی هوزام





### رەگەزی سەبا




## پاشکۆی ژمارە( ٤)
## جۆری رەگەزەکان

**یەکەم: ئەو رەگەزانەی کە چارەگە دەنگیان تێدانیە   بریتین لە:-**

**رەگەزی عەجەم**





**رەگەزی نەهاوەند**





**رەگەزی کورد**





**رەگەزی حیجاز**




**رەگەزی نوئەسر**





**رەگەزی شوری**



## پاشکۆی ژمارە (٥)

**دووەم : ئەو رەگەزانەی کە چارەگە دەنگیان تیایە برتین :**


**رەگەزی راست**




**رەگەزی بەیات**





**رەگەزی سەبا**




**رەگەزی سێگا**




**رەگەزی هوزام**





**رەگەزی عێراق**




سێیەم: رەگەزەکانی تری ناوەخۆی وڵاتانی (باکوری ئەفریقیا،تورکیا ئێران، عێراق)
وەهەروەها دەتوانرێت ئەم وانانە بەکاربهێنرێت بۆ وانەی (تەقاسیم) بۆ ئامێرەکانی
عود و قانون و نای

ئەسەر کورد — زمزمە هەروەهاسەبای کوردیشی پێدەگوترێت




سۆزدلار — زمزەمەی نەخشێنراو



موستەعار — مەزموم




عەجەمی نەخشێنراو — سەبا بۆسەلیک




هەندێ جار وا پێویست دەكات لەكاتی پێكهاتەو شیكردنەوەی مەقامدا هەندێ لە رەگەزەكان بگۆڕین بۆ گرێیەكان ئەمەش بە زیادكردنی دوانی پلە دەنگی پێنجەمی مەقامەكە دەبێ (زۆرینەی جار لەگەزە كەمكراوەكان بەشێوەیەك گرێیەكان دەبنە گرێی پێنجی تەبا لە شێوەگەلی نەوا ئەسەر)

گرێی نەوا ئەسەر




١ -

گرێی سەبا




٢ -

گرێی سێگاه





٣ -

بونیاتنانی مەقامەکان پێویستە ڕەگەزەکان بەکاربهێنین بە شێوەیەك کە لەگەڵ یەکتریدا کۆبکرێتەوە بەم کارەش دەگوترێ

کۆگەلی موزیکی







**کۆگەلی موزیکی**

کۆگەلی موزیکی بە سێ ڕێگای جیاواز ئەنجام دەدرێ








دەکرێت بونیانتنانی مەقامەکان بە کۆمەڵی ڕێگای کۆگەلی جیاجیا بۆ ڕەگەز و گرێیەکان  وەکو لە گرێی یەکان شیمان کردەوە لێرەدا پەیژەی مەقامەکان کەلە گروپی (ڕاست) ن و لەسەر پلەدەنگی (دۆ) ن لەگەل ناوی هەریەکێلە مەقامەکان بە شێوەیەك هەرناوێك ئاماژە بە پێکهاتەی ناوەڕۆکی مەقامەکە دەکات و بۆ هەر مەقامێکیش ناوەکە لە پورییەکی دانراوە

## گروپی مەقامی ڕاست

| ناوی مەقامی کۆن | ڕەگەزی سەرچوو | ڕەگەزی خوارچوو | ناوی مەقامی نوێ ئاماژە بۆ پێکهاتەکەی |
|---|---|---|---|
| مەقامی ڕاست | ڕەگەزی ڕاست | ڕەگەزی ڕاست  | مەقامی ڕاست |
| مەقامی سۆزناك | ڕەگەزی حیجاز | ڕەگەزی ڕاست  | مەقامی ڕاست حیجاز |
| مەقامیسۆزدلار | ڕەگەزی نەهاوەند | ڕەگەزی ڕاست  | مەقامی ڕاست نەهاوەند |
| مەقامی ماهور | ڕەگەزی عەجەم | ڕەگەزی ڕاست  | مەقامی ڕاست عەجەم |
| مەقامی ئەسفەهان | ڕەگەزی کورد | ڕەگەزی ڕاست  | مەقامی ڕاست کورد |
| مەقامی نیشابۆرگ | ڕەگەزی بەیات | ڕەگەزی ڕاست  | مەقامی ڕاست بەیات |

# گروپی مەقامی نەهاوەند







| ناوی مەقامی کۆن | رەگەزی سەرەوە | رەگەزی خوارەوە | ناوی مەقامی نوێ ئاماژە بۆ پێکهاتەکەی |
|---|---|---|---|
| مەقامی نەهاوەند | رەگەزی حیجاز  | رەگەزی نەهاوەند | مەقامی نەهاوەند حیجاز |
| مەقامی نەهاوەندی کوردی | رەگەزی کورد  | رەگەزی نەهاوەند | مەقامی نەهاوەند کورد |
| مەقامی نەهاوەندی گەورە | رەگەزی نەهاوەند  | رەگەزی نەهاوەند | مەقامی جووت نەهاوەند |
| مەقامی نەهاوەندی نەخشێنراو | رەگەزی شوری  | رەگەزی نەهاوەند | مەقامی نەهاوەند شوری |
| مەقامی عوشاقی میسری | رەگەزی بەیات  | رەگەزی نەهاوەند | مەقامی نەهاوەند بەیاتی |
| مەقامی شەوقی ئور | رەگەزی عەجەم  | رەگەزی نەهاوەند | مەقامی نەهاوەند عەجەم |

## گروپی مەقامی سیگاه

لـــەنێوان هـــەموو گروپـــی مەقامەکانـــدا مـــەقامی ســـێگا پێویـــستی بـــە گرینگیدانێکی تایبەت و بەدەر لە هەموو مەقامەکانی تردا هەیە چونکە ڕەگەز و گرێیـەکانی سـەرەوەی ئـەم گروپـە لـە دەسـتپێکدا لەسـەر پلـەی سێیەمی ڕەگەزەکە بونیات دەنرێت بەم شێوەیە توانستی شیکردنەوەو گۆڕینی مەقام لـە هـەردوو وانـەی شـیکردنەوەی مـوزیکی و وانـەی ژەنـینی ئامێرەکـان (تەقاسیم) زۆرتر دەبێ و دەکرێ ئەم ڕەگەزانە لەسەر پلەی سێەمی گروپەکەدا بونیات بنرێن، ڕەگەزی حیجاز ـ بەیات ـ نەهاوند ـ عەجەم ـ سەبا و ئەوانی تریش لە ڕەگەز و گرێیەکانی دواتر دەتوانین ئۆکتاڤەکە بە میانەیەك یاخود دوو میانەی تەواوکەر تەواو بکەین بەپێی پێویستیمان وەکو کە لە خوارەوە ڕوونکراوەتەوە .

## گروپی مه‌قامی سیگاه

### ناوی مه‌قامی نوی

| ناوی مه‌قامی کۆن | دوومیانه‌ی ته‌واوکه‌ر / ئاماژه بۆ پێکهاته‌که‌ی | ناوی مه‌قامی نوی |
|---|---|---|
| سيكاه ( سيكاه تركي ) |  | سيكاه راست |
| سيكاه هزام |  | سيكاه حجاز |
| لامي |  | سيكاه نهاوند |
| عراق<br>موقعه الأصلي يبنى على النغمة سي |  | سيكاه بياتي |
| بسته نكار ( بستنيكار ) |  | سيكاه صبا |
| |  | سيكاه ( ؟ ) |